

گەمژە
گوڵبژێرێک لە چیرۆکەکانی ئەنتۆنی چیخۆف
وەرگێڕانی: جەلیل عەباسی

# گەمژە

## گوڵبژێرێك لە چیرۆکەکانی (ئەنتۆنی چیخۆف)

# گـــــــــــەمـــژە

## گوڵبژێرێك لە چیرۆكەكانی ئەنتۆنی چیخۆف

## جەلیل عەباسی

- گەمژە

(گوڵبژێرێك لە چیرۆکەکانی ئانتۆنی چیخۆف)

- هەڵبژاردن و وەرگێڕانی: جەلیل عەباسی
- پیتچنین: ئەدهەم عەباسی
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران رواندزی
- بەرگ: جێگر عەبدولجەبار
- نرخ: ۲۰۰۰ دینار
- چاپی یەکەم: ۲۰۱۱
- تیراژ: ۱۰۰۰ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان/هەولێر
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (۷۲)ی پێدراوە

زەنجیرەی کتێب (٦٣٥)

## پێشەکییەکی تیرۆژ ئاسا:...

ئانتۆنی پاولۆڤیچ چیخۆف، پزیشك و چیرۆك نووس و شانۆنامەنووسی ناوداری روسی، ساڵی (١٨٦٠) له شارێکی باشووری رووسیا (تاگانرۆگ)دا له دایك بوو.. ساڵی (١٨٧٩) رۆیشته کۆلیژی پزیشکی و هەر لەو سەردەمەشدا دەستی به نووسین کرد و ساڵی (١٨٨٠) خەڵاتی ئەدەبیی (پوشکین)ی پێ بەخشرا.

دەکرێ چیخۆف به پڕ کار و پڕ بەرهەمترین نووسەرانی سەردەمی خۆی بزانین، چوونکه لەپاڵ کاره سەرەکییەکەیدا که پزیشکی بوو و هەمیشه لەو رێگەیەوه بەهانای فەقیر و هەژارەکانەوه دەچوو و دەرمان و چارەسەری نەخۆشەکانی دەکرد، بەو تەمەنه کورتەی خۆی، دەیان شانۆنامه و نزیکەی شەشسەد چیرۆك و سەدان وتار و بابەت و هەزاران نامه و یادداشتی نووسین و کتێبخانەی رووسیای بەتایبەتی و جیهانی ئەدەبیشی به گشتی دەوڵەمەندتر کرد. به داخەوه زۆر (کەم) ژیا، گەرچی به ڕای منی خوێنەری هەمیشەیی بەرهەمەکانی (کەڵ) ژیا، گەر تەمەن مەودای بدابا، دڵنیام هەزار

چەندانیتر باخچەی ئەدەبی مرۆڤایەتیی بە گوڵی بۆنخۆشی چیرۆکە تەوس ئامێزەکانی خۆی دەڕازاندەوە.

ساڵی (١٩٠٤)، پاش (٤٤) ساڵ تەمەن و (١٤) ساڵ نووسین، کورتیی تەمەن و حەسرەتی ستەمکاریی ستەمکاران و بێ پەنایی ستەمکێشان، لە غوربەت و تەنیاییدا کۆتایی بە نووسین و هەرواش بە ژیانی هێنا.

ئاماژەمان بە حەسرەتەکانی چیخۆف کرد.. وەك دەزانین، چیخۆف لە ساڵی (١٨٩٠)دا لە ڕێگەی (سیبریا)وە سەفەرێکی دوورگەی (ساخارین)ی کرد بۆ تۆژینەوە لەسەر بارودۆخی نالەبار و دڵتەزێنی حوکم دراو و دوور خراوەکانی دەست رژێمی دڕندەی (تزار) کە بەرهەمەکەی دوو کتێبی بەنرخ بوون بە ناوەکانی: (لە ساخاریندا) و (لە سیبریادا) کە تیایاندا باسی چەرمەسەری و دەرد و رەنجی ئەو مرۆڤانەی کردووە وا کەوتبوونە بەر رەحمەتی رقی کوێرانە و تۆڵەسەندنەوەی دڕندانەی ئەو رژێمە گەندەڵ و خوێنڕێژەی ئەو کاتی وڵاتەکەیەوە. چیخۆف لەم سەفەرەدا تووشی دڵتەنگی و خەمۆکی و پەژارەیەکی پڕ قین و بێزاری هات کە بووە هۆی نەخۆش خستن و سەرەنجام کوشتنی.. خۆی، لە نامەیەکیدا بۆ برادەرێکی، ئاوا باسی نەخۆشینەکەی دەکات: "... تووشی کۆخەیەکی زۆر توند هاتووم، لێدانی دڵم وەك جاران ئاسایی نییە، تووشی ئینتیلایەکی کوشندە بوومە و سەرم، بەردەوام ژان

دەكات..." هەموو ئەمانەش خەلاّتی جەور و ستەمی رژێمی تزاری بوون كە لەو سەفەرەیدا تووشی بوو و ئیتر نەیتوانی خۆی لە ئاستیدا رابگرێت و سەرەنجام ساڵی (١٩٠٤) لە خەستەخانەیەكی شاری (بادن وایلەر)ی وڵاتی ئەڵمانیادا ماڵاوایی لە ژیان و سەرجەم خەم و پەژارەكانی كرد. چیخۆف، هیچ پێویستییەكی بە ناساندن نییە چوونكە نەك تەنیا بۆ وڵاتەكەی خۆی، بەڵكوو بۆ هەموو جیهان وەكوو نووسەرێكی پڕ بەرهەم و بە بڕشت ناسراوە، بەڵام پێم باشە هەر لە زمانی خۆیەوە و بروسكە ئاسا لەگەڵیدا ئاشنا ببین.

چیخۆف نامەیەك بۆ برادەرێكی سەردەمی زانكۆی خۆی، (دكتۆر رۆسۆلیمۆ) دەنووسێت و تیایدا بە كورتی باسی ژیانی خۆی دەكات: "... رۆژی (١٧)ی ژانیوەری ساڵی (١٨٦٠) لە تاگانرۆگ لە دایكبووم، سەرەتا رۆیشتمە قوتابخانەی یونانیی سەربە كلێسەی ئیمپراتۆر (كونستانتین).. ساڵی (١٨٧٩) بوومە قوتابیی كۆلێژی پزیشكیی زانكۆی مۆسكۆ، لەو سەردەمەدا وێنایەكی لێڵ و ناڕۆشنم لەمەڕ كۆلێژەكان هەبوو، ئەمڕۆیش، هەرچەندی دەكۆشم ناتوانم لەوە تێبگەم بۆچی كۆلێژی پزیشكیم هەڵبژاردبوو. ئەڵبەت دەبێ بڵێم، دواتر، هیچكات لەم هەڵبژاردنەم پەشیمان نەبوومەوە. هەر لە یەكەم ساڵی خوێندنم لە زانكۆ، دەستم كردە نووسین بۆ گۆڤار و رۆژنامەكان، بەجۆرێك، هاوكات لەگەڵ دەرچوونم لە زانكۆ، ببوومە

نووسەرێکی پیشەیی. ساڵی (١٨٨٠) خەڵاتی ئەدەبیی (پوشکین)م پێ بەخشرا و ساڵی دواتریش سەفەرێکی دوورگەی (ساخالین)م کرد تاوەکوو بتوانم کتێبێك لەسەر دوورخراوە و حوکمدراوەکانی رژێمی ئیمپراتۆریی روسیا بنووسم. لە تەمەنی ئەدەبیی بیست ساڵەمدا، جگە لەو وتار و بابەت و یادداشتانەی کە دەکرێ بڵێم هەموو رۆژێك لە گۆڤار و رۆژنامەکانی وڵاتدا بڵاو دەکرانەوە (و ئێستاش کۆکردنەوە و رێکوپێك کردنیان کارێکە، بۆ کەس ناکرێت)، سەدان چیرۆکی کورت و درێژم لە چاپ داون و چەندین شانۆنامەشم نووسیون. گومانم لەوەدا نییە کە خوێندنم لە کۆلێژی پزیشکیدا، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر چێژ و هەرواش کاری ئەدەبیم هەبوو، زانستی پزیشکی، بڕستی ڕوانگەمی زۆرتر کردووە و زانیاریمی لەمەڕ جیهان و جیهانیان زیاتر و دەوڵەمەندتر کردووە، هیچکەس بێجگە لە پزیشکێك ناتوانێ پەی بە بایەخی راستەقینەی پزیشکی و کاریگەرییەکانی بەسەر نووسینەکامدا بەرێت. کاریگەریی راستەوخۆی زانست، لەسەرقەڵەم و نووسینەکانم، وای کردووە لە گەڵێ هەڵە و بەلاڕێدا چوون بپارێزرێم، ئاشنایەتیم لەگەڵ زانستە سروشتییەکان و بەگشتیش لەگەڵ شێوازە زانستییەکاندا، منی بەرەو رێبازی لۆژیك رێنمایی کردووە و منیش تا پێم کرابێت و لە هەر حاڵێکدا، هەوڵم داوە بنەما زانستییەکان لە بەرهەمەکانی خۆمدا رەچاو بکەم، زۆرجار وا رێکدەکەوت نەتوانم و بۆم نەکرێت

پەیڕەوی لەو بنەما زانستیانە بکەم، لە ئاوەها حاڵێکدا دەستم لە چیرۆکەکەم هەڵدەگرت و لە نوسینی پەشیمان دەبوومەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم بڵێم: داهێنانی هونەری لە زۆر حاڵەتدا لەگەڵ بنەما زانستییەکاندا پێك نایەتەوە، بۆ نموونە ناتوانی مەرگی مرۆڤێك کە خۆی کوشتۆتەوە، هەر بەوجۆرە واقیعیانەیەی روویداوە پیشان بدەیت، بەڵام دەکرێ ئەم رووداوە بە پشتبەستن بە بنەما زانستییەکان تا ڕادەیەك لە سروشت نزیك بخرێتەوە، بەجۆرێك، خوێنەر یا بینەر، سەرەڕای ئاگابوونی لە لایەنە دەسکردییەکەی، تێبگات لەگەڵ نووسەرێکی وشیار و شارەزا و لێهاتوودا رووبەڕوو بۆتەوە. من لە ریزی ئەو چیرۆکنووسە فەنتازیانەدا نیم کە کاتێ رووبەڕووی بنەما زانستییەکان دەبنەوە، رێگایەکی نەرێنی دەگرنە پێش و راستییە زانستییەکان بە تەواوەتی وە لاوە دەنێن و پشتیان تێدەکەن..."

چیخۆف لە سەردەمێکدا دەژیا، کە بورژوازیی کورت بین حوکمی دەکرد و وڵات لە ژێر ستەم و پێشێلکاریی گرووپێکی بچووکی لووتبەرز و بێبایەخدا دژی زۆربەی کۆمەڵگە دەچەوسێنرایەوە، بەڵام ئەو، نەك هەر نەبووە بەشێك لە چەوسێنەران یانخود لە چەوساوەکان، بەڵکوو بە هەموو توانا و بیر و بڕوای ئینسانیشیەوە بە گژی ئەو دۆخە نالەبارەدا چووەوە و ئیدی توانیی وەکوو نووسەرێکی رەسەن ناوبانگ دەربکات و لە بەرانبەر پەستی و

کەژی و چەوتییەکاندا بیرتیژییەکی راستەقینە و روانگەیەکی مرۆڤانە بخاتە ناو نووسینەکانیەوە و لە کورتە چیرۆکەکانیدا، چاوچنۆکیی بورژوا و مرۆڤە بچووك و بێ ئیرادەکان و هەرواش چەرب زمانی و ماستاوچێتیی نەزانانەی فەرمانبەر و کەمدەسەلاتەکان و جەهل و نەزانیی دەمارەبەرزە فیز فرۆشەکانی ولاتیش بداتە بەر خەنجەری رەخنە و گالتە و سووکایەتیپێکردن و رسوایان بکات کە ئەمەش کارێك نەبوو هەموو کەس پێی بوێرێت و تەنیا (مەردی مەیدان)ێکی دەویست وەکوو چیخۆف، مەردی مەیدانێك، نە ترسی دەسەلاتی ملهوڕ دەیترسێنێت و نەش باق و بریقی دنیای ناتەندروستی بورژوازیی گەندەڵ و گەمژانە لە خشتەی دەبات، بەڵکوو بە بڕوایەکی پتەوی مرۆیی و بە روانگەیەکی رۆشن و کراوەوە، وەکچۆن بەشی نەخۆشکەوتووی جەستەی مرۆڤێك دەداتە بە نەشتەری چارەسەر، ئاواش جەستەو رۆحی نەخۆشی کۆمەڵگەکەی دەخاتە ژێر نەشتەرگەری و هەوڵ دەدات بەشە نەخۆشەکانی لەناو بەرێت و تیماری بکات و تەندروستی و ژیانی کامەرانی بۆ بگێڕێتەوە.

ئەم نووسەرە هونەرمەندە پزیشکە، هەولی زۆری دا دەرد و رەنج و کەسەری ولاتەکەی چارەسەر بکات، بەلام نەیتوانی زاڵ بێت بەسەر دەرد و رەنج و ئازاری رۆح و جەستەی خۆیدا و سەرەنجام خۆی بەدەستەوە دا...

له گەرمەی تەمەنێکی کورت و ژیانێکی پڕ ئازاردا و بێوادە، مەرگ نزیك کەوتبۆوە، زۆر زۆر نزیك. شەو، لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە ژووره گەرم و دەمکردووەکە و کەچی شنەیەکیشی پێ نەدەبەخشی. ئەو ژن و پیاوەی بەسەر سەری نووسەری ناوداری رووسیاوە وەستابوون، بە داخ و حەسرەتەوە هەستیان بە قورسایی ئەم شەوە دەکرد، کەچی چیخۆف، بە چاوی نووقاوەوە و لە جێگە و باڵینی مەرگدا خەونی دەدیت: (لە پاڵ پەنجەرەکەدا وەستابوو و دەیڕوانییە تیشکی هەتاو. ئێستا کە عەینەکەکانی لەچاو نەبوون، چاوەکانی تەژی بوون لە منداڵی، پاکی و ماندوێتی.. ئەو، خەریك بوو یاریی دەکرد.. ئارام ئارام کڵاوەکەیی لە تیشکەکە نزیك دەخستەوە و گورج رایدەکێشایە دواوە، کەچی تیشکەکەکەی بۆ نەدەخرایە داو.. لە دەرکەیان دا و یەکێك هاتە ژوورەوە، چیخۆف دووبارە دەستی پێکردەوە.. جۆبارە رەنگینەکانی تیشك لە مابەینی درەختە تێکچرژاوەکانەوە هەزاران مورووی رەنگاوڕەنگی دەڕژاندە سەر جادە خاکییەکە..

هەردوکیان، شانبەشانی یەکدی پیاسەیان دەکرد.. شاگەشکەیی یەکەم دیدار، بزەیەکی خستۆتە سەر روومەتی رەنگ پەڕیوی چیخۆف.. تۆلیستۆی دەیەوێ لە رووبارەکەدا مەلە بکات.. رووپۆشێکی سپیی لەبەردایە و خاولییەکی بە شانەوەیە.. لە لێواری رووبارەکەدا چەند وشەیەك پێکەوە ئاڵوگۆڕ دەکەن..

پاشان، هەردوکیان جلەکانیان دادەکەنن و دەچنە ناو ئاوەکەوە و ئیدی یەکەمین گفتوگۆی خۆیان کاتێ دەست پێدەکەن، کە تا شانوملیان چۆتە ناو ئاوەکەوە و تەنیا سەریان بە دەرەوە ماوە. ئاوی رووبارەکە، ئارام و هێمن دەخشا و تێدەپەڕی.. چیخۆف پێدەکەنی.. فێنکاییەکی سەیر پەنجەی دەخستە ناو سییەکانیەوە...). چرکەژمێر زۆر بە ئارامی دەڕۆیشت، کاتژمێر (٣)ی بەیانی بوو و (بادن ڤایلەر) کەوتبۆوە ناو لەرزوتای یەك لە ناخۆشترین شەپۆلەکانی گەرما، هەموو پەنجەرەکان کرابوونەوە کەچی هیچ نیشانەیەك لە بچووکترین شنە نەدەبینرا. دکتۆر مەچەکی دەستی چیخۆفی بەردا و گوتی: "تەواو" پاشان سەری کاتژمێرە باخەڵییەکەی نایەوەو خستییە گیرفانی.. ساڵی (١٩٠٤) بوو، یەکێك لە گەرمترین رۆژەکانی ئەو ساڵە و ئیتر مەرگ جارێکیتر، خۆی پێچایە تاریکاییە رەشەکەیەوەو بە گالیسکەکەیەوە دوور دەکەوتەوە.

## ***چۆن خوێنێکمان بە میرات بردووە؟:***

چیخۆف، ئەهلی گۆبەند و گێچەڵ و یاریی سیاسی و جاڕوجەنجاڵ و جەنگ و زیندان نەبوو، نەبرایە ژێر سێدارە و دوور نەخرایەوە بۆ سیبەریا، بە پێی پەتی و بە دوای کار و پیشەیەکدا لەم دەرکە و لەو دەرکەی نەدا و بە سەرلێشێواوی بە هەموو مۆسکۆدا نەگەڕا. ژیانی چیخۆف، دوور بوو لەو جۆش و خرۆشەی ژیاننامەی پڕ

گێرەو کێشەی پوشکین و دۆستۆفسکی و تۆلستۆی و گورکی، لەگەڵ ئەمەشدا، ژیانێکی ئارامی بەسەر نەبرد.. باوکی، بە پیری و لە بواری مادیدا تێك شکا و بەناچار و لە ترسی خاوەن قەرزەکانی، بەرەو مۆسکۆ هەڵهات، باوکێکی تووڕە و دەمار گرژ کە بە توندوتیژییە هەمیشەییەکانی، شادی و خۆشیی مناڵانەی لە دڵی ئانتۆنی و برا بچووکەکەیدا تاڵ کردبوو.. چیخۆف، لەنامەیەکدا بۆ برادەرێکی خۆی دەنووسێت: " کاتێ دەکەومەوە بیری سەردەمی منالّیم، هەموو شتێك لەبەر چاوم تارێك دەنوێنێ.. سەردەمی منالّی بۆ ئێمە ئازار و ئەشکەنجەیەکی تەواو بوو.. هێشتا تەمەنم نەگەیشتبۆوە پێنج ساڵ، کە باوکم پرۆسەی ڕاهێنان، یا بە گوتەیەکی روونتر، لێدانمی دەست پێکرد.. هەموو بەیانییەك کە لەخەو هەڵدەستام، تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە، کە ئایا ئەمڕۆیش شەق دەخۆم؟" هەر ئەمەشە کە کاتێك یەکێك لە هاوپۆلییەکانی دەڵێت گوایە هیچکات شەقی نەخواردووە، چیخۆف بە درۆزنێکی گەورەی وەسف دەکات.. ئانتۆنی، پاش ئەوەی شەقەکانی دەخوارد و لە حالێکدا پشتی دەسووتا و سوور ببۆوە، ناچار بوو بەوەی هەروەکوو باو بوو، دەستی باوکی ماچ بکات، دەستێك، کە بەو توندییە تەمبێی کردبوو و لێیدابوو. دواتر، چیخۆف لە یادداشتێکی غەمگینانەدا نووسیی: " باپیرەمان، لە دەستی ئەربابەکانی شەقی دەخوارد و بێنرخترین کەسەکانیش دەیانتوانی

وردوخاشی بکەن.. باوکمان لە دەستی باپیرەمان دەیخوارد و ئێمەش لەدەستی باوکمان.. ئێمە چۆن دەمارێك و چۆن خوێنێکمان بە میرات بردووە؟".

باوکی چیخۆف، پەیڕەوی باوکسالارییەکی تەواو تۆخ بوو بە هەموو تایبەتمەندییە توند و تیژانەکانیەوە.. ئەو کاتەی لەناو خێزاندا دەنگی بەرز دەکردەوە، هاوسەرەکەی، کە ئافرەتێکی مەتین و نەریتخواز بوو، لەگەڵ کوڕەکانی و تەنها کچەکەیدا مات و بێدەنگ دەبوون و ترسیان لێدەنیشت.. ئەو (باوکی چیخۆف)، منداڵەکانی بە شێوازی خۆی خۆشدەویستن و بڕوای وابوو بەو هەڵسوکەوتە سەخت و زبرەیەوە یارمەتییان دەدات، بۆ پاساوی ئەو توورەیی و زەبر و زەنگە زۆرەی خۆی دەیگوت: " منیشیان هەر ئاوا گەروە کردووە و ئینجا بزانە چ پیاوێکم لێ دەر هاتووە".

زەمەن تێپەڕی.. ئێستا ئیدی ئانتۆنیی بچووك ناچار بوو هەموو شەوێك لە دووکانچەکەی باوکیدا، لە پشت پێشخانەکەوە دابنیشێت و لەسەرما بلەرزێت.. هێندە سارد بوو، مرەکەبی ناو (دەوات)ەکە دەیبەست.. دووکانچەکە، تاریك و پیس و پڕی بوو لە وردەواڵەی جۆراوجۆر، وەك بڵێی لە شیری چۆلەکە تا گیانی مرۆڤی تێدا دەدۆزرایەوە.. تابلۆیەك بەسەر دەرکەکەیەوە هەڵواسرابوو و پێوەی بە پیتی ڕەش و ئاڵتوونی نووسرابوو: چا، شەکر، قاوە و خواردنەوەکان، لێرە بخۆ یا بۆ ماڵەوەی ببەوە.. لە خوارەوەشی

شتێك بۆ كڕیاره هەمیشەییەكان نووسرابوو: فەرموون لە كونجی پشتەوەی دووكانچەكەدا سەرو پێك بخۆنەوە، چەند كڕیارێكی هەمیشەییش، ئەو كونجە تاریك و بۆندارەیان كردبووە یانەیەك بۆ خۆیان، لەوێ كۆ دەبوونەوەو سەری خۆیان گەرم دەكرد و دەكەوتنە گێڕانەوەی نوكتەی تەڕ و قسەی خۆشخۆش و جاروبار لە گەرمەی قسەی تەڕ و فشقیات و پێكەنینەكانیاندا لە چیخۆفی مندالّ تووڕە دەبوون و بەسەریدا دەیانقیڕاند: تۆ بڕۆ لاچۆ.. گوێ بۆ ئەم قسانە مەگرە.. تۆ هێشتا مندالّی. بەلاّم ئەنتۆنی هەر هەموو قسە و فشقیاتەكانی گوێ لێ دەبوون، هەستی پێدەكردن و لێیان تێدەگەیشت. ئەو، بە پێچەوانەی تەمەنە كەمەكەی، ئەزموونی زۆری لە بێچارەیی و جەهل و نادادپەروەری هەبوو، هەر ئەم ئەزموونانەش بوون كە دواتر بوونە دەسمایەی چاكی بەشێكی زۆر لە تەنزەكانی.

## ***پێلاّوی قوڕاویی ژێر كورسیی قوتابییەكان:***

باوكی تووڕە و زۆربێژی چیخۆف، سەرەڕای توندوتیژییەكانی، كابرایەكی دوور ئەندێشیش بوو، ئەو دەیویست بە هەر جۆرێك هەیە، كوڕەكانی فێرە زمانی فەرەنسی و هەرواش مۆسیقا ببن، بەلاّم كاتێ ئەمەی بۆ نەچووە سەر، هەولّی دا بیانكاتە وەستایەكی چاك و شارەزای دروومان، براكەی چیخۆف، هەر زوو خۆی لە ژێر ئەم بارەدا رزگار كرد، بەلاّم چیخۆف ماوەیەك خۆی راگرت و كاری

کرد و سەرەنجام توانیی پانتۆڵێك بۆ براکەی بدوورێت، کەچی ئەوەندە تەنگ و تەسك و خراپ بوو، وای لێکرد ئەویش دەست لەم کارە هەڵگرێت. چیخۆف، لە میانەی کارە رۆژانەکانی کە بریتی بوون لە قوتابخانە و کلێسە و فێربوونی دروومان و کارکردن لە دووکانچەکەی باوکیدا، هەندێجار رێگایەکی بۆ خۆ دزینەوە و پیاسەی ناو شەقامەکان دەدۆزییەوە، هەر بەهۆی ئەم پیاسەیەشەوە بوو کە ساڵی (١٨٧٣) شانۆی ناسی.. (١٣) ساڵە بوو ئۆپێرای (هێلینی جوان)ی بینی کە بەرهەمی (ئۆفینیاك) بوو.. سیحری شانۆ بەجۆرێك کاری تێکرد کە بە تەواوەتی لە دنیای منداڵانە و یاریی و رابواردنی منداڵەکان برِا و خۆی سپاردە دڵبەستەییە تازەکەی.. لاساییکردنەوەی شانۆیی لە ماڵەوە، سەرگەرمییەکی نوێ بوو کە دەبووە هۆی دڵخۆشیی ئەندامانی خێزان.. چیخۆفی مێرمنداڵی بەرزە فڕ، هەوڵی دەدا بە کەلوپەلی سادە و ئاسایی بەردەستی، شانۆی قورس و گەورە و جدی بگێڕێت. بەڵام ئەم دڵخۆشییە زۆری نەخایاند، شیرازەی خێزانی تێکچوو و ئیدی چیخۆفی (١٦) ساڵان، زۆرتر لە جاران هەستی بە تەنیایی و لاوازی دەکرد، هەر لەو تەمەنەدا ناچار بوو خۆی بە تەنیا خۆی بژیەنێت و نیاز و پێداویستییەکانی ژیانی دابین بکات، هەربۆیەش رووی کردە وانە وتنەوە و بوو بە مامۆستای تایبەت تا بتوانێ چەند (رۆبڵ)ێك بخاتە گیرفانی خۆیەوە.. بە کووچە و

کۆڵانی شارەکەی، (تاگانرۆگ)دا دەخولایەوەو ئەمماڵەومالی دەکرد تا بگاتە لای قوتابیەکانی و وانەیان پێ بڵێتەوە.. ئەوانەی رووداوەکانی ئەو ڕۆژانەیان تۆمار کردووە، نووسیویانە: چیخۆف لە سەرتاسەری زستاندا بە تاقە کورتەکێکی شڕ و دڕاوەوە دەژیا و نەیدەتوانی جووتێك پێڵاو بکڕێت.. ئەو، پێڵاوە شڕ و قوڕاوییەکانی خۆی لە ژێر کورسیی قوتابییەکانیدا دەشاردنەوە و سوپاسێکی بێپایانی خاوەنماڵی دەکرد بۆ ئەو چایە گەرمەی دەیاندایە، لەهەمان حاڵدا نیگەرانی بارودۆخی دایك و باوکی بوو.. بەهەر حاڵ ئەو دەورانەشی تێپەڕ کرد تا دواتر لە گێڕانەوەی بیرەوەرییە تاڵەکانیدا بە حەسرەتەوە بڵێت: هەژاری لە تەمەنی گەنجێتیدا، وەکوو ژانی بەردەوامی ددان وایە. ئەو، لەو سەردەمانەدا بە سکی بەتاڵ و برسی دەیخوێند و رۆژەکانی پشووش پەنای دەبردە کتێبخانەی گشتی، لەوێ خۆی بە خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەران و فەیلەسووفەکانەوە خەریك دەکرد و هەرواش بۆ هەڵاتن لەو هەموو سەختییەی ژیانی، گۆڤارە تەنز و گاڵتەئامێزەکانی دەخوێندنەوە و خۆیشی تەنزێکی دەنووسی و بۆی دەناردن.. تەنیا کەسێك کە توانای ئەوی لە نووسینی تەنزدا پەسەند کرد و لای ئەوانیتر درووژاندی، مامۆستای قۆناغی ئامادەیی چیخۆف بوو، هەر ئەویش بوو هانی دا بەرهەمەکانی (سۆیفت) و (شچدرین) و (مولەر) بخوێنێتەوە و هەرواش نازناوی (چیخۆفتە)ی بۆ داهێنا تا

تەنزەکانی بەم نازناوەوە بڵاو بکاتەوە. چیخۆف زۆر دڵی بەو قوتابخانەیە خۆش نەبوو کە قۆناغی ئامادەیی تێدا دەخوێند، ئەم ناڕازیبوونەش لە یەکێك لە چیرۆکەکانیدا رەنگی داوەتەوە.. (هانری تراڤایا) لە کتێبێکیدا بە ناونیشانی (چیخۆف) کە (عەلی بەهبەهانی)ش کردوویەتیە فارسی، دەنووسێت: "چیخۆف لە چیرۆکی (پیاوێك لە سندوقدا) کە یەکێکە لە بەرهەمە سەرکەوتووەکانی، دۆخ و کەش و هەوای پۆلیسیی ئەم قوتابخانەیە وێنا دەکات.. یەکێك لە مامۆستاکانی ئەم قوتابخانەیە، هەمیشە قوتابیەکانی دەخستنە ژێر چاودێرییەکی توند و هەرجۆرە جموجووڵێکی سیاسی و نائاسیی بۆن دەکرد و نامە و راپۆرتی وشیار کەرەوەی بۆ پۆلیس دەنارد و لە خۆڕا هێرشی دەکردە سەر هاوکارەکانی، لە یەکێك لەو راپۆرتانەیدا دەنووسێت: (هاوکارەکانی من لە کۆبوونەوەکاندا جگەرە دەکێشن و هیچ بایەخێك نادەنە وێنەکانی مەسیح و حەزرەتی ئیمپراتۆر کە بە دیوارەکانەوە هەڵواسراون).. بێشك، چیخۆف رۆڵی بەڕێوەبەر و مامۆستا بیر وشکەکانی لە مێشکی خۆیدا تۆمار دەکردو هەر ئەمەش بوو وای لە کاراکتەرێکی ناو چیرۆکی (پیاوێك لە سندووقدا) کرد کە بە ناڕەزایەتییەوە هاوار بکات: (ئێوە وا دەزانن مامۆستان؟.. فێرکارن؟.. نا، ئێوە مشتێك راپۆرت نووسن، ئەمەش قوتابخانە نییە، ئەمە نووسینگەی کلێسەی گەڕەکە بە بۆن و بەرامەیەی

پۆلیسییەوە)". توانای چیخۆف بۆ داهێنان لە تەنزدا، ستایش و هاندانی مامۆستاکانی بەدوای خۆیدا هێنا، تەنزەکانی رۆشن بوون و دوور لە بەدخوازیی.. سەرەنجام، چیخۆف رۆیشتە مۆسکۆ و هەوڵی ئەوەی دا سەر و سامانێك بداتە ژیانی خێزانەکەی، بەردەوام دەینووسی و دەیناردە لای گۆڤار و رۆژنامە تایبەتەکانی بواری تەنز و تارۆز.. وانەکانی بە جوانی دەخوێند و نمرەکانی باش بوون.. بۆ هەر نووسینێك، چەند (کوپەك)ێکی وەردەگرت.. لەهەر حاڵێکدا داواکاری و راسپاردەی سەرنووسەرەکانی وەردەگرت گەرچی هەندێجار لە پێوەرە وشکەکانیان ماندوو دەبوو، بۆ نموونە زۆر لەوە بێزار دەبوو پێی بڵێن با ئەو بابەتە لە (١٠٠) وشە کەمتر یا زۆرتر نەبێت.. بەڵام، هەر ئەم کورتبڕی و کورت نووسییەش بۆ ئەو راهێنانێکی زۆر باش بوو و سەرەنجام گەیشتە ستایلێکی نایاب کە پێیدەگوترێ (ئابووریی وشە).

## ***یەکەمین پەیامەکانی مەرگ:***

شەوی بیست و دووەمی مانگی مارتی ساڵی (١٨٩٧) بوو..
چیخۆف ژوانی لەگەڵ برادەرێکی خۆیدا هەبوو لە باشترین ڕێستوورانتەکانی شاردا.. جلوبەرگێکی خاوێنی لەبەر کردبوو، شاد و خۆشحاڵ، چاکوچۆنیی لەگەڵ پێشخزمەتی ڕێستوورانەکەدا کرد و چاوێکی بە سەرتاسەری هۆڵەکەدا گێڕا، ژن و پیاو بەسەر مێزەکانەوە دانیشتبوون و خەریکی خواردن و قسە کردن بوون، هێندەی لە دانیشتنی لە بەرانبەر برادەرەکەیدا پێنەچوو کە کتوپڕ خوێن بە دەمیدا فیشقەیەکی کرد.. دوو پێشخزمەت و برادەرەکەی ژێر باڵیان گرت و گەیاندیانە دەسشۆرییەکە و بە هۆی سەهۆڵەوە پێشی خوێن بەربوونەکەیان گرت. گوایە دوابەدوای ئەم خوێنبەربوونەیە کە چیخۆف ڕازی دەبێت بەوەی ببرێتە خەستەخانەیەك و پشکنینی (سیل)ی بۆ بکرێت.. کاتێ هەمان برادەرەکەی دێتە سەردانی، چیخۆف لە بەر ڕووداوەکەی سێ شەوی پێشتر داوای لێبوردنی لێدەکات و دەڵێت زۆر بە داخەوەیە کە ئەو شەوە ئاوا شتێکی خراپ و نەخوازراو رووی داوە، لەگەڵ ئەوەشدا بڕوای وایە و پێداگرییشی لەسەر دەکات کە گوایە هیچ

نابێت و بارودۆخی باشه !، ئەو برادەرەی، دواتر لە دەفتەری یادداشتەکانی خۆیدا دەنووسێت: " ئەو هەر پێدەکەنی و وەکوو جاران خەریکی گاڵتە و قسەی خۆش بوو، لە هەمان حاڵیشدا قاپێکی گەورەی لە پاڵدا بوو بەردەوام خوێنیّ تف دەکردە ناوی".

خوشکەکەشی پاش ئەوەی سەردانی دەکات و بەو حاڵەوە دەیبینێت، دەنووسێت: " ئەنتۆنی بەسەر لایەکیدا کەوتبوو.. بۆی نەبوو قسە بکات.. دوای ئەوەی سڵاوم لێکرد، گەڕامەوە بەرەو لای مێزەکە بۆ ئەوەی بتوانم نیگەرانییەکەمی لیّ بشارمەوە". (ماریا)، لەویّ لە پاڵ خۆراکییەکاندا چاوی بە شتێك کەوت کە بە تەواوەتی ترساندی: وێنەیەکی خەتخەتی، کە دیار بوو پزیشکی پسپۆر لەسەر سییەکانی چیخۆفی کێشاوە، هەر وەکوو ئەو وێنانە بوو کە دکتۆرەکان بۆ دەسنیشان کردنی نەخۆشییەکانی ناوەوە دروستیان دەکرد.. سییەکان، بە قەڵەمێکی شین دیاری کرابوون بەڵام بەشی سەرەوەیان بە قەڵەمی سوور دەسنیشان کرابوو، ماریا نووسیی: "زانیم ئەو سییانە ئیتر نابنەوە بە سی". بەڵام زۆر لەوە پێشتر، زۆر پێش ئەوەی خودی چیخۆف بزانێت کە ئیلتیهابی بۆریی هەناسەی خەریکە ئارام ئارام دەگاتە سییەکانی و ئەوانیش تووش دەکات، نووسیبووی: " کاتیّ گوندییەك تووشی (تا) دەبێت، دەڵێت تازە هیچم پیّ ناکریّ، وەرزی بەهار، کاتیّ بەفرەکان توانەوە، منیش دەمرم". کاتیّ دکتۆر گەیشتە ئەو بڕوایەی کە

چیخۆف تووشی (سیل) بووه، ئەو خۆی هیچ گرینگییەکی بە نەخۆشینەکەی نەدا و هیچ لێی نەترسا و تا دوایین ڕۆژەکانی ژیانی، زۆر بە پێداگرییەوە باسی ئەوەی دەکرت کە چاك دەبێتەوە. لە نامەیەکدا کە ماوەیەکی کەمی پێش مەرگی بۆ خوشکەکەی نووسیبوو، گوتبووی خەریکە قەڵەو دەبێت و لە بادن ڤایلەردا بارودۆخ و تەندروستیی زۆرزۆر باشە.

**_سەهۆڵ ناخرێتە سەر سکی برسی:_**

(ریمۆند کارڤەر)ی چیرۆکنووسی ناوداری ئەمریکی، کە بەهۆی خولیای زۆری بۆ بەرهەمەکانی چیخۆف، گەلێ لەسەر بەرهەمەکان و هەرواش ژیانی ئەوی نووسیوە، چیرۆکێکی تایبەتی لەسەر ژیانی چیخۆف نووسیوە بەناونیشانی (errand) و لە بەشێکیدا دەڵێت:

" چیخۆف، لە بەرلیندا سەردانی دکتۆرێکی پسپۆری نەخۆشییەکانی سیی کرد، بە پێی گێڕانەوەی شایەتێك، دکتۆرەکە پاش پشکنینێکی تەواو، دەستەکانی خۆی بڵند کردن و بەبێ ئەوەی تاقە وشەیەکیش بە زاریدا بێت، لە ژوورەکە چووە دەرێ، بارودۆخی چیخۆف، زۆر لەوە خراپتر بوو کە هیچ هیوایەك هەبێت و هیچ کارێکی بۆ بکرێت، دکتۆرەکە، لەخۆی زیز و زویر بوو کە بۆچی ناتوانێت مۆجیزەیەك بۆ رزگار کردنی چیخۆف بکات".

ڕۆژنامەوانێکی رووسی کە بە ڕێکەوت لە هوتێلێکدا چاوی بە چیخۆف کەوتبوو، ئەم راپۆرتەی بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەکەیان

نارد: " ڕۆژەکانی ژیانی چیخۆف گەیشتوونەتە کۆتایی.. ئەو زۆرزۆر نەخۆشە، نەخۆشێکی نزیك بە مەرگ، بە جۆرێکی ترسناك لاواز بووە، بەردەوام دەکۆکێ، پاش هەر جووڵەیەکی بچووك بە توندی دەکەوێتە هەناسە دان و هەناسەی توند دەبێت، (تا)ی زۆرزۆر لەسەرەوەیە و بەردەوامیش بەرزتر دەبێتەوە". هەر ئەم ڕۆژنامە نووسە، کاتێ چیخۆف بە شەمەندۆفەر بەرەو بادن ڤایلەر بەڕێدەکەوت، لەوێ بوو، ئەمجارەش لە بەشێکی راپۆرتەکەیدا نووسیی: " چیخۆف، زۆر بە زەحمەت توانیی بە پلیکانە نزمەکانی شەمەندۆفەردا سەر بکەوێت، بە ناچار چەند جارێك دانیشت تا بتوانێ هەناسە بدات و بێتەوە سەر خۆی". لە راستیدا هەرچەشنە جووڵەیەك بۆ چیخۆف زەحمەت و دەرد بوو.. قاچەکانی بەردەوام دەئێشان و دەلەرزین و لە ناوەوەش تووشی ئیلتیهابێکی خراپ هاتبوو.. نەخۆشی، زیانی بە سییەکانی و هەرواش (ڕەزڵە)ی گەیاندبوو.. لەم کاتانەدا بۆ چیخۆف کەمتر لە یەك مانگ هەلی ژیان مابوو.. ڕۆژی (١٣)ی حوزەیران و سێ حەفتە پێش مردنی، لە نامەیەکدا بۆ دایکی نووسیی: "لەوانەیە تا هەفتەیەکیتر بە تەواوەتی چاك ببمەوە...". کێ دەزانێ چیخۆف بۆچی ئاوای نووسی؟.. چیی لە مێشکدا بوو؟.. ئەو خۆی دکتۆر بوو و چاك دەیزانی خەریکە دەمرێت، هەر بەم سادەییە و هەر بەم ناچارییە. ماوەیەکی کەم دوای نیوەشەوی دووەمی تەمووز، (ئۆلگا)ی خێزانی

هاواری دکتۆری کرد.. چیخۆف وڕێنەی دەکرد.. باسی دەریاوانەکانی دەکرد و قسەی دەربارەی ژاپۆنییەکان دەکرد..
کاتێ ئۆلگا ویستی سەهۆڵ بخاتە سەر سینگی، گوتی:
" خۆ سەهۆڵ ناخەنە سەر سگی برسییەوە"!
ئۆلگا، خێزانی چیخۆف، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بە وردی باسی ڕۆژەکانی کۆتایی و دوایین چرکەکانی تەمەنی چیخۆفی کردووە..
وەکوو گوتمان، کاتژمێر (١١)ی شەو باری تەندروستیی تێکدەچێت و ئۆلگاش داوای دکتۆر دەکات، ئۆلگا لە بەشێکی بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێت: " دکتۆر ئارامی کردەوە.. دەرزییەکی لێدا و هەندێ شامپاینی دایە.. ئانتۆنی گلاسەکەی گرت و لێوێکی پێ تەڕ کرد و بەدەم منەوە پێکەنی و گوتی: ( دەمێکە شامپاینم نەخواردۆتەوە) پاشان هەموویی بە یەك قوم خواردەوە و لەسەر خۆ و بە ئارامی وەرسووڕا و بە لای چەپدا کەوت.. من هەر تەنیا ئەوەندە پێڕاگەیشتم رابکەمە لای و دانەومەوە و بانگی بکەم.. بەڵام ئیتر زۆر درەنگ بووبوو.. ئەو هەناسەی نەدەدا.. وەکوو منالێك، ئارام خەوی لێ کەوتبوو، ئەمەش لە کاتژمێرە سەرەتاییەکانی ڕۆژی پازدەی تەمووزی ساڵی (١٩٠٤)دا بوو..". ڕێوڕەسمی بە خاك سپاردنی تەرمی چیخۆف، هەفتەیەك دوای مردنی و لە مۆسکۆدا بەڕێوە چوو، ماکسیم گورکی، کە لە ڕێوڕەسمەکەدا بەشداریی کردبوو، دواتر بە وردی لەسەری نووسی.. جەماوەرێکی زۆر

بەشداری ڕێوڕەسمەکە ببوون، بە جۆرێك کە هاتوچۆ لە شەقامەکانی مۆسکۆدا وەستا بوو.. بێجگە نووسەر و رۆشنبیران کە زۆربەی زۆریان لەوێ بوون، خەڵکی ئاساییش بە ڕێژەیەکی سەرنجڕاکێش هاتبوونە سەر شەقام و بە حەسرەت و چاوی فرمێسکاوییەوە تەرمی چیخۆفیان بەرەو گۆڕستان و ئارامگەی ئەبەدی بەڕێدەکرد.

*

***بەرهەمەکانی چیخۆف:...***

وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، چیخۆف نووسەرێکی پڕکار و پڕ بەرهەم بووە و سەدان بەرهەمی جوانی لە پاش خۆی بۆ مێژووی ئەدەبیاتی جیهان بەجێهێشتوون و جوانترین هزری مرۆڤانەی پێشکەشی نەوەکانی دوای خۆی کردووە کە زۆر بەداخەوە کەمتریان گەیشتوونەتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە. پێویستە بڵێم، نەك زۆربەی زۆر بەڵکوو سەرجەم بەرهەمەکانی چیخۆف لە ڕێگەی چەندین کەسەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی و کتێبخانەی ئێرانیان پێ دەوڵەمەند و ڕازاوەتر کراوەتەوە، لێرەدا پێم باشە، وەکوو وەفایەك بۆ ئەوەی ئەوان ئەو بەرهەمە جوانانەیان بە من و سەدانی وەکوو من ناساند و منیش سەرچاوەی ئەم پەرتووکەم لەوان وەرگرتووە، ناوی ئەو کەسانە بهێنم کە کاریان لە سەر بەرهەمی چیخۆف کردووە و بەرهەمەکانیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی:..

١_ ئەحمەد شاملو

٢_ کازم ئەنساری

٣_ سادق هیدایەت

٤_ بزورگ عەلەوی

٥_ محەمەد عەلی جەمالزادە

□٦_ نەجەف دەریا بەندەری

□٧_ سیمین دانشوەر

□٨_ کەریم کەشاوەرز

□٩_ عەبدولحسێن نووشین

□١٠_ هوشەنگ پیر نەزەر

□١١_ داریوش موئەدەبیان

□١٢_ ئەحمەد گولشیری

□١٣_ ئیرەج کابولی

□١٤_ ناسر موئەزن

□١٥_ جەعفەر مودەریس صادقی

□١٦_ هوشەنگ رادپوور

□١٧_ رەزا ئازەرەخشی[تر]

□١٨_ سرووژ ئێستپانیان[یر]

---

[1] ئەم دوو ناوە (رەقەمەکانی ١٦ و ١٧) هەڵبژاردەیەکیان لە چیرۆکەکانی چیخۆف وەرگێڕاوە و ساڵی ١٩٧٤/١٣٥٣ لە دوو بەرگدا و لە ڕێی ناوەندی بڵاوکاری (گۆتەنبێرگ)ەوە بڵاویان کردۆتەوە کە چێرۆکەکانی ئەم بەرهەمەی بەردەستتان گولبژێرێکە لەو هەڵبژاردەیە.

[2] لەناو هەموو ئەو کەسانەدا کە کاریان لەسەر بەرهەمی چیخۆف کردووە، ئەم وەرگێڕە زۆرتر خۆی ماندوو کردووەو سەرجەم بەرهەمەکانی چیخۆفی وەرگێڕاون و لە حەوت بەرگی قەبەدا و بۆ ساڵی ١٩٩٠/١٣٧٩ و لەرێی ناوەندی بڵاوکاری (تووس)ەوە بڵاوی

***ئەمەش ناوی بەرهەمەکانی چیخۆف بە پێی ساڵی نووسینیان:...***

یەکەم، چیرۆکەکان:...

ساڵی (١٨٨٠):

١_ دەستێك و دوو شووتی

٢_ پێش پرۆسەی هاوسەرگیری

٣_ باوکە گیان

ساڵی (١٨٨١):

١_ لە (ڤاگۆن)دا

٢_ مەحکەمە

ساڵی (١٨٨٢):

١_ لە بیر چوونەوە

٢_ دانپێدانان

٣_ داسی سەوز

٤_ راستە دیدارەکە سەری نەگرت بەڵام...

٥_ پەیامنێر

٦_ (سکۆلاپ)ەکانی گوند

٧_ چۆلەکەکە لە درەختەکە فڕی

---

کردۆتەوە، بەشێك لە پێشەکیی ئەم بەرهەمەی بەردەستتان لە بەرگی یەکەمی ئەو زنجیرە حەوت بەرگییە وەرگیراوە.

٨_ كام يەك لە سێ

٩_ ژنی ئەرباب

١٠_ کاڵای گیاندار

١١_ نۆشاتری پاش مەرگ

١٢_ دوو رسوایی

١٣_ پێشهاتی (گەند)

١٤_ بازاڕی مەکرۆك

١٥_ بارۆن

ساڵی (**١٨٨٣**):

١_ خۆشحاڵی

٢_ لە لای دەلاك

٣_ شوکرانەبژێر

٤_ ژنی بێ وەهم

٥_ لە حەمامدا

٦_ تەوەزەل

٧_ بە پێی گێڕانەوەی دۆسییەیەك

٨_ زەوقی مەتەڵئامێز

٩_ گفتوگۆ

١٠_ دز

١١_ خەسووی پارێزەر

١٢_ مەرگی فەرمانبەرێك

١٣_ منالّی لاسار

١٤_ شقارتەی بێ مەترسی

١٥_ قەڵەو و لاواز

١٦_ ئەڵمانیی پێزان

١٧_ سەرپەرشتیار

١٨_ بە پێی زەمەن

١٩_ لە پۆستەخانەدا

٢٠_ یاسا ناس

٢١_ وەرگیراو لە دەفتەری بیرەوەریی کچۆڵەیەك

٢٢_ کیژی ئالبیۆن

سالّی (١٨٨٤):

١_ تۆڵەی ژن

٢_ دوو نامە

٣_ بێدەنگی یا زۆر بلّێیی

٤_ مرۆڤی لووتبەرز

٥_ ئەلبووم

٦_ رەژووی رووسی

٧_ فرمێسکە پەنهانەکان

٨_ بوقەلەموون سیفەت

٩_ له چاڵەوه بۆ بیر

١٠_ له گۆڕستاندا

١١_ دەمامك

١٢_ شەوی پێش مەحکەمە

١٣_ (سەدەف)

١٤_ کارەساتێك له کاتی راودا

سالّی (**١٨٨٥**):

١_ مێژووی زیندوو

٢_ هەردوکیان باشترن

٣_ له ژوورەکانی هوتێلێکدا

٤_ ژیان جوانه

٥_ (چەکمە)کان

٦_ رۆشنبیری زەین کوێر

٧_ له بیرەوەریەکانی ئایدیالیستێك

٨_ راوچی

٩_ زاوا و باوکه گیان

١٠_ میوان

١١_ نوقمبوو

١٢_ ملازم پریشی بەیف

١٣_ دیوار

١٤_ نینۆچکا

١٥_ بێکار

١٦_ جێبەجێکار لە ژێر کاناپەدا

١٧_ گەندەڵکار

١٨_ لە غوربەتدا

١٩_ دوو ڕۆژنامەچی

٢٠_ کەیخودا

٢١_ هەوار نشینەکان

٢٢_ سەگی گرانبایی

سالّی (**١٨٨٦**):

١_ ناکامی

٢_ بۆ زانیاریی مێردەکان

٣_ گەورەترین شاری روسیا

٤_ دڵتەنگی

٥_ غەڵبەغەڵب

٦_ فەرەنسایی گەمژە

٧_ گاڵتەی بچکۆلە

٨_ ئاگافیا

٩_ عەشق

١٠_ پیاوی ئاشنا

١١_ خۆش چانس

١٢_ بەڕێوەبەری گشتی

١٣_ لە قوتابخانەی شەوانە رۆژیدا

١٤_ لە هەوارگەدا

١٥_ گۆرانیبێژی کۆرس

١٦_ بەد بەختی

١٧_ گوێرەویی پەمبەیی ڕەنگ

١٨_ مسافیری (ڤاگۆن)ی پلە یەك

١٩_ نانەخۆرەکان

٢٠_ وەی ددانم

٢١_ پیاوی نا ئاسایی

٢٢_ لیتاو

٢٣_ خەونەکان

٢٤_ رووداو

٢٥_ گوتار بێژ

٢٦_ بەرهەمی هونەری

٢٧_ ڤانکا

٢٨_ خودی ئەو بوو

٢٩_ هەستە بەتینەکان

٣٠_ ئەم ژنانە

٣١_ گفتوگۆکەم لە گەڵ بەڕێوەبەری
پۆستەخانەدا
٣٢_ مۆتەکە
٣٣_ میوانی نا ئارام
٣٤_ مردنی هونەرمەندانە
٣٥_ سەبارەت بە ژنان
٣٦_ ژنی دەرمانخانەچی
٣٧_ ئانیوتا
٣٨_ رۆژێك لە دەوروبەری شاردا
٣٩_ ئیڤان ماتڤەیچ
٤٠_ مرۆڤە سەختەکان
سالّی (١٨٨٧):
١_ ئەشکەنجەی سالّی نوێ
٢_ شامپانیا
٣_ دەرۆزەگەر
٤_ دوژمنەکان
٥_ نەزانی
٦_ سەرخۆشەکان
٧_ بێ پەنا
٨_ کردەوەی چەوت

٩_ تيفوس

١٠_ ڕووداو

١١_ لێکۆڵەر

١٢_ ڤالوديا

١٣_ یەکێك لە زۆربە

١٤_ لە یادداشتەکانی پیاوێکی تووڕە

١٥_ زینوچکا

١٦_ تۆڵە سێن

١٧_ هەڵاتوو

١٨_ هاوکێشە

١٩_ خانووی قوڕ

٢٠_ حەکایەتی خاتوو ( n,n)

٢١_ چیرۆکی بێ ناونیشان

٢٢_ بلیتی براوە

٢٣_ پارێز نەکردن

سالّی (**١٨٨٨**):

١_ خەوم دێت

٢_ بیابان

٣_ ڕووداوی ناخۆش

سالّی (**١٨٨٩**):

١_ مەرج كردن

سالّی (١٨٩٠):

١_ مەڕ

٢_ دزەكان

سالّی (١٨٩١):

١_ ئەم ژنانە

سالّی (١٨٩٢):

١_ شەڕی یەكبەیەك

٢_ هاوسەرەكەم

٣_ ژنی هەڵەگەڕ

٤_ لە مەنفادا

٥_ ژووری ژمارە شەش

٦_ پارچە

٧_ پاش شانۆ

سالّی (١٨٩٤):

١_ كەمانی رۆتچیلد

٢_ حەكایەتی باخەوان

سالّی (١٨٩٥):

١_ هاوسەر

٢_ ئانا ...[٣]

٣_ ئاری ئادێنا

سالّی (**١٨٩٦**):

١_ خانوویەك بە نیو نهۆمەوە

سالّی (**١٨٩٧**):

١_ (مووژیك)ەكان

٢_ پەچەنەگ

سالّی (**١٨٩٨**):

١_ ئیبیونیچ

٢_ پیاوێك لە سندوقدا

٣_ ترێی فەرەنگی

٤_ سەبارەت بە عەشق

٥_ لە بیرەوەریەكانی پزیشكێك

سالّی (**١٨٩٩**):

١_ ئازیزی دلّم

٢_ خاتوونێك بە سەگە بچكۆلەكەیەوە

سالّی (**١٩٠٣**):

١_ بووكە خان

---

[3] وشەكەم بۆ نەخوێنرایەوە

دووەم، بیرەوەری (سەفەرنامە):...

١_ لە دوورگەی ساخالیندا

٢_ لە سیبریادا

سێیەم، شانۆنامەکان:...

١_ بێ باوکێتی / شانۆ/ چوار بەش

٢_ لە جادەیەکی گەورەدا / دراما/ یەک بەش

٣_ ئاوازی مراوی (کالکاس) / دراما/ یەک بەش

٤_ ئیڤانۆف / کۆمێدییەک لە چوار بەشدا

٥_ ورچ / کۆمێدییەکی یەک بەشی

٦_ خوازبێنی / کۆمێدییەکی یەک بەشی

٧_ ئیڤانۆف / درامایەک لە چوار بەشدا

٨_ تاتیانا رێپینا / دراما/ یەک بەش

٩_ ئەکتەری تراژێدیا بە نابەدڵی / کۆمێدی/یەک بەش

١٠_ زەماوەند / شانۆیەکی یەک بەشی

١١_ دەعبای جەنگی / کۆمێدی/یەک بەش

١٢_ ساڵیاد / کۆمێدی/یەک بەش

١٣_ باڵندەی دەریا / کۆمێدی/چوار بەش

١٤_ خاڵە ڤانیا / شانۆیەکی ژیانی گوند/چوار بەش

١٥_ سێ خوشک / دراما/چوار بەش

١٦_ سەبارەت بە زیانەکانی توتن / شانۆی تاک بێژی/یەک بەش

١٧_ باخی ئاڵۆباڵۆ / کۆمێدی/چوار بەش

***

## دوایین پەیڤەکانی چیخۆف:...

پزیشکە ئەڵمانییەکەی پێی گوت: خەریکە دوایین ساتەکانی ژیانی بەسەر دەبات و پاشان خواردنەوەیەکی دایە، چیخۆف بە ئەڵمانی گوتی: "خەریکم دەمرم" و پاشان بە لێوەوەی نا و بە ئۆلگای گوت "لە مێژە شامپاینم نەخوادۆتەوە" ئینجا گڵاسەکەی نۆشی و... (ئۆلگا)ی هاوسەری چیخۆف، دواتر لە کتێبی (بێدەنگیی ترسناک)دا لەمەڕ ئەو دوایین شەوە دەنووسێت: "تاقە پەپوولەیەکی رەشی گەورە بوو کە بێدەنگیی ترسناکی ژوورەکەی دەشکاند، پەپوولەیەك، کە بێبەزەییانە لە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو و خۆی بە گڵۆپەکاندا دەدا و دەنگی دەدایەوە".. لە شانۆیی (باخی ئالوبالو)دا دیمەنێکی هاوشێوەی هەمان دیمەنی مردنی خودی چیخۆف هەیە: (ئەسیتلۆ پاخین)ی بازرگان کە یەکێکە لە ئەکتەرەکانی ئەو شانۆیەی چیخۆف، ئەو باخەی ئالوبالو دەکڕێت و (رانوزکایا)ی فرۆشیاری باخەکە دەیەوێ بە بۆنەی فرۆشتنی باخەکەیەوە جەژن بگرن و بخۆنەوە.. پاش خواردنەوەکە، رانوزکایا لە خەمی لەدەسچوونی باخەکەیدا دەمرێت و پەردەی شانۆ دادەرێتەوە، لە هەمانحاڵدا تەنها دەنگێك بەرگوێ

دەکەوێت، ئەویش: دەنگی ئەو تەورانەن کە خەریکن درەختەکان دەبڕنەوە.

جەلیل عەباسی

هەولێر/ ١٩٩٩

# لە تاریکاییدا

مێشـێکی بچـووك چـووە نـاو لـووتی بـەڕێز گـاگین یاریـدەدەری دادوەرەوە... جـا دیـار نـەبوو ئـەو گیانلەبـەرە بەسـتەزمانە لـەتاو بزووتنی هەستی پەیجۆری یابەهۆی تاریکیـە ئەنگوسـتە چـاوەکەوە کــەباڵی بەســـەر ژوورەکـــەدا کێشـــابوو ڕێگـــەی ون کـــردووە و گەیشتووەتە جێگایـەکی ئـاوا ناحـەز و نالـەبار... هەرچـۆنێك بێـت لووتی جـەنابی یاریـدەدەری دادوەر تاقـەتی لـەو شـتە هەندەرانیـە نەما و خۆی پێنەگیراو، ئاماژەیەکی بۆمێشکی نارد کە گوایـە کـاتی پژمینە... بـەڕێز گـاگین پـژمی، پژمەیـەکی تونـد و بـەرز. پژمەکـە هاوکات بوو لەگەڵ فیکەیەکی تیژ کە لەوە دەچـوو بەکونـە لووتیـدا دەرپەڕیبێ... پژمەکە هێندە بـەرز و تونـد بـوو کـە قەرەوێڵەکـەی جوڵاندەوە و فەنەرەکانی کەوتنە ناڵە. ماریـا میخائیلونـای خێزانـی بـەڕێز گـاگین کـە ژنێکـی قەڵـەوی قـژ بـۆر بـوو لەخـەو ڕاچـەنی... لەتاریکایی ژوورەکەدا چاوی کردەوە، ناڵەیەکی لێوە هات و بەسـەر لایەکـەوە هەڵگـەڕاوە بۆسـەر ئـەو لاکـەیتری. پێـنج خولـەك دواتـر دیسانەوە هەڵگەڕایەوە و چـاوەکانی بەتونـدی لێکنـان، بـەڵام ئـیتر خەوی لێ زڕابوو. پاش ئەوەی چەند ئـاخێکی هەڵکێشـا و چـەندجار ئـەملاولای کـرد لـەجێی خـۆی هەسـتا و چـوار دەسـتوپێ بەسـەر

مێردەکەیدا تێپەڕی و پێڵاوەکانی نێوماڵەوەی لە پێ کرد و چووە پاڵ پەنجەرەکە. هەوای دەرەوە تاریك بوو. تەنیا تارمایی دارەکان و سەربانی ماڵە هاوسێکان بەرچاو دەکەوت. ئاسۆی لای خۆرهەڵات خەریك بوو ڕووناك ببێتەوە بەڵام لەوە دەچوو هەورە ڕەشەکان هەوڵبدەن بەری ئەو ڕوناکییە لاوازەش بگرن...

وەك بڵێی سروشتیش لەم تاریکیەدا چۆتە ژێر لێفەی بێدەنگییەکی قووڵەوە، لەودەوروبەرەدا بچووکترین جموجوڵ بەدی نەدەکرا. ماریا میخائیلۆنا خۆی بێدەنگییەکەی شکاند. هەروا کەلەپاڵ پەنجەرەکەدا وەستابوو و چاوی بڕیبووە تاریکایی شەو، لەناکاو هاواری لێ بەرز بووەوە. وای کەوتە بەرچاو لەلای گوڵخانەکەوە لەپاڵ دار سەروێکەوە تارماییەکی ڕەش بەرەو لای ماڵەکەیان دێتەپێش... یەکەمجار وایزانی ئەسپێك یا مانگایەك بێت، بەڵام کاتێ دەستێکی بە چاویدا هێنا، بەئاشکرا تاپۆی مرۆڤێکی بەرچاو کەوت... پاشان واکەوتە بەرچاوی، تاپۆ ڕەشپۆشەکە بەرەولای پەنجەرەی چێشتخانەکە دەڕوات و وەك دودڵ بووبێ، ماوەیەك بێ جوڵە وەستا. پاشان قاچی بەرز کردەوە و چووە بەر پەنجەرەکە و دوای چەند ساتێك لەتاریکایی چێشتخانەکەدا وون بوو.

یەکەمین خەیاڵێك کە کەوتە مێشکی ماریا میخائیلۆناوە ئەوەبو، لەوانەیە ئەو تاپۆیە دز بێت. ڕەنگ بەڕویەوە نەما و دڵی بەتوندی لێیدەدا و لەماوەی چاوتروکانێکدا شتگەلێك بەبیر و خەیاڵیدا هاتن

کەئەبنە هۆی ترساندنی هەموو ئەو ژنانەی چوونەتە ئێڵاخەکان:...

دز چووەتە ناو چێشتخانە... لەوێوە دێتە ناو ژوری خواردن... هەموو کاسەوکەوچکە نوقرەییەکە لە بۆفیەدایە... دووایی دێتە ژووری خەوتن... تەورێکی تیژی بەدەستەوەیە دەمەکەی دەبریسکێتەوە. تاپۆی ترسێنەر لەتاریکاییەکەدا دێتە پێش،... زێڕ و خشڵە بەنرخەکانی... لەم کاتەدا ئەژنۆی شل بوون، مچوڕك بەهەموو لەشیدا هات. وەك ئەوەی هەزاران مێرووڵە بەسەر شانوملیدا بێن و بڕۆن. بەدەنگێکی بەرز و لەرزۆك هاواری کرد:

واسیا... واسیا!... واسیا!... وەی خوایە، لەوە ئەچێ مردبێ!

... واسیا!... تکایە هەستەوە...

گاگین بەدەنگێکی بەرز هەناسەیەکی قووڵی کێشا و چەند دەنگی جۆراوجۆری لێهاتەدەر، دواتر لەحاڵێکدا دەنگێکی وەك مانگای لێدەهات، پرسیی:

- چی ی ی یە؟

- کورە توخوا زوو هەستەوە! دز چووەتە ناو چێشخانەکەمان. هەرئێستە خۆم دیتم دزێك چووە نێو چێشتخانەکە. دڵنیام لەوێوە دەچێتە ژووری خواردن... هەموو کاسەوکەوچکی سەرسفرەکەمان لەوێن!... واسیل، پار ساڵ هەروەکو ئەمشەو دز لە ماڵە دۆستێکی منی دا.

- چ...چ...ی ئەڵێی؟

- خوایه هێشتا به ئاگا نەهاتووە و لەقسەکانی من ناگات! ...
ئاخر کابرای نەزان! لەگەڵ تۆمە! تێناگەی؟ من هەرئێستا بەچاوی خۆم دیتم یەکێك چووە ناو چێشتخانەکەمانەوە... ناتاشا، چێشتلێنەرەکەمان ئەگەر لەخەو راچەنێ زیرە دەکات. سەرەڕای ئەمانەش هەموو نوقرەکانمان لە بۆفیەکەدان...
- هەموو ئەمانە قسەی قۆڕن! ...
- واسیلی، من ئیتر تاقەتم نەماوە! پێتدەڵێم مەترسییەکی گەورە ڕویتێکردووین بەڵام تۆلەجێی خۆت ناجووڵێیت و هەروەك مانگا ئەبۆڕێنی! تۆچیت دەوێ؟ دەتەوێ بوون و نەبوونمان تالان بکەن و وەکو مریشك سەرمان ببڕن؟

گاگین لەسەرخۆ لەجێی خۆی هەستا و بەسەر قەرەوێڵەکەوە دانیشت، دەنگی باوێشکەکانی هەموو ژوورەکانی داگرت، پاشان بە بۆڵەبۆڵ گوتی:

- شەیتانیش نازانێ ئێوەی ژن چۆن کاینێکن! ... ئایا بەمشەوەش نابێ تاوێ لەدەستی ئێوە ئاسوودە بین؟! بۆچی بۆهەر شتێکی بچووك و بێبایەخ مرۆڤ لەخەو ڕادەپەڕێنن و خەریکە شێتی دەکەن؟
- واسیل بەوخوایە بەچاوی خۆم دیتم دز هاتە ناوماڵەکەمان! ...

- باشه، باهاتبێتـه نـاو ماڵەکـه، چـی دەبـێ؟ تـۆ لـەخۆڕا خـۆت سـەخڵەت کـردووە. شـتێکی گـرنگ نیـە... لەوانەیـە کـابرای سپوور بێت هاتبێته میوانیی ناتاشا.
- چی ی ی؟ تۆ چیت گوت؟
- من گوتم سپوور هاتۆته میوانیی چێشتلێنەرەکەمان ناتاشا.

ماریامیخائیلۆنا بەتوڕەیی قیژاندی:

- وەی وەی، چـاوم ڕۆشـن!... نـا.. مـن هـەرگیز ئیـزن نـادەم لەماڵەکەمدا ئەو جۆرە کارە ناحەزانە ڕو بدەن!...
- باشـــە ئێـــوە لەکەیەکـــەوە تائێســـتا بوونەتـــە پـــارێزەری سەرسەختی ناموسی خـەڵك؟ خـاتون تواناییـان نیـە تەحـەمولّی ناپـــاکی کـــەن!! ئـــەو کـــارە کـــوێی ناپاکیـــە؟ تێناگـــەم چ پێویسـتیەکی هەیـە مـرۆڤ ئـاوا قسـەی زل زل بکـات؟ ئـازیزم تادونیـا بـووە و دەشـبێت، ئـەو چەشـنە کارانـە بـوون و هـەر ئەشبن... دابونەریت هەروایـە... هەرچـۆنێك بێـت، سـپووریش بۆیە بووەتە سپوور کە جاروبار بچێتە لای چێشـتلێنەرەکان... ئەم کارە کوێی عەیبەیە؟ ئەڵبـەت دەفـەرموون مـن دەبـێ ئـەم زەحمەتە بگرمە ئەستۆ؟!
- نا واسیل... دیارە منت هێشتا باش نەناسیوە... مـن نـاتوانم تەنانەت بیری ئەوەش بکەمەوە کە لە ماڵەکەمدا... ئەم شـتانە ڕوبدەن!... تکا دەکەم زەحمـەت بکێشـن بڕۆنـە چێشـتخانە و

بەشەقەزیللەیەك ئەو كابرا سووكەسەرە فڕێ بدەنە دەرەوە... هەر ئێستا... دەی گورج بڕۆن... مەحتەلی مەكەن!...

- بەیانی من خۆم هەڕەشە لە ناتاشا دەكەم كە ئیتر ئەو كارە دوبارە نەبێتەوە!
- كە من مردم ئێوە ئەتوانن لەماڵەكەتاندا هەركارێكتان پێخۆشبوو بیكەن و ئیجازەی كاری خراپەش بەكەسانیتر بدەن!... بەڵام تامن زیندووم ئەمەتان لێ نایە... زووتر فەرمانەكەم جێبەجێ بكەن!...

گاگین بەبۆڵە و لەژێر لێوەوە گوتی!

- لەعنەت لەشەیتان!... كورە بەم ئەقڵە كەمە ژنانیەت كەدڵنیام لەژێر زەڕەبینیشدا نابینرێ تۆزێ بیری لێبكەوە... ئاخر بۆچی ئەبێ من ئێستا بڕۆمە چێشتخانە!
- ئاخ... ئاخ... واسیل من خەریكە لە هۆش بچم!...

گاگین هێندە تووڕە ببو، تفێكی كردە سووچێكی ژوورەكە... پێڵاوی ناو ماڵی لە پێ كردن و تفێكیتری كردە ناوەڕاستی ژوورەكە و بەرەولای چێشتخانە كەوتەڕێ. هێندە تاریك بوو، گاگین وەك كوێر ئەچووە پێشێ... دەستی بەدیوارەكاندا ئەهێنا تاگەیشتە دەركی ژووری منداڵەكان و بەگورجی كردیەوە... واسیلیا، دایەنی منداڵەكان بەبیستنی دەنگی درگاكە لەخەو ڕاچەنی... گاگین بۆ ئەوەی قسەیەكی كردبێت گوتی:

- واسیلیا تۆ دوێنێ شەو ڕۆبەکەی منت برد بیسڕیت.. لەکوێت داناوە؟

- گەورەم، دامە دەستی ناتاشا خاوێنی بکاتەوە...

- ئەمە چ بێ نەزمییەکە؟... شتێك هەڵدەگرن بۆچی نایخەنەوە جێی خۆی؟... ئێستە ئەبێ لەئاکامی ئەم کارە چاکانەی ئێوە من بێ ڕۆب بگەڕێم بەناوماڵەکەدا!...

- گاگین چووە ناو چێشتخانە و ڕاست بەرەو ئەو سندوقە ملینا کە چێشتلێنەرەکە بەشەو لەسەری دەنووست. دەستی خستە سەر شانی ناتاشا و چەند جار بەتوندی ڕای وەشاند و بانگی کرد!

- ناتاشا... ئە... لەگەڵ تۆمە ناتاشا!... بۆ بەدرۆ خۆت لەخەو داوە؟... ئەی فێڵباز من ئەزانم نەخەوتووی!... هەر ئێستە کێ بوو لەپەنجەرەکەوە هاتەلات؟...

- م م م... چ قسەگەلێك! لەپەنجەرەوە! قوڕ بەسەرم ئەمە چ قسەیەکە ئێوە ئەیکەن؟ من کێم هەیە تا بەشەو، ئەویش لەڕێی پەنجەرەوە بێتە لام؟

- تکایە خۆتی لێ گێل مەکە! خەیاڵی چیت کردووە؟ بەتەمای من بخەڵەتێنی؟ ئەزانی چی؟ باشتر وایە بەو خۆشەویستە نامەردەت بڵێی تا زووە گۆڕی ون بکات و گورج و بێ

دەردیسەر لێرە بچێتەدەر... گوێت لێیە؟ ماڵی من جێی ئـەوی تێدا نابێتەوە!

- گەورەم ئێوە شێت بوون؟ چاوم ڕۆشـن! لـەوە ئەچـێ وابـزانن ئافرەتێکی گێل و نەزانتان دۆزیوەتەوە! لە بانگی کەڵەشێرەوە تا قوولەی سەگ ناوەستم و خەریکی ئیشوکارم... بێوچان هەر ڕا دەکەم و ماندو ئەبم. بۆمـانگی چـوار ڕۆبـڵ ناچـارم هەڵکـەم. تازە شەکر و چاش لەسەر خۆمە! هێشتا نیوە شەویش لەخـەو ڕام ئەچـڵەکێنن و قسـەی بێسـەروبنم بـار ئەکـەن! بەڕاسـتی کەخزمەت کردنی ئێوە بۆ ئێمە شانازی ئەهێنێ! چەندین سـاڵ لەماڵی کابرایەکی نەخوێنـدەوار ئیشـمکرد و ئاوەهـا عەیبەیـەکم تەنانەت لەوانیش نەدبینی!

- باشە باشە، بەستە ئیتر، ئەوەندەی پیا هەڵمەڵێ! هەر ئەوەیە کـە گـوتم... ئـەو ملـهوڕە بێدایکوبابـە زووتـر لـەماڵی مـن بکەدەرێ... تێگەیشتی؟

- گەورەم ئێوە خەریکە تووشی تاوانێکی گەورە دەبن.

لەدەنگی ناتاشادا دیـاربوو ڕق و خـەم دڵـی داگرتـووە و بـە تەمایـە بگری.

- ئەی باشـە لـەو دنیایـەدا چـۆن وڵام ئەدەنـەوە؟ ڕەنگـە مرۆڤـی خوێندەوار و بەباوکودایک زۆر بن بەڵام... بەڵام ئەوەندە فـام و

شعووریان نیه كه تێبگەن، باش نیە ئێمەی بێچارە سەرەڕای ئەو هەموو خەم و پەژارە و چارەڕەشییەمان ئەوەندە بڕەنجێنن. خوایە خۆ كەسێكیش نیە لایەنی ئێمەمانان بگرێ...

لێرەدا ناتاشا بەدەنگی بەرز دەستیكردە گریان و هەربەدەم گریانەوە گوتی:

- بەڵێ، بەڵێ... درۆ هەڵبەستن دژی ئێمە زۆر ئاسانە. بەڵام كەس نیە لایەنمان بگرێ.

- باشە باشە... بەستە... چەندی لێ ئەنێیتەوە، ئەم شتانە بۆ من هیچ بایەخێكیان نیە!

خاتوون منی ناردۆتە ئێرە... تاوانی من چییە؟ ئەگەر لەمن بپرسن ئەڵێم خودی شەیتانیش ئەتوانێ لەو پەنجەرەوە بێتە ناو ماڵەكەوە. چارەیەكیتر بۆگاگین نەمابو بێجگە لەوەی دانبەوەدا بنێ كە ئەو، مافی ئاوا پرسوجۆیەكی لەناتاشا نەبووە و ئیتر بگەڕێتەوە بۆلای ژنەكەی خۆی.

- باشە ناتاشا ئیتر لەم قسانە گەڕێین، تۆ پاڵتۆكەی منت بەیانی هەڵگرتبوو بیشۆی، ئێستە لەكوێت داناوە؟

- ئای گەورەم ببورن، لەبیرم چوو بیخەمە سەر كورسیەكەی لای قەرەوێڵەكەتان. ئێستا لێرەیە... هەڵمواسیوە بەدیواری لای

تەباخەکـەدا. گـاگین بەدەسـت خشـاندن بـەرەو لای تـەباخی چێشتخانەکە رۆیشت. پاڵتۆکەی دۆزییەوە. خستیە سەرشانی و لەچێشـتخانەکە چـووەدەر و هێـواش هێـواش بـەرەولای ژووری نووستن گەڕایەوە. کاتـێ گـاگین بەفـەرمانی ژنەکـەی چـووبووە چێشتخانەکە، ماریا میخائیلونا بەسەر قەرەوێڵەکەوە راکشابوو، چـاوەڕانی گەڕانـەوەی مێردەکـەی دەکـرد تابزانـێ ئاکـامی جێبـەجێکردنی فەرمانەکـەی چـۆن بـووە. ماوەیـەك بـیری ئاسـوودە بـوو... بـەڵام لـەخۆوە دڵـی کەوتـە خورتـە و لەبـەر خۆیەوە بیری کردەوە: ((ئای چەندی خایانـد. ئێسـتا خـوا بکـا هەر ئەو سپوورە لەچێشتخانەکەدا بێت. بەڵام ئەگەر هـات و دز بـوو چـی؟)) دیسـانەوە خـەیاڵات ڕوویـان تێکـرد و کارەسـاتی ترسێنەری هاتە بەرچاو! مێردەکەی دەچێتە ناو چێشتخانە... هەڵمەتی کتـوپڕ بەتـەور... خـوێن بەهـەموو لایەکدا ئـەڕژێت و مێردی بێئەنوا، بێئەوەی بتوانێ هـاوارێکیش بکـات، ئـەمرێ... ماوەیەکی پێچوو... پێـنج خولـەك... پێـنج خولـەك و نیـو... شەش خولەك... لەپڕ، هەستیکرد ناوچەوانی لە ترسان پڕبووە لەئارەقەی سارد. هێزی دایە بەرخۆی و بەدەنگی گڕو و لەرزۆك قیڕاندی:

- واسیل!... واسیل!

لەم کاتەدا لەپاڵ خۆیدا دەنگی مێردەکەیی بیست:

- چیە؟ چی بووە؟ من لێرەم... مەگەر سەرت ئەبڕن ئاوا ئەقیژێنی؟...

گاگین هاتە سەر قەرەوێڵەکە و لەگۆشەیەکیدا دانیشت و گوتی:

- ژنی بێ ئەقڵ و ترسنۆك دڵنیام خەونت دیوە! هیچ کەس لەچێشتخانەکەدا نەبو!

خەیاڵت ئاسوودەبێ، دڵنیابە ناتاشای چێشتلێنەری گێلت هەروەك خاتوونەکەی ژنێکی پاك و نەجیبە! بەڕاستی تۆ زۆر ترسنۆکی!

گاگین دەستیکردە گاڵتە پێکردن بەژنەکەی... لەئەنجامی ئەو هاتوچۆی شەوانەیەدا خەو لەسەری پەڕیبوو، ئیتر خەیاڵی خەوتنی نەبو، بەپێکەنینەوە بەژنەکەی گوت:

- ئەی ترسنۆك... بەیانی زوو دەبێ بچیتە لای دکتۆر. لەوە دەچێ خەریکە شێت دەبی.

ماریا میخائیلونا قسەکانی بە مێردەکەی بڕی و گوتی:

- ڕاوەستە ڕاوەستە، بۆنێکی ناخۆش دێ، وەك بۆنی زبڵە... بۆنی پیازیشە... ئای... ئای... ئەمەیان چیە ئیتر؟

- ڕاستە، بۆنێکی ناخۆش کەوتووەتە ناو ژوورەکە... خەویش لەسەرم پەڕیوە... دەزانی چی؟ ڕاوەستە تا من مۆمێك داگیرسێنم... شقارتەکە لەکوێیە؟ هەروەها خراپیش نیە وێنەکەی بەڕێز دادوەرت پیشانبدەم کەماوەی خزمەتی تەواو

بــووه و دوێنــێ كــاتی ڕۆیشــتن، بەهەریەكــەمان وێنەیــەكی بەئیمزای خۆی داینــێ بـۆ یادگـاری... گـاگین شـقارتەی لێـدا و مۆمەكەی داگیرسـاند. بـەڵام بەرلـەوەی هـەنگاو بنـێ بۆهێنـانی وێنەكـەی دادوەر بەپشـتە سـەریەوە دەنگـی هـاوارێكی بـەرزی بیسـت... گـورج هەڵگەڕایـەوە و لەبەرانبـەر خۆیـدا دووچـاوی دەرپەڕیوی ژنەكەی دیتن كـە بـەترس و قـین و سەرسـوڕمانەوە بڕیبونیە ئەو... ماریا میخائیلونا كە ڕەنگی بەڕومەتەوە نەمابو پرسیی:

- ئەرێ تۆ لەچیپێشتخانەكەدا ڕووت بویتەوە و ڕۆبدۆشـامبرەكەت دەرهێنا؟

- یانی چی؟ بۆ؟ چی بووە؟

- ئادەی سەیرێكی خۆت بكە!...

نوێنــەری دادگـا سـەیرێكی سـەرتاپای خـۆیی كـرد. واقـی وڕمـا... لەجێی ڕۆبدۆشامبرەكەی خۆی ڕووپۆشی سـپووری بەسـەر شـانەوە بوو... چۆن ئەم رووپۆشە كەوتبۆوە سەرشانی؟

كاتێ ئەو خەریكی دۆزینەوەی وڵامی ئەم پرسیارە بـوو، دیسـانەوە خەیاڵات كەوتنەوە مێشكی ژنەكەی و كارەساتێكی تازە لەبەرچاوی خـۆی نوانــد... كارەســاتێكی ترســێنەر و چــاوەڕوان نــەكراو " تاریكایی... بێدەنگی... پاڕانەوە... سرتەسـرت... مـاچ... چـی وچی و...

# خاتوونەکان

فیۆدۆر پترۆڤیچ بەڕێوەبەری پەروەردە کە خۆی بەمرۆڤێکی دڵنەرم و شەریف و بەویژدان دەزانی، ئەو ڕۆژە لەژووری دایرەدا لەگەڵ بەڕێز وۆرمینسکی مامۆستای یەکێك لەقوتابخانەکان قسەی دەکرد:

- نا بەڕێز وۆرمینسکی کۆتایی خزمەتی ئێوە حەتمیە... بەم دەنگەوە کە ئێوە هەتانە ئیتر درێژەدان بە وانە گوتنەوە ئیمکانی نیە!... ئەریٚ چی بوو وا دەنگتان نووسا؟

مامۆستا سەری خستە خوارەوە و بەدەنگێکی گڕ گوتی:

- بەڕێز بەڕێوەبەر!... ڕۆژێکیان دوای وانە گوتنەوە، زۆر ماندوو بووم و گەرمام بو و ئارەقێکی زۆریشم کردبوو، پەرداخێك بیرەی ساردم خواردەوە.

- ئای چەندە سەختە مرۆڤ چواردە ساڵ خزمەت بکات و توشی ئاوەها هەڵەیەك ببێت! مرۆڤ نازانیٚ بڵیٚ چی؟ بۆئاوا کارێکی بچووك رابردوو و چارەنوسی خۆت بخەیتە مەترسییەوە؟ باشە ئێوە لەمەودوا چیدەکەن؟ بۆداهاتووی خۆتان چ فکرێکتان کردۆتەوە؟

مامۆستا غەمگین و دڵشکاو، سەری خستبوە خوارەوە و وڵامی نەدایەوە. پاش ماویەك بێدەنگی بەڕێوەبەری پەروەردە پرسیارێکی لێکرد:

- ئێوە ژن و منداڵتان هەیە؟
- مامۆستا دیسان بەدەنگی گڕ و پەنگ خواردوو وڵامی دایەوە:
- بەڵێ گەورەم خێزاندارم. دەبێ بژێوی ژن و دوومنداڵ دابین بکەم... بێدەنگییەکی قووڵ باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا... بەڕێوەبەری پەروەردە لەپشت مێزەکەیەوە هەستا و کەوتە هاتوچۆ. نێوچەوانی وای دەردەخست زویر و خەمبارە. دوای کەمێك هاتوچۆ لەبەرانبەر مامۆستادا ڕاوەستا و گوتی:
- هەرچەندی تێدەفکرم نازانم لەگەڵ ئێوەدا چ بکەم!... درێژە دان بەپیشەی مامۆستایی ئیتر بۆ ئێوە مەیسەر نابێ! هەروەها دەرکردنی ئێوەش لەسەرکار ئیشێکی باش نیە. ئێوە بۆ ئێمە نەناسراو نین. هیچ نەبێ چواردە ساڵ بەڕاستی و دروستی خەریکی خزمەت بوونە... کەوابو ئەرکی سەرشانی ئێمەیە لەم بارودۆخەدا یارمەتیتان بدەین... بەڵام چۆن ئەو کارە بکەین؟ من چ کارێکم لەدەستدێ؟ توانای منیش تا رادەیەك لەبەر چاو بگرن... خۆتان بخەنە جێگەی من. ئاخر من چیم لە دەستدێ؟

ژوورەکە دیسانەوە نوقمی بێدەنگی بووەوە. بەڕێوەبەری پەروەردە هەر دەهات و دەچوو و هەر بیری لێدەکردەوە. وۆرمینسکی کە لە ترس و خەمی داهاتوویەکی نادیار و پڕ لەمەترسی ورەی بەردابو بەنۆرەی خۆی، نوقمی دەریای فکر و

خەیاڵ ببو. لەناکاو بەڕێوەبەری پەروەردە بە شادمانیەوە چەقەنەیەکی لێدا و گوتی:

- زۆر سەرم سوڕماوە چۆن پێشتر بیرم لەمەیان نەکردبۆوە!... گوێ بگرن!... من دەتوانم پێشنیارێکتان پێبکەم... حەفتەی داهاتوو بەڕێوەبەری یانەی منداڵە هەتیوەکانی شار خانەنشین دەبێت... ئەگەر حەز بکەن، دەتوانن جێگەی ئەو بگرن و لەو دەفتەرەدا دامەزرێن! فەرموون... ئەمە تەنیا کارێکە کە دەتوانم بۆ ئێوەی بکەم! وۆرمینسکی کە بە هیچ جۆرێك چاوەڕوانی ئاوا پیاوەتییەکی نەدەکرد، زۆر شادو خۆشحاڵ بوو. بەڕێوەبەری پەروەردە درێژەی دایێ:
- زۆر باش بوو کەوتەوە بیرم... خەیاڵم ئیتر ئاسوودە بو... ئێوە هەر ئەمڕۆ دەتوانن داواکاری بۆ وەرگرتنی ئەم کارە پێشکەش بکەن.

کاتێ وۆرمینسکی بەدەم دۆعای خەیر و سوپاس و پێزانینەوە لە ژوورەکە چووەدەرەوە، فیۆدۆر پترۆڤیچ هەستی بەئاسوودەیی کرد و تەنانەت لەخۆیشی ڕازی ببو! ئیتر هەیکەلی مات و خەماویی مامۆستا بە بەرچاویەوە نەمابوو و لەبەر ئەوەی کە توانیویەتی کارێکی پێ بسپێرێ زۆر خۆشحاڵ بوو و دڵنیابوو لەوەی کە بەتەواوی دادپەروەریی خۆی پیشانداوە و دەتوانێ بڵێ وەك مرۆڤێکی بەشەرەف و مرۆڤدۆست جووڵاوەتەوە. بەڵام ئەم

ئاسودەیی خەیاڵ و ڕەزامەندی خاترەی زۆری نەخایاند... کاتێ ڕۆیشتەوە ماڵ و چووە پشت مێزی چێشتخانەکە بۆنان خواردن، لەناکاو ژنەکەی ((ناستاسیا ئیوانۆنا)) هانای بەرز کردەوە و گوتی:

- خەریك بوو لەبیرم بچێ! دوێنێ نیناسێرکیۆنا هاتە ئێرە و باسی کوڕە گەنجێکی دەکرد... لەوەدەچێ لە هەتیوخانەی شاردا جێگەیەکی بەتاڵ هەبێت.

بەڕێوەبەری پەروەردە گوتی:

- بەڵێ وایە... بەڵام ئەو جێگەیە دراوەتە کەسێکیدیکە. تۆ من باش دەناسی... دەزانی هیچکاتێك بەپێشنیار و راسپاردەی خەڵك کەس دا نامەزرێنم.

- دەزانم و ئاکاری تۆش جوان دەناسم، بەڵام دڵنیام لەبەر خاتری نیناسێرکیۆنا، دەکرێ بۆ جارێکیش ئەو کارە بکەی... خۆت دەزانی چەندە ئێمەی خۆشدەوێت و چەندە پیاوەتیمان لەگەڵدەکات... لەحاڵێکدا ئێمە تا ئێستە هیچ کارێکی باشمان بۆئەو نەکردووە.. ئیتر هەرنابێ بیریشی لێبکەیتەوە کە ناکرێت و شتی وا. ئەگەر ئەنجامی نەدەی هەم ئەوت لەخۆت زیز کردووە و هەم منیش...

- باشە، جارێ بڵێ بزانم کێی پێشنیار کردووە؟

- بەڕێز پونرۆخین

- کام پونرۆخین؟ ئایا ئەمە هەرئەو کابرایە نیە شەوی جێژنی سەری ساڵی نوێ لەشانۆگەری شاردا ڕۆڵی کابرایەکی سوکی دەگێڕا و گاڵتەجاڕییەکی تەواوی خستبووە ڕێ؟ پێشنیار بۆ ئەو کابرا نەجیب و بەڕێزە کراوە؟! هەرگیز.

بەڕێوەبەری قوتابخانە دەستی لەخواردن هەڵگرت و گوتی:

- هەرگیز، خوایە لە شەڕی... شەیتانەکان بمپارێزی. نا، هەرگیز شتی واناکەم!
- دەی ئاخر بۆچی؟
- خۆشەویستم، بزانە ئەگەر لاوێك خۆی ڕاستەوخۆ داوای کار ناکات و دەستەوداوێنی ئافرەتان دەبێ بۆپێشنیار و ڕاسپاردن، ئەوە مرۆڤێکی چاك نیە! بۆچی ئەم کابرایە خۆی نایەتە لای من؟

دوای نان خواردن، بەڕێوەبەری پەروەردە چووە ژووری کارەکەی و بەسەر کاناپەکەوە ڕاکشا و خۆی خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامە و نامە تازە گەیشتووەکان کرد. لەیەکێ لەنامەکاندا خێزانی بەڕێوەبەری شارەوانی وای بۆ نوسیبو:

((فیۆدۆر پترۆڤیچی ئازیز! لەبیرمە ڕۆژێ گوتت من بەئاسانی دەتوانم ڕازەکانی دەروونی خەڵك بزانم و زۆریش مرۆڤ دەناسم! ئێستا کاتی ئەوە گەیشتووە کە دروشمەکەتان بەکردەوە تاقی بکەنەوە. لەم ڕۆژانەدا کەسێك داوای کارتان لێدەکا لەهەتیوخانەی

شاردا، مـن ئـەو کەسـە بـاش دەناسـم و دەشـتوانم وەك پیـاوێکی ڕاسـتەقینە و مرۆڤێکـی مـاقوولٚ بـەئێوەی بناسـێنم. ئـەم لاوە زۆر ڕۆحسـووك و لەبـەر دلاٚنـە. دوای ئـەوەی خۆتـان چـاوتان پێکـەوت، تێدەگەن کە مـن ڕاسـتم گوتـووە و ئێـوە لـەو بڕوایـەتان سـەبارەت بەمرۆڤ ناسینی من بەهەڵەدا نەچوون.))

بەڕێوەبەری پەروەردە نامەکەی فڕێدایە گۆشەیەك و بەدەنگی بەرز گوتی:

- نا، هەرگیز. خوایە تۆخۆت من لە دەستی شەیتانەکان ڕزگار بکە.

دوای ئەوە ئیتر ڕۆژ نەبو نامەیەك لەلایەن ژنێکەوە نەگەیەتە دەستی کە تاریفی پونرۆخینی تێدا نەکرابێ و ڕایان نەسپاردبێ. تاڕۆژێ لەڕۆژان سەروکەللەی خودی بەڕێز پونرۆخین پەیدا بوو. گەنجێکی قەڵەو بو، بەڕوومەتێکی ساف و بریقەدار کە دەتگوت پشیلە برسیەکان لستوویانەتەوە. جلوبەرگێکی تازەی ڕەشی لەبەر کردبو. بەڕێوەبەر زۆر بێ موبالات و ساردوسڕ، گوێی بۆداواکاریەکەی گرت و پاشان وشك و جیددی پێی گوت:

- من لەگەڵ ئەوانەی ئیشوکاری ئیدارەیان هەیە لەماڵەوە قسە ناکەم... ئێوە دەبێ لە فەرمانگەدا سەردانم بکەن...
- گەورەم داوای لێبوردن دەکەم دۆستە هاوبەشەکانمان پێشنیاریان کرد کەبە تایبەتی لەماڵەوە بێمە خزمەتتان...

- بەڕێوەبەر لەڕووی ڕقوقینەوە سەیرێکی نووکی پێڵاوە بریقەدارەکانی ئەوی کرد و دەنگێکی وەك بۆڕەی مانگای لەخۆی دەرهێنا و گوتی:

- مممم! سەرم سووڕ دەمێنێ... تائەو جێیەی من بزانم باوکی ئێوە دەوڵەمەندە و ئێوەش هیچ پێویستییەکتان بەپارە نیە و ناشبێت!... کەواتە بۆچی ئەوەندە لەسەری دەڕۆن و دەتانەوێ ئەمکارەتان پێبسپێرم؟ ئاخر مووچەی ئەم کارە زۆر کەمە...

- من کارم بەسەر مووچەوە نیە... هەر حەز دەکەم کارێکم هەبێ، خۆ هەرچۆنێك بێ ئەرکێکی حکوومییە.

- راستە بەڵام لاموایە مانگێکیتر تاسەت لێدەشکێ و دەستی لێدەکێشی لەحالێکدا من کەسێکم بۆ بەڕێوەبردنی ئەمکارە دەسنیشان کردووە کە لە ڕاستیدا پێویستی پێیەتی و تا دوایین کاتی ژیانی، ئەو کارە تاقە ڕێگای ژیان و بژیوی خۆی و منداڵەکانێتی... بەڵێ کەسانێکی فەقیر و هەژار هەن کەئەم کارە تەنیا...

پونرۆخین قسەکەی بە بەڕێوەبەر بڕی و گوتی:

- گەورەم دڵنیابن من تاقەتم لەو کارە بەسەر ناچێ. بەڵێنی شەرەف دەدەم لە کارەکەمدا دروستکار و ئەمین و تێکۆشەر بم.

بەڕێوەبەر هەروەك فیشەك تەقیەوە و لەحاڵێکدا بزەیەکی پڕ لە گاڵتەو سووکایەتی نیشتبووە سەرلێوی گوتی:

- گوێ بگرن، ئێوە هەر ڕۆژی یەکەم بۆچی نەهاتنە لای من و دەستەوداوێنی خاتوون بوون و ئەویشتان خستە ناو دەردیسەری؟

پونرۆخین وەك بلێی زویر بووبێ سەری خستە خوارەوە و گوتی:

- بەڵام جەنابی بەڕێوەبەر، ئەگەر ئێوە گوێ نادەنە پێشنیاری دۆستان، من دەتوانم نامەیەکی پێویست بدەمە خزمەتتان...

پاشان دەستی کردە گیرفانیدا و نامەیەکی دەرهێناو و دایە دەستی بەڕێوەبەر. لەژێر نامەکەدا کە بەشێوەی ڕەسمی و ئیداری نوسرابو، ئیمزای پارێزەر دەبینرا. وا دەرەکەوت پارێزەر نامەکەی هەر نەخوێندبۆوە و تەنیا بۆ ئەوەی زووتر لەدەستی خانمێکی زۆربلێ و زمانباز ڕزگاری ببێت، ئیمزای کردووە. بەڕێوەبەری پەروەردە نامەکەی تا دوایین وشە خوێندەوە و هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

- هیچ ناکرێ... باشە بەچاوان، بەیانی داواکاریەکەتان بنوسن و بیدەنە دەستم... هیچ ناکرێ...

کاتێ پونرۆخین لەماڵ چووە دەرەوە ڕقوقین و تورەیی هەموو جەستەی بەڕێوەبەری داگرتبوو. وەك مار هەر فیشقەی دەهات و

بەتوڕەیی لەکونجێکی ژوورەکەیدا دەڕۆیشتە سووچێکیتر و هەر بۆڵەی دەهات:

- بۆگەن!... کوڕی بێ مانا... کاسەلێسی ژنان...! کرمی بێ نرخ... ئاژەڵ!... توڕەیی جەنابی بەڕێوەبەر گەیشتبووە ئەوپەڕی خۆی. هەروا کەلە ژوورەکەدا ئەهات و ئەچو، گەیشتە لای ئەو دەرکەیەی کە پونرۆخینی لێوە دەرکەوتبوو، تاقەتی نەما و تفێکی کردە ناوەڕاستی درگاکە... بەڵام لەناکاو لەجێی خۆی وشك بوو و لەشەرمانا ئارەقەی بەردا. چونکە هەرلەو کاتەدا خێزانی بەڕێوەبەری دارایی کە هاتبوو بۆدیدەنی لەچوارچێوەی دەرکەکەدا وەستابو!

- داوای لێبوردن دەکەم.

- من چند دەقیقە کاتی ئێوە دەگرم... بەڵێ... بەڵێ... تەنیا چەند دەقیقە... براگیان دانیشە و بەجوانی سەرنجی قسەکانم بدە... بیستم لە یەکێ لە فەرمانگەکانی ئێوەدا جێگەیەکی بەتاڵ هەیە... هەر ئەمڕۆ یا سبەینێ گەنجێك بەناوی پونرۆخین بۆ لای ئێوە...

- ژنەکەی بەڕێوەبەری دارایی هەر قسەی دەکرد و بەڕێوەبەری پەروەردە بەڕەنگی هەڵبزرکاو و چاوی بێ سۆ وەك ئەوانەی خەریکە لەهۆش دەچن سەیری دەکرد و بۆپاراستنی ڕێزی خاتوون بەزۆر بزەیەکی هێنابووە سەر لێوە وشکەکانی...

ڕۆژی دوایی کاتێ جەنابی بەڕێوەبەر وۆرمینسکی بانگ کردبوو بۆ ژوورەکەی و قسەی لەگەڵ دەکرد، تاماوەیەك نەیدەوێرا ئەو ڕاستیە تاڵەی پێبڵێ... هەر قسەکانی دەگۆڕین بۆ مەسەلەیەکیدیکە... گیری خواردبوو و نەیدەزانی لەکوێوە دەستی پێبکا... بەڵام وەك سەر خۆشەکان هەر زمانی لە دەمیدا دەگەڕا. گوێی سوور ببونەوە و لەوەی کەناچار بوو لەپشت مێزی بەڕێوەبەرایەتیەوە لەبەرانبەر فەرمانبەرێکی بچوکی خۆیدا ئاوا ڕۆڵێکی ناحەز بگێڕێت، بەتەواوی زویر و شەرمەزار بو... لەناکاو مشتێکی توندی بەسەر مێزەکەیدا کێشاو لەجێی خۆی هەستا و بە تووڕەیی هاواری کرد:

- من فەرمانگەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆمدا هیچ کارێکم بۆ ئێوە نییە!... نیمە... چیتان لێمدەوێ؟ بۆ چی نایەڵن ئاسوودە بم؟ بەستە ئیتر دەست لە بەرۆکم بەر دەن... تکا ئەکەم ئەم گەورەییەم لەگەڵ بکەن!...
- ئەمەی گوت و لەژوری کارەکەی چووە دەرەوە.

# کیژی ئینگلیزی

گالیسکەیەکی گەورە کە چواردەوری تایەکانی بەلاستیك داپۆشرابو و ناوەوەی بەمەخمەلێکی گرانبایی دوورابۆوە و گالیسکەوانێکی قەڵەو لێدەخوڕی، لەبەرانبەری ماڵی ((ئیوان کۆزمیچ گریابۆف))ی کەیخودای گوند وەستا و ((فیودۆر ئاندرڤیچ ئۆتسۆف))ی بەرپرسی بەشی کار و باری ماڵکەکانی ناوچە بەپەلە لێی دابەزی و ڕوی کردە ماڵی ئەرباب. لەدالآنی ماڵەکەدا چاوی کەوتە ڕەنجبەرە خەوئالۆوەکەی ئاغا:

- خاوەن ماڵ لەماڵەوەن؟
- بەداخەوە... خاتوون لەگەڵ میوانەکاندا چوونەتە میوانی و ئاغاش لەگەڵ مادموازل دایەنی منداڵەکان چووەتە ماسی گرتن... هەر لەبەیانییەوە ڕۆیشتوون...

ئۆتسۆف تاوێ وەستا و بیری کردەوە، پاشان کەوتەڕێ بەرەو لێوار رووبار بۆ دیتنی گریابۆف. پاش بڕینی دوو کیلۆمەتر گەیشتە نزیکی ڕۆخانەکە. لە تەپۆڵکەیەکی لای لێواری ڕۆخانەکەوە گریابۆفی بینی. بەسەرسوڕمانەوە لەجێی خۆی وەستا و چاوی لێبڕی. گریابۆف، ئەو کابرا زل و زەبەلاحە بەو کەللەسەرە زلەیەوە وەك تورکەکان ئەژنۆی دابووە سەر ڕێخەکانی ڕۆخانە و چەنگەکی بەدەستەوە، خەریکی ماسی گرتن بوو. شەپکەکەی کەوتبووە

پشت ملی و بۆینباخەکەی بەلادا هاتبوو و لەپاڵیدا ژنێکی ئینگلیزی باڵابەرز و لاواز وەستابوو کەچاوی لەچاوی بۆق و لووتی گەورەو درێژی لەچەنگەکی ماسیگرتن دەچوو. بیێدەنگی باڵی بە هەر چواردەوری ئەو دوکەسەدا کێشابوو. هەردووکیان ئارام و بێ جموجووڵ بوون هەروەك ئەو ڕۆخانە بێدەنگەی کە ماسییان تێدا دەگرت. پاش ماوەیەك سەیر کردنیان، ئۆتسۆف بەرەو ڕۆخانەکە کەوتەڕێ و بەدەنگی بەرز گوتی:

- ڕاوچییە بەڕێزەکان لەوە دەچێ ماندوو بووبن کەچی ڕاویشتان هیچی دیار نیە...
- سڵاو ئیوان کۆزمیچ.

گریابۆف بێ ئەوەی بۆی بڕوانێت هەروا کە دانیشتبوو گوتی:

- ئائائائا... ئەوە تۆی؟ هاتی؟
- بەڵێ هەروایە کە دەبینی، کەچی تۆ هێشتا خەریکی کارە بێماناکەی خۆتی... دیارە هێشتا لەم خووە ناشیرینە دەستت هەڵنەگرتووە.
- کوێی خراپە؟ هەموو ڕۆژێ لەبەیانیەوە خەریکی ماسی گرتنم. نازانم بۆچی ئەمڕۆ بەختم نایهێنێ و کارمان ناچێتە پێش؟ نەخۆم و نەئەم قازانەسەرەی سەرخەمانە نەمانتوانیوە تەنانەت ماسییەکیش بگرین... هەروا بەچاوەڕوانی دانیشتووین بەڵام

بێسوود... ئەوەندە ماندوو و ناڕەحەتم وەختە هاوارم لێهەستێ.

- ئەی هەی بابە، تۆ بەتاڵی. کورە وازی لێبێنە بابڕۆین ڤۆدکاکەمان بخۆینەوە...

- تۆزێ ڕاوەستە، هاتو شتێکمان دەستکەوت. کاتی خۆرئاوا ماسی زۆرتر دەگیرێ... نازانی لەم بەتاڵی و بێدەنگیەدا چیم لێهاتووە کە ناشتوانم بیلێم... نازانم بۆچی خووم گرتووە بەمکارەوە خۆم ئەزانم کارێکی بێسوودە، کەچی ناتوانم دەستی لێهەلگرم!... وەك خەلکی نەفام... وەك ئەوانەی بە ئیشوکاری خراپ و نالەبار مەحکوم کراون چەندین کاتژمێر دائەنیشم و وەك شێت بۆماوەیەکی دوورودرێژ چاو ئەبرمە ئاوی ئەم ڕۆخانەیە. ئێستا کاتی سەمەر هەلگرتنە و من ئەبێ خەریکی ئەو کاروبارەم بم کەچی هەر خەریکی ماسیگرتنم... دوێنێ لەکلێسەدا ڕێوڕەسمی دۆعا و پاڕانەوە بەڕێوە ئەچوو منیش ئەبوا لەوێ بوومایە، بەلاّم هەروەکو گەمژەکان چەندین کاتژمێر لەلێواری ئەم ڕۆخانە لەگەڵ ئەم ژنە ناشیرین و بێمانایەدا... بەڵێ لەگەڵ ئەم ژنە...

ئۆتسۆف قسەکەی پێبڕی و هەروا کە لەژێر چاوەوە بەشەرمەزاری سەیری ژنە ئینگلیزیەکەی ئەکرد گوتی:

- لەوە ئەچێ تۆ شێتیش بووبیت کەوا بەبەر چاوی ژنێکەوە ئاوا قسەی ناشیرین و نابەجێ ئەکەی.
- ئەی هەی، کورە ئەوە خۆ مرۆڤ نیە! لالێکی تەواوە... تەنانەت وشەیەکیش لەزمانی ڕوسی نازانێ ئیتر چ قسەی خراپی پێ بلێی چ بە شان و باڵیدا هەڵبدەی بۆئەو یەك مانای هەیە... توخوا لووتی ببینە... تەنیا سەیرکردنێکی لووتی بەستە کە مرۆڤ دڵی تێك بچێ!... بەدرێژایی ڕۆژ لەپاڵ یەکتر دائەنیشین. بڕوات هەبێ دەنگ لەو بەردە بەرز دەبێتەوە بەڵام لەو نا!... وەك داهۆڵی ناو بێستان وشك ئەوەستێ و سپێتیی ترسناکی چاوەکانی بۆچەندین سەعات ئەبڕێتە ئەو ئاوە...

دایەنەکە باوێشکێکی دا و چەنگەکەکەی لەناو ئاو دەرهێنا و کرمێکیتری پێوە هەڵواسی و دیسانەوە خستیە ناو ئاوەکەوە.

گریابۆف درێژەی بەقسەکانی دا:

- براگیان بەڕاستی زۆر سەرم لەم ژنە سوڕ ئەمێنێ. دە ساڵە لە ڕوسیادا ئەژی کەچی هێشتا تەنانەت تاقە وشەیەکی ڕوسیش فێر نەبووە. منداڵە دەوڵەمەندەکانی لای خۆمان کە ئەڕۆنە وڵاتی ئەوان، زۆر ناخایەنێ فێری زمانەکەیان ئەبن و هەروەك خۆیان ئەکەونە وەق وەق کردن بەڵام ئەوان... شەیتانیش سەری لێ دەر ناکا!... دا سەیرێکی لوتی بکە! نا.. تووخوا سەیریکە!

- ئەی هەی، کورە واز بێنە... باش نیە... بۆچی ئاوا تەشقەڵە بەم ژنە بێچارەیە ئەفرۆشی؟
- یەکەم ئەوە ژن نیە و کچە. پێموایە ئەو بووکە جنانیە ئاواتی شووکردنیشی لە کەللەدا بێ. دوەمیش ئەو بێ پیرە بۆنێکی خراپ و چەپەڵیشی لێدێ. برا نازانی چەندە ڕقم لێهەڵگرتووە. چیتر ناتوانم ئارام و لەسەرخۆ سەیری بکەم! تابەو چاوە دەرپەڕیوانەی سەیرم ئەکا هەموو لەشم ئەلەرزێ، وەك بڵێی ئانیشکم لەئاسنی دابێ... ئەویش زۆر حەز لەڕاوە ماسی ئەکا. سەیری کە وەك داهۆڵ وەستاوە. قولاپەکەی هەر بەدەستەوەیە و لەژێر لێوەوە هەر نزا دەکات!... بەقین و بێزاری ئەڕوانێتە هەموو شتێك و هەموو کەس، ئەم پەیژەی جنۆکانە ئاوا ڕاست وەستاوە و وا دەزانێ سوڵتانی هەموو سروشتە... ئەزانی ناوی چیە؟ ((ئۆئیلکا چارلز تفایس)) ئاخر ئەوەش بووە ناوی مرۆڤ؟ دڵی مرۆڤی پێ تێکدەچێ. پیاو زمانی لەجێ ئەکنرێ تابیەوێ ناوەکەی بڵێتەوە.

ئافرەتەکە کە ناوی خۆی بیست لووتە درێژەکەی بەلای گریابۆفەوە وەرگێڕا و سەیرێکی پڕ لەسوکایەتیی کرد، پاشان چاوی لەو هەڵگرت و بڕییە ئۆتسۆف و هەر بەو شێوەیە سەیرێکی ئەویشی کرد. هەموویشی هەر ئارام و لەسەرخۆ و بە فیز و دەمارەوە.

گریابۆف بەدەنگی بەرز پێکەنی و گوتی:

- بینیت؟ هەیکەلیت دی؟ بەو سەیرکردنەی لەوە دەچوو ئەیەوێ پێمان بڵێ ((وەرن نەفامەکان ئەمەش بەشی ئێوەیە)) ئەی عەجووزەی ناتەواو. بڕوام پێبکە تەنیا بەبۆنەی منداڵەکانەوە ئەم مارمزوکە مێژینەیەم لەماڵی خۆمدا هێشتۆتەوە... ئەگەر لەبەر منداڵەکانم نەبوایە، بڕوات هەبێ نەمدەهێشت لاقی ئاوەها زیندەوەرێك بکەوێتە نزیکی ملك و ماڵیشم. لووتی هەر ئەڵێی دەنوکی واشەیە. قەڵافەتی ببینە... ئەم قازانەسەرە بەڕای من وەك بزمارێکە، پیاو حەزدەکات بیگرێت و بیکوتێت بەزەویدا. ڕاوەستە... ڕاوەستە... قولاپەکەم ئەجوڵێتەوە لەوە ئەچێ ماسییەکی گرتبێ.

گریابۆف گورج هەستایە سەرپێ و قولاپەکەی بەتوندی ڕاکێشایە سەر... هێندەی توند گوشی، بەنی قولاپەکە کێشرا و دارەکەی لار بووەوە. گریابۆف جارێکیتر بەتوندی هێزی لێکرد بەڵام چەنگەك لەنێو ئاوەکەدا دەر نەهات. نێوچەوانی خۆی گرژ کرد و گوتی:

- ئەهـ... گیری کردووە. ڕەنگە قولاپەکە کەوتبێتە بەینی بەردەکانەوە.

بە ناوچاوی گریابۆفەوە نیشانەی ڕەنج و ناهومێدی بەدیدەکرا. چەندینجار پێی کوتایە سەر ڕیخەکە... لەسەریەك جنێوی دەدا و بێزاریی دەردەبڕی. چەندجاریتر هێزی دایێ تا قولاپەکە دەربهێنێ بەڵام نەیتوانی.

- ئەوەندە ناهێنیٚ... وازی لێبێنە!
- نا نابیٚ... نزیکەی خۆرئاوا ماسیی زۆر ئەگرین... بڕوانە چۆن گیرمان خواردووە! خوا رقی لێمان هەڵگرتووە... نا! چارەیەکیترم نیە و هەر ئەبیٚ بچمە ناو ئاوەکەوە... ئا، ئا...، بێجگە لەوە چارەی ترمان نیە. تۆ نازانی چەندە لە ئاوی سارد دەترسم. بەڵام کوا رێگەچارە؟ هەر ئەبیٚ خۆم ڕووت بکەمەوە و زووتر قولاپەکە لە ناو بەردەکاندا دەربێنم. ئەبیٚ ئەو ئافرەتەش لێرە دوور بخەینەوە. ڕووتبوونەوە لەبەرچاوی ئەوەوە شورەییە... هەرچۆنێك بێت ئەویش ژنە!...

گریابۆف کڵاو و بۆینباخەکەی خستنە سەر ڕیخەکە و پاشان ڕوی کردە ئافرەتەکە و گوتی:

– میس... میس مایس! من تکاتان لێدەکەم... ئای.. پیاو چۆنی تێبگەیەنیٚ؟ ئاخر ئەی بەندەی خوا من چی بڵێم تا تۆ تێبگەی؟ گویٚ بدەن! ئێوە پێویستە بڕۆنە ئەویٚ... ئەویٚ... تێگەیشتی؟

میس تفایس جارێکیتر بەچاوێکی پڕ سووکایەتی سەیرێکی گریابۆفی کرد و دەنگێکی لێوەهات کە کەس نەیزانی لەدەمیەوە هات یا لە لوتیەوە!... گریابۆف بەتووڕەییەوە گوتی:

- چی؟ تێناگەی؟ لەگەڵ تۆمە! ئەڵێم زووکە لێرە دوورکەوە. ئەی وشکەڵەی درێژ، من ئەبیٚ ڕووت ببمەوە، دە بڕۆرە ئەولاتر... زوکە ماتڵ مەبە!

گریابۆف قۆڵی میس تفایسی گرت و چەندجار ڕایوەشاند و تەپۆڵکەیەکی لێواری ڕووبارەکەی پیشاندا و لەسەر ڕییخەکە دانیشت... بەمچەشنە ئەیویست تێیبگەیەنێ کە بچێتە پشتی ئەو تەپۆڵکەیە و خۆی بشارێتەوە... میس مایس چەندجار برۆی جووڵاندەوە و بەگورجی گوتەیەکی درێژی بەزمانی ئینگلیزی بەزاردا هات. هەردوو پیاوەکە بەسەرسوڕماوی سەیریان کرد.

گریابۆف ڕویکردە دۆستەکەی و گوتی:

- بڕوا بکە ئەمە یەکەمینجارە کە گوێم لەدەنگی دەبێ... چاوودڵم ڕۆشن... بەڵام چ دەنگێکی دڵتەزێن و سەمەرەی پێوەیە... نا نایەوێ لە مەبەستم تێبگات. باشە من ئەبێ چیی پێبڵێم؟

- کورە برادەری بەڕێز واز بێنە. بابڕۆین ڤۆدکایەك بخۆینەوە...

- نا نابێ... ئێستە ئیتر کاتی ماسیگرتنە... خۆر خەریکە ئاوا ئەبێ... باشە تۆ ئەڵێی من لەگەڵ ئەم ژنە زمان نەزانەدا چ مامەڵەیەك بکەم، ها؟ گیرمان خواردووە! چارە نیە ئەبێ لەبەر چاویەوە ڕووت ببمەوە...

گریابۆف هێلەکی دەرهێنا و بەسەر ڕیخەکەوە دانیشت تا چەکمەکانی داکەنێ. ئۆتسۆف لەحاڵێکدا دەستی بەدەمیەوە گرتبوو و پێدەکەنی گوتی:

- گویٚ بگره... ئیوان کۆزمیچ... ئەزانی خەریکی لەتام دەری ئەکەی... ئەمە ئیتر سەبارەت بەم خاتوونە بیٚشەرمیە...
- جاکیٚ داوای لەو کردووە نەزان و ناحاڵی بیٚ؟... هەرچی پێیدەڵێم تێناگات! ئێستە منیش بەمکارەم وانەیەکی چاك بەم هەندەرانیە لەخۆباییانە ئەدەم!

گریابۆف چەکمە و پیژامەکەی دەرهێنا و فڕێیدانە سوچێك و ڕووت بووەوە. ڕووت هەروەك ئادەم و حەوا. ئۆتسۆف دەستی نابووە سەر زکی و هێندە پێکەنیبوو وەختەبوو لە هۆش بچێت. ڕومەتی لە پێکەنین و شەرمدا بەتەواوەتی سوور هەڵگەڕابوو... میس تفایس چەندجاریٚ برۆی جووڵاندەوە و مژۆڵەی چاوەکانی لێك نا... لەڕومەتی زەرد هەڵگەڕاویدا بزەیەکی پڕ گاڵتە و سوکایەتی بەدیدەکرا. گریابۆف ڕووتوقووت لە لێواری ڕوبارەکەدا ڕاوەستابوو و لەحاڵێکدا بەدەست، توند لەپشتی خۆی دەدا گوتی:

- باشترە راوەستم تا ئارەقەی لەشم وشك دەبێتەوە نەوەك سەرمام ببیٚ... ڕاستی دۆستی خۆشەویستم ئەتوانی پێم بڵێی لەوەرزی هاویندا بۆچی سنگم پیزۆکە بەرئەدا؟
- کورە دەی گورج بە یا بچۆرە ناو ئاوەکەوە یا بەشتێك بەری خۆت بشارەوە. بەڕاستی حەیوانێکی بێشەرمی!

گریابۆف بەدەستی خاچێکی بەسەر سنگیەوە کێشا و کاتیٚ خەریك بوو ئەڕۆیشتە ناو ڕوبارەکەوە گوتی:

- خۆزگە ئەم دەعبایەش بیزانیبا تۆزێ شەرم بکا... وەی... وەی... وەی... چ ئاوێکی ساردە... تۆئەو خوایە سەیریکە، بڕوانە چۆن برۆکانی ئەجوولێنێتەوە! هیچ خەیاڵی ڕۆیشتنیشی نیە. خۆی لەعالەم بەرزتر ئەزانێ... هاهاها... ڕەنگە ئێمە هەر بە مرۆڤیش نەزانێ!

گریابۆف چووە ناو ڕوبارەکەوە. کەئاو گەیشتە ئەژنۆی، خۆی ڕاست کردەوە و گوتی:

- قەیدی نیە. بابزانێ ئێرە بۆ ئەو نابێتە ئینگلتەرا!

میس مایس بەوپەڕی ئارامی و لەسەرخۆیی قولاپەکەی خۆی لەئاو دەرهێنا و کرمێکی تازەی پێوە هەڵواسی... ئۆتسۆف ڕوی وەرگێڕاو پشتی کردە ڕوبارەکە... گریابۆف قولاپەکەی لە ناو بەردەکاندا دەرهێنا. پاشان یەك دوجار سەری بردە ژێر ئاوەکە و بە پف پف کردن و هەنسکدان لە ڕوبارەکە هاتەدەر. یەك دو خولەك دواتر، سەر لەنوێ بەسەر ڕیخەکانی لێواری ڕوبارەکەوە دانیشت و دەستی کردەوە بەماسی گرتن.

١٨٨٣

# میوان

چاوەکانی زلتروسکی پارێزەری دادگا خەویان تێشکابوو . ماوەیەکی زۆربوو تاریکایی باڵی بەسەر هەمو دنیادا کێشابوو. نیشانەیەکیش لە شنەی شەماڵ نەبوو . پەلەوەرەکان بێدەنگ ببوون و هەمو پەز و مانگاکانیش نووستبوون . خێزانی زلتروسکی دەمێکە شەوباشی گوتووە و چووەتە ژورەکەی خۆی و نووستووە. کلّفەت و کارەکەریش هەمو نووستوون. باشتر بڵێم، هەمو گیانلەبەران نووستبوون و تەنیا زلتروسکی بو کە هەر چەند مژۆڵەی قورس ببوون، نەیدەتوانی بچێتە ژوری نووستن. چونکە سەرهەنگی خانەنشین (پرەگاریەن)ی هاوسێ هەوارەکەی، ببوەمیوانی. هەر لە دوانیوەڕۆوە میوان هاتەماڵەوەو لەسەر کورسیی ژوری خواردن بۆی دانیشت و وەك بە کورسیەکەوە لکابێ، ئیتر هەڵنەستا. میوانی تازە هاتوو هەر لە گەڵ گەیشتنی، بەدەنگێکی خەماوی کە مێشکی ماندوو ئەکرد دەستی کردەبۆوە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەیەکی خۆی کە چۆن لە ساڵی ١٨٤٣ دا لە شاری کرێمنجۆك سەگێکی هار پەلاماری داوەو گازی لە لاقی گرتووە. تاباسەکە دواییدەهات سەرهەنگ بێوچان و سەرلەنوێ دەستی پێدەکردەوە. ماندوێتی و خەو و هیلاکی هەمو لەشی زلتروسکیی تەزاندبو و هیچکارێك

نەمابوو نەیکات بۆ ئەوەی بتوانێ لە شەڕی ئەم میوانە وەخت نەناسە رزگار ببێ ...پەیتا پەیتا سەیری کاتژمێرەکەی ئەکرد ...باوێشکی داویشت و باسی ژانەسەرەکەی خوی دەکرد، چەندینجار لە ژوری خواردن دەچوەدەرێ و بۆ ماوەیەکی درێژ میوانەکەی بەتەنیا بەجێدەهێشت. بەڵام نا. هیچکام لەم فێڵانە کاریگەر نەبوون! ! میوانی نەفام بەهیچ کلۆجێك سەرنجی نەئەدایە حاڵی خاوەن ماڵ و لەسەریەك و بێ بڕانەوە خەریکی گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی خۆی و سەگە هارەکە بوو. زلتروسکی تووڕە بوو و لەدڵەوە ئەیگوت: ((وابزانم ئەم پیرە خەرەفاوە خەیاڵی وابێ تا بەیانی دانیشێت و ببێتە مایەی ئازار و زەحمەتی من! عەجەب کابرایەکی نەفام و بێ ئەقڵە... باشە ئێستا کە ئەو بەئیشارە و ئاماژەی ئاسایی تێناگات، ناچارم کارێکی توندتر و راشکاوانەتری لەگەڵ بکەم)) خاوەن ماڵ ڕوویکردە میوانەکە و لێی پرسیی:

- ئایا ئێوە دەزانن من بۆچی حەزم لە ژیانی هەوارگەیە؟
- بۆچی؟
- لەبەر ئەوەی، لێرە مرۆڤ ئەتوانێ بۆ ژیانی خۆی پلان و یاسایەکی تایبەتی هەبێت... لە شاردا زۆر ئاستەمە بتوانی بۆ هەموو کاتەکانی ژیانت پلانی تایبەت دابرێژیت، بەڵام لە هەوارگەدا بە پێچەوانەی شار ئەمە کارێکی ئاسان و ئاساییە ... بۆ نموونە، ئێمە لێرەدا کاتژمێر نۆی بەیانی لە خەو

هەڵدەستین، کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ نانی نیوەڕۆ ئەخۆین، کاتژمێر دەی شەویش شیو ئەخۆین و ڕێك لە نیوەشەوا ئەنووین. من هەمو شەوێك لەسەر کاتژمێر دوازدە ئەچمە ناو جێگە ...خوا نەکا درەنگتر بنووم چونکە بێشك ڕۆژی دوایی ژانەسەرێکی سەخت ئازارمدەدات ..بەڵێ ڕاست ئەفەرمون. بە ڕاستی هەر وایە... ئەڵبەت هەرکەس بە چەشنە ژیانێك ڕا هاتووە. ئەزانن من دۆستێکم هەبوو بەناوی سەروان کلیۆشکین کە لە بەڕێوەبەرانی فەرماندەیی لەشکر بوو. لەشاری سەرپۆخفادا یەکمان ناسی.. جا هەر ئەو بەڕێز سەروان کلیۆشکینە...لێرەدا میوان بە زارگیراوی و ڕاوەشاندنی دەستە گۆشتنەکانی دەستیکردە گێڕانەوەی سەربردەی سەروان کلیۆشکین. زەنگی کاتژمێرە دیوارییەکە دوازدەجار لێیدا... کابرا هەر درێژەی دایێ.. زنگی کاتژمێرەکە نیوەی پاشنیوەشەوی راگەیاند. زلتروسکی قسەکەی بە سەرهەنگ (کە هەر بولبول زمانیی دەکرد )بڕی و وەك بناڵێنێ گوتی:

- ببورن کە قسەکەتان پێدەبڕم .....جەنابتان کەی ئەخەون ؟
- خەوتنی من کات و ساتی دیاریکراوی بۆنیە... جاری وا هەیە دو یا سێی پاش نیوەشەو ئەنووم ئەڵبەت ئەگەر هاودەم و هاوڕێیەکم هەبێ یا ژانە کۆنەکەی لاقم سەرهەڵبداتەوە، لەوانەیە تابەیانی نەخەوم و هەر نەشکەومە بیری جێگای

نووستن!... ئەمشەویش نیازم وایە تاچواری پاش نیوەشەو دانیشم چونکە پاش نیوەڕۆ خەوێکی چاکم کردووە. بە گشتی، من توانام لە بێ خەویدا زۆرە... لە بەرەکانی جەنگدا وا ڕێك دەکەوت حەفتەیەکیش نەدەنووستین. هەرئەم مەسەلەیە بۆخۆم هاتە پێش... ئەوکاتەی لەشکرەکەمان لەبەرەی قەوقاز دەجەنگی...

- زۆر داوای لێبوردن ئەکەم قسەکەتان پێ ئەبڕم، بەڵام من وا ڕاهاتووم کە هەموو شەوێ سەری سەعاتی دوازدە بخەوم. هەمیشە سەری سەعاتی (٩)ی بەیانی هەڵدەستم بۆیە ناچارم شەو زووتر بنووم.

- وایە... زوخێزی لەبەیانیاندا بۆ تەندروستی زۆر گرنگە... بەڵی عەرزم ئەکرد کاتێ لەشکرەکەی ئێمە لەیەکێ لەبەرەکانی قەوقازدا خەریکی شەڕبوو...

- لەعنەت لە شەیتان!... نازانن حاڵم چەندە خراپە... لەرز و تا هەموو لەشی داگرتووم... تایەکی بەرز خەریکە ئەمسوتێنێ، هەمیشە پێش ئەوی لەسەر خۆ بچم، ئەم حاڵەتەم لێدێ... دەبێ بڵێم زۆر جار بەهۆی خراپیی ئەعسابمەوە لە هۆش ئەچم، دەڵێن گوایە لەوکاتانەدا دست ئەدەمە کارگەلێکی خراپ و پڕمەترسی، ئەغڵەب لەنێوان کاتژمێر دوانزە تا یەکی پاش نیوەشەو وام لێدێ، شتێکی سەیرە تائێستا بە ڕۆژ

بێهۆش نەبوومە، بەڵێ، کاتێ خەریکە بێهۆش ئەبم سەرم دێتە ئێش، شتێك لەگوێمدا ئەزرینگێتەوە: ژژژژ... پاشان لەهۆش ئەچم... لەرز هەموو لەشم دائەگرێت و ئیتر هەرچی لەبەر دەستم بێ ئەیوەشێنم بۆ ئەوانەی دەوروبەرم... خوا بمانپارێزێ... ئەترسم لەو حاڵەدا، بێ ئەوەی خۆم بزانم دەست بدەمە تاوانێك، ئەگەر چەقۆی تیژ یا مێزوکورسی لەبەر دەستمدا هەبێ هەڵیدەگرم و دەیوەشێنم بۆ هەرکام لەوانەی لەدەوروبەرمدان... ئاخ... ئاخ... ئەوە خەریکە لەرز دەمگرێ. وابزانم ئەم لە هۆشچوونە بێ پیرە نزیك بووەتەوە، هەمیشە پاش ئەم لەرز و تایە لە هۆش ئەچم...

- ئاوا!... دەر دەکەوێ زۆر شەیتانن و ئێمە ئاگامان لێ نەبووە، ئەی بۆچی چارەسەرێکی خۆتان ناکەن؟
- ماوەیەکی زۆر چوومە لای دکتۆر بۆ بە مەبەستی چارەسەر، سوودی نەبوو جارێ بەوە ڕاهاتووم ئەوانەی دەوروبەرم لەنزیك بوونەوەی ئەو حاڵەتەم ئاگادار بکەمەوە تا زووتر لێم دوور بکەونەوە. بەڵێ دەمێکە وازم لەدەواودەرمان هێناوە.
- هەی هەی... جا ئەمەش بووە ژیان؟ چ نەخۆشینگەلێك لەم دنیایەدا هەن؟... وەبا... تاعوون... لە هۆشچوونی سەیروسەمەرە و...!

سەرهەنگ چەندجارێك سەری لەقاند و چووە نێو فكرانەوە.

بێدەنگییەكی قووڵ ژوورەكەی داگرت، زلتروسكی بۆ چارەیەك ئەگەڕا، لەناكاو هاتەوە بیری كاتی گەمجێتی كە قوتابی بووە دستی كردبوو بەنووسینی ڕۆمانێك، لەدڵی خۆیدا گوتی: ((نازانم ئەم ڕۆمانە كەوتۆتە كوێ و خاكوخۆڵ ئەخوا. ئەگەر بیدۆزمەوە بۆی ئەخوێنمەوە. هات و خوێندنەوەی ئەو حیكایەتە كە لەو رۆژانەدا لای خۆم وەك شاكارێكی گەورەی ئەدبی بوو هیچ نەبێ لەم حاڵ و وەزعەدا سوودێكی بۆم هەبێت)) خاوەن ماڵ بێدەنگییەكەی شكاند و گوتی:

- ئاه.. ئەرێ ئێوە حەزدەكەن نوسراوێكی ئەدەبی خۆمتان بۆ بخوێنمەوە كە ساڵەها پێشتر نوسیومە؟ كاتی گەنجێتیم هەندێ شتم نووسیبوو... ڕۆمانێكە لەپێنج بەشدا لەگەڵ پێشەكیەك و ئەنجامێك...

زلتروسكی چییتر چاوەڕوانی وڵام نەما، گورج هەستا و لەناو مێزەكەیدا بەستەیەك كاغەزی دەرهێنا كە هێندە مابۆوە زەرد هەڵگەڕا بوو، بەسەریەوە و بەخەتی گەورە نوسرابوو (شەپۆلە مردووەكان ــ ڕۆمان ــ لەپێنج بەشدا) زلتروسكی بەستە كاغەزەكەی هێنا و لەجێگەكەیدا دانیشت. كاتێ كە لاپەڕەكانی هەڵدەدانەوە، لەدڵەوە نەخشەی دەكێشا: ((ئەوەندەی بۆ ئەخوێنمەوە تا بكەوێتە قوولە قوول))

- ئینجا.. بەڕێز سەرهەنگ پڕەگاریەن گوێ بگرن... ئەوا دەستی پێدەکەم.
- فەرموون. زۆریش پێی خۆشحاڵ ئەبم. حەزم لەو کاتانەیە کەسێکیتر کتێبم بۆ ئەخوێنێتەوە...
- زلتروسکی دەستی کردە خوێندنەوەی رۆمانەکەی.

سەرهەنگ لاقەکانی خستە سەریەك و تۆزێ لە جێی خۆی جوولاٌ و ئارامی گرت. لەوە ئەچوو خەیاڵی وایە بەزەوق و سەلیقەوە گوێ بگرێ... خاوەن ماڵ پێشەکیەکەی ئەخوێندەوە کە باسی جوانیی سرووشتی دەکرد. کاتێ زەنگی کاتژمێرەکە یەکی پاش نیوەشەوی ڕاگەیاند، باسی سروشتی جوان گۆڕا و باسی کۆشکێکی جوان و مەزن و ڕازاوە هاتە گۆڕێ کە قارەمانەکەی تێدا دەژیا. لێرەدا میوان هەناسەیەکی لەناخی دڵەوە هەڵکێشا و گوتی:

- یەکێك لەئاواتەکانی من ئەوەیە لەناو ئاوا کۆشکێکدا بژیم... بە بە، چەندە جوانتان نوسیوە، نەمدەزانی ئێوە نوسەرێکی بەدەسەلاٌتیشن... بەڕاستی مرۆڤ ئەتوانێ تەمەنێك بێ جموجووڵ دابنیشێت و چێژ لەبیستنی نوسراوەکەتان بەرێ.
زلتروسکی لەدڵەوە گوتی: (بووەستە... کاتی قوولینیشت دەگات.) نزیکەی یەکونیوی پاش نیوەشەو باسی کۆشکە ڕازاوەکە هێدی هێدی کۆتاییهات و باس هاتەسەر وەسفی هەیکەلی جوان و ئەندامی پیاوانەی قارەمانی ڕۆمانەکە. ڕێك

سەری سەعاتی دوی پاش نیوەشەو خوێنەر دەستیکردە خوێندنەوەی ئەم وشانە: ((ئێوە دەپرسن من چیمدەوێ؟ ئاخ... من دەمەوێ لەوێ، دوور لەچاوی هەمووان، لەژێر تاقی پڕ لەڕازی ئاسمانی خۆرنشیندا، دەستە جوان و ناسکەکانتان کە لەتاوی عەشق و خۆشەویستی دەلەرزن، بخرێنە ناو دەستی من... تەنیا لەوێ... بەڵێ تەنیا لەوێیە کە دڵی پڕ لەخەمی من بەتوندی لێئەدات و بنەڕەتی کۆشکی ئاواتم دائەنرێ. ئاخ ئەی کۆشکی ئاواتم!... خۆشەویستی... خۆشەویستی هەر تۆی... نا!...))

- بەڕێز پرەگاریەن ئەزانن چیە؟ چیتر ناتوانم درێژەی پێبدەم، توانام لێ بڕاوە، بێچارە بووم!...
- ئەگەر ماندوو بوون وازی لێبێنن، پێویستناکات خۆتان ناڕەحەت بکەن، شەوی داهاتوو پاشماوەکەی بخوێننەوە. ئێستا تۆزێ پێکەوە قسە دەکەین. بەڕاست خۆ من بۆتانم نەگێڕایەوە کە کاتێ لەشکرەکەی ئێمە لەبەرەی قەوقاز خەریکی شەڕ بوو...

زلتروسکی شەکەت و ماندوو، پاڵی بەپشتیەکەوە دا. چاوی لێکنا و گوێی بۆ حەقایەتە هەرە نەبڕاوەکەی میوان شل کرد. لە هەمان حاڵیشدا لە بەر خۆیەوە بیریدەکردەوە: هەمو ئەو شتانەی کە بە خەیاڵی خۆم کاریگەر بوون تاقیم کردنەوە کەچی سوودیان

نەبوو... لەوە ئەچیٚ هیچ گوللەیەك بۆ پیٚستی ئەستووری ئەم کەرگەدنە کاریگەر نەبیٚ... دڵنیام تاچواری دوای نیوەشەو دائەنیشیٚ!... خوا بزانیٚ حازرم سەد رۆبڵ بدەم بەو مەرجەی بچمە ناو جیٚگەو ڕاکشیٚم... سەد رۆبڵ؟ ئاها! چ فکریٚکی باش! هەر ئیٚستا داوای قەرزی لیٚدەکەم! وابزانم ئەمە بەسوودترین ڕیٚگەی ڕزگار بوونە!...)) ئیتر ماتڵی نەکرد، پەڕیە نیٚو قسەی میوان و گوتی:

- من دیسانەوە قسەکانتان پیٚدەبڕم. داواکارییەکی بچوکم هەیە لیٚتان، ئەمەویٚ پیاوەتییەکم لەگەڵ بکەن. بەم دواییانە بەهۆی ژیانی گەرمەسیٚر و هاتوچۆی لەڕادەبەدەر، زۆرم پارە خەرجکردووە و ئیٚستە تەنانەت عانەیەکیشم لەگیرفاندا نەماوە. لەحاڵیٚکدا تا سەری مانگ و کاتی موچە وەرگرتن ماوەیەکی زۆرمان ماوە... سەرهەنگ پرەگاریەن چاویٚکی بەچوارگۆشەی ژورەکەدا گیٚڕا و شەپکەکەی خۆی دۆزیەوە و بەدەنگیٚکی نوساو گوتی:

- ئا..ی ئای، بابە لەوە ئەچیٚ زۆر درەنگ بیٚت. زەحمەتی ئیٚوەشمدا، سەیرە سەعات نزیکی سیٚی نیوەشەوە. ڕاستی ئیٚوە چیتان ئەفەرموو؟

- ئەمویست دوسەد سیٚسەد رۆبڵ لە کەسیٚك قەرز بکەم. ئایا ئیٚوە کەسیٚك شکنابەن ئەم پارەیەم تا سەری مانگ بداتیٚ؟

- جامن لەکوێ ئاوەها کەسانێ بناسم. ئیتر کاتی بای بای گەیشتووە. زۆر درەنگە... شەوباش، هیوادارم سەلامەت بن لەلایەن منەوە لەخاتوون...

سەرهەنگ شەپکەی گرتە دەستیەوە و هەنگاوێکی بۆلای دەرگاکە هەڵگرت.

زلتروسکی کە لە خۆشیانا وەختەبوو بفڕێ گوتی:

- بۆکوێ تەشریف ئەبەن؟ ئێستا ئەمویست تکاتان لێبکەم. چونکە ئەمزانی پیاوێکی دڵنەرم و دڵاوان. ئومێدەوارم بووم کە...

- بەیانی، بەیانی، ئێستا کاتی ئەوەیە بڕۆنە لای خێزانتان! دڵنیام ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانتانە. هە هە هە ، فریشتەکەی من خواحافیز، کاتی نووستنە.

سەرهەنگ بەپەلە دەستی زلتروسکی گوشی و لەدەرکە چوەدەر. خاوەن ماڵی ماندووی سەرکەوتوو هێندە دڵی خۆشبو، خۆی لەئاسمانی حەوتەمدا دەبینییەوە.

## ئاخرەکەی خێر بێت:...

ڕۆژێ لەو ڕۆژانەی کە نیکۆلای نیکۆلایۆڤیچ ستیجکین بەڕێوەبەری وێستگەی شەمەندەفەر لەپشودا بوو، لەماڵەوە دانیشتبو و میوانداریی میوانەکەی دەکرد. میوانەکەی ((لیۆبا گریگۆریۆنا)) ژنێکی چل ساڵانەی قەڵەوبو کەکاری دەلاڵی و دۆزینەوەی بووك و زاوا و چەند ئیشوکارێکیتر بو کە دەبوو لەبارەی چۆنیەتیانەوە ئارام و هێور و لەسەرخۆ قسە بکرایە. نیکۆلای نیکۆلایۆڤیچ، شەرمن بەڵام وەك هەمیشە قورس و لەسەرخۆ و تاڕادەیەك گرژومۆن ئەم پەڕوپەڕی ژوورەکەی بەهەنگاو دەپێوا و جگەرەکەی هەر بەدەمیەوە بوو، ئەیگوت:

– زۆر دڵخۆشم بەوەی لەگەڵ ئێوەدا ئاشنا بووم. دۆستی خۆشەویستم لیمۆن ئیوانۆڤیچ پێی ڕاسپاردم و گوتی تەنیا ئێوە ئەتوانن لەمکارە گرنگانەدا کە بەختیاری و چارەنووسی منی پێوە بەستراوەتەوە یارمەتیم بدەن... لیۆبا گریگۆریۆنا چیتان لێ بشارمەوە من تەمەنم چۆتە پەنجاودوساڵ. ئەمەش تەمەنێکە زۆر کەس هەن هەیانبێت و چەند منالی گەورەیان هەبێت. من ئیشوکارم باشە و جێی متمانەیە، هەرچەند ماڵ و سامانم زۆر نیە بەڵام ئەوەندەم هەیە بتوانم لەپاڵ خۆمدا ژن و

منالّ بەخێو بکەم. قسەی خۆمان بێت، بێجگە لە موچەی مانگانە بڕێکیدیکە پارەم هەیە کە توانیومە تائێستا لە بەنکدا پاشەکەوتی بکەم، ئەویش چونکە ژن و منالّم نەبووە. من مرۆڤێکی ژیرم، بە ئارەق و شەراب ڕانەهاتووم و وا ئەژیم کە بتوانم نموونەی مرۆڤێکی راستەقینە بم بۆخەلّکیتر. تەنیا شتێکم لەدنیادا کەمە، ئەویش هێلانەیەکی پڕ خۆشەویستی و هاوسەرێکی دلّسۆزە بۆ ژیانم. تائێستا وەك قەرەج ژیاوم و لەم جێ بۆئەوجێ گواستومەتەوە. لەخۆشیەکانی ژیان بێبەشم و کەسێکیش لەماڵەکەمدا نیە جاروبار سکالآیەکی لەگەلّ بکەم. هێندە تەنیام، ئەگەر ڕۆژێك نەخۆش بکەوم کەس نیە تەنانەت ئاوێکم بە دەمەوە بکات. بێجگە لەمەش پیاوێ ژنی هەبێ لەنێو کۆمەلّدا بەڕێز و قورس و ماقولّترە لەحالێّکدا پیاوی ڕەبەنی بێ ژن ئەبێ تەنیا و گۆشەنشین و لانەواز بێت. من پیاوێکی خوێندەوار و تاڕادەیەك دەولّەمەندم بەلآم ئەگەر لەباری کۆمەلآیەتیەوە سەیرم بکەی، من کێم؟ کابرایەکی بێ کەلّك وەك قەشەی ناو گەڕەك... بەم هۆیەوە ئەمەوێ ژنێکی نەجیب و بەڕێز بخوازم و ئەرکی سەرشانم لە بواری کۆمەلآیەتییەوە بەجێبهێنم.

ژنە دەلآلّەکە هەناسەیەکی هەلّکێشا و گوتی:

– ئەمە فکرێکی زۆر ژیرانە و کارێکی زۆر باشە.

- من پیاوێکی تەنیام و لەم شارەدا غەریبم و کەس ناناسم... ئەتوانم بڕۆمە کوێ؟ خوازبێنی لەچ ژنێك بکەم؟ لەحاڵێکدا کەسێك شك نابەم. هەربۆیەش سیمۆن ئیوانۆڤیچ پێی ڕاسپاردم ئەم ئەرکە بخەمە ئەستۆی ئێوە چونکە لەم چەشنە کاروبارەدا شارەزا وکارامەن و تواناییتان زۆرە و لەبەختەوەرکردنی مرۆڤدا بەئەزمونترن. لیۆبا گریگۆریۆنا تکاتان لێدەکەم لە پێکهێنانی بنەماڵە و بەختەوەریی خێزانیدا یارمەتیم بدەن. چونکە ئێوە هەموو کچەکانی شار بە باشی دەناسن و ئەمکارەش بە لاتانەوە زۆر ئاساییە.
- بەڵێ ئاسانە.
- ئەرێ بۆچی هەر ئاوا دانیشتوون؟ تکایە فەرموون شتێك بخۆنەوە.

ژنەکە دەستی برد و پێکی ئارەقی هەڵگرت و بەلێویەوەی نا و بەقولْمێك هەمووی خواردەوە و گوتی:

- باشە ئەم کارە ئاساییە. نیکۆلای نیکۆلایوڤیچ، ئەکرێ پێمبڵێن بزانم ئێوە چ ژنێکتان دەوێت؟
- من؟ هەرکەسم بە نسیب بێت.
- هەڵبەت چارەنووس زۆر کاریگەرە، بەڵام ئاخر سەلیقەی ئێوە چیە؟ هەندێکەس ژنی قژ ڕەش و هەندێکیش ئەسمەریان خۆشدەوێ.

نیکۆلای نیکۆلایوڤیچ هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

– لیۆنا گریگۆریۆنا خۆتان دەزانن من پیاوێکی ژیر و بەڕێزم و هەڵوێستم جوانە. جوانی و چۆنیەتی رواڵەتی دەرەوە بۆم گرینگ نیە ئەگەر هەشبێ لەپلەی دووەمدایە جوانیی ژن شتێك بەمرۆڤ نابەخشێ بەڵکو دەردیسەریشی بەدواوە دەبێ. من هەمیشە وام بیر کردۆتەوە و ئێستاکەش هەروا ئەزانم کەجوانی و رواڵەتی دەرەوەی ژن هیچ گرینگ نیە. ئەوەی جێی سەرنجە ڕەفتار ئاکاری ئافرەتە. زۆر پێویستە ئافرەت نەجیب بێت، ڕۆحسووك و خۆشەویست بێت.. بۆ نافەرموون تکادەکەم شەرم مەکەن. ئەڵبەت لەلای من ژن قەڵەو بێت باشترە هەرچەند دڵنیام ئەمەش هیچ ڕۆڵێکی لەبەختیاریی خێزاندا نیە. بنەڕەتی مەسەلەکە ئەوەیە ژن ئەقڵی هەبێ. هەرچەند ئەگەر بەڕاستی و پەتی عەرزتان بکەم ئاقڵ بوونی ژنیش بەتەواوی پێویست نیە چونکە ژنە ئاقڵەکان زۆر لەخۆیان دەردەچن و بیروبڕوای سەیروسەمەرە بۆخۆیان دەدۆزنەوە. ئەڵبەت لەژیانی ئەمڕۆژیدا کەس ژنی نەخوێندەوار ناخوازێ بەڵام خوێندەواریش جیایە. ئەگەر ژن زمانەکانی فەرەنسی و ئاڵمانی بزانێت و دەنگێکی خۆش و دڵگیری هەبێ زۆر باشە بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا واتە ئەگەر ژنێك ئەو هەموو بەهرانەی هەبێ و لەپاڵیدا نەتوانێ پانتۆڵە دڕاوەکەی من پینە بکات و بیدووررێتەوە چ سوودێکی

هەیە؟ من خوێندەوارم و لەگەڵ ئەوانەشدا کەلە ریز وپلەوپایەی سەرەوەن پەیوەندی و هاتوچۆم هەیە و لەگەڵ ئەمەشدا زۆر سادە و ساکارم و دەمەوێ ژنێکی سادە لەبنەماڵەیەکی مامناوەندیم هەبێ. گرینگ ئەوەیە ئەو ژنە ڕێزم لێبگرێت و هەست بەوە بکات کەمن بەختەوەری دەکەم.

- تێدەگەم.
- زۆر باشە، ئێستا بڕۆینە سەر مەبەستی سەرەکی: من ژنێکی دەوڵەمەندم ناوێ. هیچکاتێ بێشەرەفیی وا ناکەم لەگەڵ جانتای پارەدا هاوسەرێتی بکەم. هیچ نامەوێ نانەخۆری ژنەکەم بم بەڵکو ئەبێ من ئەو بەخێو بکەم و بەتایبەت ژنەکەم ئەبێ ئەم خاڵە بە جوانی تێبگا... بەڵام... ژنێکی هەژار و بێ دەسەڵاتیشم ناوێ. ڕاستە دەوڵەمەندم و نامەوێ بۆپارە و سامان ژن بێنم، ژن ئەبێ جێی پەسەند و متمانەبێ بەڵام ناشتوانم ژنێکی هەژار و نەدار بخوازم. خۆتان ئاگادارن ژیان سەخت بووە و بەرەو گرانی ئەڕوات بەتایبەت کە پاش ماوەیەکیش چەند منداڵم پێ زیاد ئەبن و دەبنە سەرباری ژیانی هاوبەشی خێزانی.
- دەتوانم ژنێکتان بۆ بدۆزمەوە تەلوتۆشەیەکی باشی لەگەڵدا بێت.
- تکادەکەم شتێك بخۆن، بۆ هەروا دانیشتوون.

چوار پێنج خولەکێك بێ دەنگ بوون... ژنە دەلاڵەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا و لەژێرەوە سەیرێکی بەڕێوەبەری وێستگەی شەمەندەفەری کرد و گوتی:

– ئایا ئەمکارە خزمەتێکی باش نیە بە بەڕێزتان؟

– زۆر سوپاس... ئێستە کە ئەو پیاوەتیەم لەگەڵدەکەن ئیزنم بدەن بپرسم: حەقدەستی ئێوە بۆ دۆزینەوەی بووك چەندە؟

– حەقدەستی من هێندە زۆر نیە، بیست و پێنج رۆبڵ و قەوارەیەك قوماش. ئەمە حەقدەستێکە کەلەم ڕۆژەدا باوە... هەر بۆ ئەوەندەش شوکرم. بەلاّم حسێبی دۆزینەوەی ژن بە تەلوتۆشەوە جیاوازە.

نیکۆلای نیکۆلایۆڤیچ دەستەکانی خستە سەرسنگی و چووە ناو فکرانەوە. پاش ماوەیەك بیر کردنەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

– پێموایە نرخەکە کەمێك گرانە...

– ئێوە بەهەڵەدا چوون، بە پێچەوانەوە هیچ گران نیە، پێشتر کە زەماوەندی زۆر دەکرا و پیاوەکانیش زۆر ژنیان دەهێنا، کارەکەمان هەرزانتر دەکرد. بەلاّم ئەمرۆژە وائەزانی داهاتی ئێمە چەندە؟ ئەگەر بەختم هەبێت و لەمانگێکدا پەنجا ڕۆبلّم دەستکەوێت، ئەبێ زۆر زۆر شوکرانە بژێر بم. هەرچەندە ئەو

داهاتەش هەمووی هی زەماوەندەکان نیە بەڵکو لەئیشوکاری دیکەیشەوەیە...

نیکۆلای نیکۆلایۆڤیچ سەیرێکی ژنە دەلاڵەکەی کرد و بۆ دەرخستنی سەرسوڕمانەکەی شانی هەڵتەکاند:

– سەیرە! مەگەر پەنجا ڕۆبڵ داهات ئەویش لەمانگێکدا کەمە؟

– دیارە کەمە، پێشتر مانگی وا هەبو سەد ڕۆبڵیشم دەر دێنا، زۆر جاریش وا ڕێك کەوتووە.

– زۆر سەیرە، من قەد بیرم نەدەکردەوە کەلەم ڕێگایانەدا و بەمچەشنە کارانە ئاوا پارەیەك دەست بکەوێ... پەنجا ڕۆبڵ...! پیاوی زۆر هەن بە ئیشوکاری سەخت و زەحمەتی شەو و ڕۆژ هێشتا ئەو داهاتەیان نیە. بۆ نافەرمون، تکایە شەرم مەکەن...

دیسان هیچ ئەسەرێك لەنێوچەوانیدا دەرنەکەوت... نیکۆلای نیکۆلایۆڤیچ سەیرێکی سەرتاپێی ئەوی کرد و گوتی:

– پەنجا رۆبڵ... لەساڵێکدا شەشسەد رۆبڵ... شتێك بخۆن... تکادەکەم. ئەزانن لیۆبا گریگۆریۆنا ئێوە خۆتان بەم داهاتە دەتوانن بنەماڵەیەکی بەختەوەر پێکبهێنن... بەڵێ بەڵێ بێ هیچ دەردیسەریەك دەتوانن.

ژنە دەلاڵەکە بەدەنگێکی بەرز پێکەنی و گوتی:

– مەبەستتان منم؟ من ئیتر پیر بوومە...

– تکایە، چ فەرمایشتێك، هەم بەژن و باڵاتان جوانە... هەم قەڵەون... ڕومەتێکی سپی و جوان و بەتامتان هەیە و... بەڵێ... نا هیچ خراپ نیە...

شەرم ژنە دەلاڵەکەی داگرت، بەڕێز بەڕێوەبەری وێستگەی شەمەندەفەریش هەروا تۆزێ شەرم دایگرت و هات لە تەنیشتی ژنەکە دانیشت:

– ئێوە هێشتاش هەر دەتوانن جێی پەسەندی پیاوەکان بن. ئەگەر پیاوێکی ژیر و بەئەزموون بێتە بەر ڕێگاتان و داهاتی ئەو لەگەڵ داهاتی جێی سەرنجی ئێوە تێکەڵ بکرێ، زۆریش دەتوانن جێی پەسەندی بن و پێکەوە بتوانن تەمەنتان بەخۆشی و بەختیاری بەسەر بەرن...

– نیکۆلای نیکۆلایۆڤیچ ئەوە ئێوە ئەزانن چیدەڵێن؟

– چیدەڵێم؟ من قسەی بێ مانا ناکەم...

ماوەیەك بێدەنگ بوون. پیاوەکە دەستەسڕێکی دەرهێنا و بەفینگەی زل دەستی کردە لووت سڕین و ژنە دەلاڵەکەش کە لەشەرمانا سوور هەڵگەڕابو سەیرێکی ئەوی کرد و گوتی:

– نیکۆلای نیکۆلایۆڤیچ، داهاتی ئێوە چەندە؟

– داهاتی من؟ حەفتا و پێنج رۆبڵە، بێجگە لەپاداشت و شتیتر... بێجگە لەوەش داهاتێکیشم لە فرۆشتنی کەروێشك دەست دەکەوێت.

— ڕاو؟... هەهەهە...

— نا.. بەهەڵەدا چوون. ئێمەی شەمەندەنەفەروان، بەڕێبوارە بێ پسوولەکان دەڵێین کەروێشك.

ماوەیەکیتر بەبێدەنگی تێپەڕی. نیکۆلای نیکۆلایۆڤیچ هەستایە سەرپێ و وەك بڵێی لەشتێك زیزە، کەوتە هاتوچۆ بەژوورەکەدا:

— ئەزانن، من قەد ژنی گەنج و کەم تەمەنم ناوێ... خۆم پیاوێکی بەساڵا چووم و ژنێکی... ژنێکی بەتەواوی وەك ئێوەم پێویستە... ژنێکی بەڕێز و بەئەزمونی وەکو ئێوە... دڵگیر.

— مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ ئێوە چیدەڵێن.

لێرەدا ژنە دەلاڵەکە دەستیکردە پێکەنین و بەدەستەسرێك ڕومەتە سوورهەڵگەڕاوەکەی داپۆشی.

— تێناگەم من و تۆ بۆ ئەبێ ئەوەندە ماتڵ بین و کاتی خۆمان بەفیڕۆ بدەین؟ ئێوە جێی پەسەندی منن و هەندێ تایبەتمەندیتان هەیە کەمن بەشوێنیدا دەگەڕام. من پیاوێکی ژیر و پیاوی ژیانم و ئەگەر ئێوەش منتان پەسەند کردووە... ئیتر ماتڵی چین، چی لەمە باشترە، ئێستا ئیزن بدەن بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و ڕەسمی خوازبێنیتان لێ بکەم.

ژنەکە تۆزێ فرمێسکی ڕشت و پاشان کەمێکیش پێکەنی و بەنیشانەی پەسەند کردنی پێشنیارەکەی نیکۆلای نیکۆلایۆڤیچ پێکێکیتری خواردەوە.

بەڕێوەبەری وێستگەی شەمەندەفەر کە بەم گورجیە بەختەوەریی خۆی وەدەسهێنابوو، حاڵەتێکی تایبەتی بەخۆوە گرت و دەستی کردە قسە کردن:

– زۆر باشە ئێستا ئیزن بفەرمون عەرز بکەم لە ژنی داهاتووم چ ڕەفتار و کردەوە و چ چەشنە ژیانێکی هاوبەشم ئەوێ؟ من پیاوێکی خاوەن هەڵوێست و بەڕێز و بە ئەدەبم. لەهەموو شتێ ئەگەم. لەخۆشەویستی بەجوانی تێدەگەم و بێ وڵامی ناهێڵمەوە. لەژنی داهاتووم ئەمەوێ ئەویش ئافرەتێکی قورس و بەڕێز بێت و تێبگات من بەختەوەرم کردووە و بۆ ئەو تاقانە هاوسەر و خۆشەویستی دنیام.

پاش ماوەیەك هاتوچۆ بەسەر کورسیەکەوە دانیشت و دوای هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵ دەستی کردەوە بە قسە کردن و ڕوونکردنەوەی هەندێ هاوکێشە لەبارەی بە بیروڕاکانی خۆی سەبارەت بەژیانی هاوبەش و ئەرکەکانی ژن لە ناو بنەماڵەدا.

# دوو ڕۆژنامەچی

ریبکین یەکێك لە پەیامنێرەکانی ڕۆژنامەی ((بێ موبالاتی بەکائینات)) مرۆڤێکی شل و شێواو و زەرد و لاواز، لەناوەڕاستی ژوورەکەیدا وەستابوو و بەتاسەوە ئەیڕوانییە ئەو بزمارەی بە دیواری ژوورەکەوە داکوترابوو، گوریسێکی بەدەستەوەبوو. ڕای ئەوەشاند و لەخۆی ئەپرسی: ((بەرگە ئەگرێ یا نا؟ لەوە ئەچێ هەڵکنرێت و بزمارەکە بدا بەسەرمدا. چ ژیانێکی نەفرەتییە، تەنانەت جێگایەکی باش دەسناکەوێ تا مرۆڤ بتوانێ بەئاسانی خۆیی تێدا لە دار بدات.)) ئەگەر دەرکە نەکرابایەوە و ((شلیۆپکین))ی پەیامنێری ڕۆژنامەی ((کانگای خیانەت)) نەهاتبایە ژورێ، نازانم بیر و هۆشی ئەو بێ ئەقڵە بەکوێ ئەگەیشت؟ شلیۆپکین پیاوێکی سەرخۆش و شاد و سوروسپی بوو.

- بەشوێنی تۆدا هاتووم... وەرە بڕۆین... لەبەشی ((ویبۆرگ))دا ویستویانە کابرایەك بکوژن. ئەکرێ سێ دێڕێکی لەبارەوە بنوسین. شەیتانێك سەری کابرایەك ئەبڕێ بەڵام بەتەواوی نەیبڕیوە. بێشەرەف خۆ هەر ئەیبڕی، دەی بەچەشنێکی بڕیبا، لانیکەم ببوایەتە هەواڵێکی درێژی سەد دێڕی. کاکە من زۆرجار لەم بارەوە بیر ئەکەمەوە و تەنانەت

ئەمەوێ ئەمەش بنوسم کە ئەگەر مرۆڤ بەگشتی مرۆڤی خۆش بویستایە و بیانزانیایە ئێمە چەندە موحتاجی نانێکی نەژی و نەمرین، سەدانجار خۆیانیان لە خاچ دەدا، دەسوتان و یەکتریان ئەبردە ژێر پرسیار و توانج.

لەم کاتەدا شلیۆپکین چاوی بە گوریسەکە کەوت، دەستەکانی بەملاولادا بڵاوکردنەوە و نەڕانی:

- سەیرە، ئەمەیان ئیتر چیە؟ نەکەی ویستبێتت بەم گوریسە خۆت بخنکێنی؟

ریبکین هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

- بەڵێ کاکە وایە، ئیتر بەستە، گەردنم ئازاد کە. لەژیان بێزار بوومە، ئیتر بەستە.
- ژیرانە بیر بکەرەوە، ئایا ئەم کارەت گەوجی نیە؟ ئاخر لەچ شتێکی ژیان بێزار بوویت؟
- ئەی.. ئیتر، لە هەموو شتێك... وا دەزانم هەموو دەوروبەرم تەمومژێکی تاریك دایگرتووە... هەمووی بووەتە نەزانی و بێخەبەری... شتێك بۆ نوسین نیە... تەنیا ئەوەندەیە لە دەوروبەرماندا خەڵك یەکدی دەخۆن، یەکتر غارەت دەکەن، یەکدی لە ناو دەبەن، تف دەکەنە ناو چاوی یەکتر، بەڵام بابەتێك بۆ نوسین نیە، مرۆڤ ئامادەیە سەدان جار خۆی لەسێدارە بدا، ژیان لەجۆش و خرۆشدایە، هەراوبەزم

ئەبیستریّت و هەر ئەبیستریّت کەچی بابەتێك بۆ نوسین نیە.
دووبەرەکی و نامۆییەکی نەحس و سەرسوڕهێنەرە.

- چۆن یانی بابەتێك بۆنوسین نیە؟ نەك دو، بەڵکو ئەگەر دە دەستیشت هەبوایە هێشتاش بۆ هەمویان بابەت هەبوو.

- نا.. وا نییە.. هیچ بابەتێك بۆ نووسین نیە. ژیانی من دوایی هاتووە. باشە ئەفەرمووی چی بنوسم؟ لەبارەی سندووق دارەکانەوە نوسیومانە، لەبارەی دەرمانخانەکانەوە نوسیومانە، لەبارەی کێشەی رۆژئاواوە نوسیومانە، ئەوەندەشمان نوسیوە هەموو بابەت و مەسەلەکانمان تێکەڵ کردوون بەجۆرێك کە شەیتانیش سەریان لیّ دەرناکات. لەبارەی بیّ باوەڕییەوە، زڕدایکەوە، جێژنەکانی بیرەوەری، ئاگر کەوتنەوەکان، کردەوە ناڕەواکان، لەبارەی کێشەی تیسۆکیشەوە نوسیومانە. لەهیچ جێگایەکی دنیادا کارمان نەبردۆتە سەر و ئیتر هیچ شتێکیش نەماوە. ئێستە تۆ لەبارەی قەتڵێکەوە قسە دەکەی! یەکێکیان کوشتوە... چ بابەتێکی تازە! من لەبارەی قەتڵێکەوە ئەزانم یەکێکیان لەدار داوە، لەت لەتیان کردووە، نەوتیان پێدا ڕژاندووە و هەموو جەستەیان سوتاندووە، هێشتاش بێدەنگین، بە جەهەننەم! هەموو ئەم بابەتانە پێش ئێستاش هەر هەبوون و هیچیان تازە نین و شتێکی واشیان تێدانیە. بڵێین تۆ هەزار مەناتی ڕێکت دڕیبیّ یان شەقامی (یەنفسکی)ت لەهەردوو

سەرەوە ئاگر تێبەردابێ، ئەمەش بەجەهەننەم. ئەم شتانە هەموویان ئاسایین و بۆ نوسین ناشێن. خوات لەگەڵ.

- تێناگەم، ئەم هەموو بابەتە هەیە، ئەم ڕوداوە جۆراوجۆرانە هەن، ئەگەر بەردێك فڕێ بدەی بڕوا بكە دەكەوێتە بەسەر بابەتێك یا رووداوێك...

- ئەم باسی ڕوداوانە عانەیەك ناهێنن، بۆ نموونە... ئەوەتا ئێستا من خۆم لە قەنارە دەدەم. بەبیروڕای تۆ ئەم كارە دەبێتە بابەتێك یا ڕووداوێك، بەڵام بەبیروڕای من تەنیا پێنج دێڕی ئاسایی و بێنرخە ئەویش بەپیتی بچوك، ئیتر تەواو. ئەمەش زەحمەتی نووسینەكەی ناهێنێ. پێشتر مرۆڤ ئەمرد ئێستاش ئەمرێ، دواتر و دواتریش هەر ئەمرێ، هیچی تازە نیە... بەڵێ كاكی من هەموو ئەو بابەتانەو ئەو جۆشوخرۆش و دەنگوباسە گشتی یەك جۆر و یەك ڕەنگە و ئاسایی و دوپات كراوەیە. لەنوسینی ئەم شتە سەد پاتە كراوانە خۆیشم ئەڕشێمەوە. بەزەییم بەخوێنەرەكاندا دێتەوە. ئاخر بۆچی ئەبێ ئەو خوێنەرە بێچارەیە بخەیتە ناو دەریای خەیاڵات و خەم و پەژارەوە؟

ڕیبكین هەناسەیەكی هەڵكێشا، سەری جووڵاندەوە و بزەیەكی تاڵ گرتی و گوتی:

- بەڵام ئەگەر ڕوداوێك دەخولقا، ئەزانی... لەو ڕوداوە سەرسوڕهێنەرانە، شتێكی بەتەواوی كینەجۆیانە و تەوسێنەر و لەوپەڕی نالەبارییەوە، ڕوداوێك كە شەیتانیش لەترسانا لەسەرخۆی ئەچو، ئەنجا باش دەبوو. ئەو كاتە من زیندوو ئەبوومەوە. ئەگەر زەوی لەژێر ئەستێرەیەكی كلكدار تێدەپەڕی، ئەگەر بیسمارك ئەچووە سەر دینی ئیسلام یا عوسمانیەكان هێرشیان ئەبردە سەر شاری كالۆگا و داگیریان دەكرد، یا... بەكورتی شتێك كە ئاگر بخاتە دڵی هەموو كەس، سەرسامكەر بێت. ئاخ ئەگەر بزانی من ئەو كاتە چۆن گیانم ئەبووژایەوە !...

- تۆ زۆر حەزدەكەی بەرز بفڕی، دەی وەرە خۆت بنوێنە. با پێكەوە بڕۆینە دەرەوە سەیری گەڵایەكی زەرد، مشتێك خاك یا درزێكی ناو زەوی بكە. لەهەموو جێگایەك ژیان لە خرۆشدایە و چیرۆك و شانۆ دەبیسی و دەبینی. لەقلێشی هەر دارێكدا، لە وجودی هەر بەرازێكدا شانۆیەك شاردراوەتەوە.

- خۆزگەم بەتۆ. چ هەستێكت هەیە كە دەتوانی لەبارەی پێستی هێلكەشەوە شت بنوسی بەڵام من... نا.

شلیۆپكین نەڕانی:

– ئەی چی؟ بەلای تۆوە پێستی هێلكە چ عەیبێكی هەیە؟ دنیایەك بابەتە. یەكەم، ئەوەی كە كاتێ پێستی هێلكە ئەبینی سەرت سوڕ

دەمێنێت: هێلکەیەك کە سروشت دروستی کردووە تا گیاندارێك بەدیبێنێ، تێدەگەی؟ گیانلەبەرێك، گیانلەبەرێك کە ئەویش بەشبەحاڵی خۆی ئەبێ جیلێك پێکبێنێ و ئەو جیلەش ئەبێ هەزاران جیلی پاش خۆی دروست بکات، کەچی لەناکاو شکاندویانە و خواردویانە و بووەتە قوربانیی هەوەس و سك پەرستی! لەو هێلکەیە مریشکێك ئەهاتە دنیا. ئەویش بەدرێژایی تەمەنی هەزاران هێلکەی ئەکرد. ئێستا ئیتر وەك ڕۆژ ڕوونە ئەم کارە ئەبێتە هۆی تێکچوونی هەموو سامان و پلانە ئابوورییەکان. ئەبێتە هۆی لە ناو چوونی داهاتوو. دووەم، کاتێ سەیری پێستی هێلکە ئەکەی دڵخۆش ئەبی.. ئەگەر هێلکەکە خوراوە، دیارە خەڵکی روسیا خواردنی چاك دەخۆن. سێیەم، بیر ئەکەیتەوە بەپێستی هێلکە کوودی زەوییەکان دابین دەکرێت و تۆ بەخوێنەرەکانت رادەگەیەنی تا نرخی پاشماوەی سفرەوخوانەکەیان بزانن و هەروا فڕێی نەدەن. چوارەم، پێستی هێلکە ئەتخاتەوە بیری ئەوەی کە هەرچی لەم جیهانەدایە کاتییە و لە ناو دەچێ. گیانلەبەرێك لە دنیادا هەبوو بەڵام ئێستە نییە. پێنجە،... بۆچی هەروا بێسوود ئەژمێرم؟ بۆ سەد ژمارەش هێشتا هەر زۆرە.

- نا.. ئیشی من نیە. بێجگە لەوەش ئیتر باوەڕم بە توانای خۆم نەماوە. گیرۆدەی پەژارە و خەفەت و خەمۆکی بوومە. هەموو ئەمانە بەجەهەننەم.

ڕیبکین چووە سەر چوارپایەکە. وەستا و گوریسەکەی بەبزمارەکەوە بەست. شلیۆپکین هەر ئامۆژگاریی دەکرد:

- ئەمە کارێکی بێهودەیە. بەخوا بێهودەیە. تۆ بڕوانە ئێمە بیست ڕۆژنامەمان هەیە و هەموشیان پڕن لەباس وبابەتی جۆراوجۆر. کەوابو دەردەکەویٚ شت بۆ نوسین هەیە. تەنانەت هەموو ڕۆژنامەی شارەکانیش پڕن لەباس و بابەت.

ڕیبکین لەحاڵێکدا بۆ شتێك دەگەڕا دەستی پێوە بگریٚ، بەئارامی نەڕانی:

- نا... لەبارەی ئەو نوێنەرانەوە کەلە کۆبوونەوەدا ئەخەون، سندوق دارەکان... بانکی دەولّەمەندەکان... کێشەی پاساپۆرتەکان... لە ناو بردنی نازناوەکان... مەسەلەی ڕۆمیلیا... ئەمانە بەکار نایەن... بەخوات ئەسپێرم...

- باشە هەرچۆنی بە ڕەوا ئەبینی...

ڕێبکین ئەڵقەی گوریسەکەی خستەملی و ڕەنج و ناخۆشیەکانی خۆی لە سێدارە دان.

شلیۆپکین لەپشت مێزەکەیەوە دانیشت و لەچاو تروکانێکدا ئەم بابەتەی نووسی:

((... هەواڵی خۆکوشتنەوەی ڕیبکین ــ باسێك لەسەر شینگێڕی و بیرەوەریی ئەو ــ بابەتێك لەبارەی پەرەسەندنی خۆکوشتنەوە ــ سەر وتارێك لەبارەی توندتر کردنی سزای ئەو کەسانەی وا

ئەیانەوێ خۆیان بکوژن و چەند گوتارێکیدیکەی هەر لەم بابەتانە.))

کاتێ هەموو ئەمانەی نووسین، خستیە گیرفانی و بەشادمانییەکی زۆرەوە بەرەو بارەگای ڕۆژنامە کەوتەڕێ تاهەم پارەکەی وەربگرێت، هەم ناوو ناوبانگێك دەربكات و هەم سەرنجی زۆرتری خوێنەرەكان بۆخۆی ڕابكێشێت.

# خەسوو

## دادوەری گشتیی...

ئەم ڕوداوە مانگێك پاش زەماوەندی میشێل پۆزبرۆف لەگەڵ بالیزا مامۆنیادا، سەر لەبەیانی ڕۆژێك ڕویدا، کاتێ میشێل شیروقاوەی بەیانیی خواردبوو و بەشوێن شەپکەکەیدا دەگەڕا کە زوتر بچێتە سەر ئیشوکارەکەی، دەرکی ماڵ کرایەوە و خەسووی هاتە ژورێ!

خەسوو هەر لەڕێوە گوتی:

- میشێل من بۆ ماوەی پێنج خولەك کاتت دەگرم، ئیشێکم هەیە. تکاش دەکەم ناوچاوت گرژ مەکە. باش ئەزانم زاواکان حەز ناکەن لەگەڵ خەسوویاندا قسە بکەن. بەڵام من وا ئەزانم میشێل، ئێمە لەگەڵ یەکتردا ڕادێین. نێوان ئێمە وەك نێوانی خەسوو و زاوا نیە بەڵکو دوو مرۆڤی تێگەیشتووین کە دەتوانین لەگەڵ یەکدی قسە بکەین. وانیە؟

خەسوو و زاوا لەتەنیشت یەك بەسەر کورسییەکەوە دانیشتن:

- خەسووی خۆشەویستم من لەخزمەتی ئێوەدام، بفەرمون، بفەرمون بزانم چ خزمەتێکم لەدەستدێت.

- ئێوە پیاوێکی ئاقڵن، میشێلی ئازیزم زۆریش ئاقڵن. منیش ژنێکی زۆر نەزان نیم. هیوادارم زووتر لێکتر تێبگەین! کوڕی

ئازیزم ماوەیەکی زۆرە بە نیازم قسەتان لەگەڵ بکەم، تکا ئەکەم ڕاستم پێبلێن. سوێندتان ئەدەم بەهەرچی لاتان پیرۆز و بەڕێزە، بەبێ لە ڕوو دامان پێمبلێن ئەتانەوێ چی بە کچەکەم بکەن؟

چاوەکانی زاوا لەسەرسوڕماندا زلتر بوون. خەسوو درێژەی بەقسەکانیدا:

– ئەزانن چیە؟ من ناڕازی نیم و ڕازیشم. با هەر بەوجۆرە بێت ئێوە ئەتانەوێ! چ عەیبێکی هەیە؟ زانست شتێکی باشە! هەڵبەت زۆر باشە ژنیش شعوور و زانیاریی هەبێ. من خۆم فێر کراوم...

خوێندوومە و بەم بۆنەشەوە تێگەیشتووم. بەڵام فریشتەکەم، هەر ئیشوکارێك ئەندازەیەکی تایبەتی هەیە. ئێوە بۆچی ئەو سنوورە ناپارێزن و زیادەڕەوی ئەکەن؟

- لەچی و لەکوێ؟ من سەرم لەقسەکانی ئێوە دەرناچێ.
- من لەرەفتاری ئێوە لەگەڵ کچەکەم لیزادا سەرم دەرناچێ، ڕاستە ئێوە پێکەوە زەماوەندتان کردووە و بوونەتە ژن و مێرد بەڵام ئایا لەڕاستیدا لیزای من هاوسەر و دۆستی ئێوەیە؟! نا. بەڕای من ئەو تەنیا قوربانییەکی بێچارەیە! هەمووی هەر زانست، کتێبی زۆر، فەلسەفەی جۆراوجۆر! ڕاستە هەموو ئەمانە شتی جوان و بەسوودن بەڵام دۆستی بەڕێز لەبیری مەکەن لیزا کچی منە! من ئیزن نادەم! گۆشت و پێست و

خوێنی منه! ئێوه خەریکن ئەیکوژن و بێ بەزەییانه له ناوی دەبەن! هێشتا مانگێکی تەواو له زەماوەندی ئێوه تێنەپەڕیوه، جوان سەیریکەن، ژنەکەتان بووەته نەیژه! ڕۆژ تا ئێواره لەماڵەوه دانیشتووه و خەریکی خوێندنەوەی ئەو هەموو کتێب و گۆڤاره بێ مانایانەی ئێوەیه! زۆرجار هەندێ نامه و نوسراو ئەنوسێتەوه!... ئایا ئەمانه ئیشوکاری ئافرەتن؟ ئێوه هەرگیز لەگەڵ خۆتاندا ئەو نابەنه دەرەوه بۆ میوانی! ناهێڵن بژییێت. خێزانتان ناو کۆمەڵی چاو پێناکەوێ! هەڵناپەڕێ... ئەمەش بووه ژیان؟! سەرم سوڕ ئەمێنێ. ناتوانم باوەڕبکەم، لەم ماوەیەدا ئەو تەنانەت بۆ جارێکیش لەکۆڕێکی میوانی و سەمادا بەشداریی نەکردووه!... وەی وەی. سەرنج ئەدەن؟ تەنانەت بۆ جارێکیش!...

- بەڵێ وایه. ئەو لەم ماوەیەدا تەنانەت بۆ جارێکیش له کۆڕی میوانی و سەما بەشداریی نەکردووه چونکه خۆی لەو چەشنه کۆڕانه بێزاره، بڕوا ناکەن؟! تکایه قسه لەگەڵ خۆی بکەن ئینجا تێدەگەن خێزانی من سەبارەت بەو چەشنه کۆڕانەی هەڵپەرکێ و میوانیی ئێوه چ بیروباوەڕێکی هەیه. نا.. خاتوونی ئازیز، بەختەوەرانه خێزانی من ڕقیەتی لەژیانی بەتاڵ و بێ ئامانجی ئێوه! ئەو ئەگەر هەموو ڕۆژەکانی بەخوێندنەوەی کتێب و نوسینی گوتار بەسەر دەبات، ئەوه بەحەز و ئارەزوی

خۆیەتی. بڕواتان هەبێ هیچ کەس زەبرو زەنگی ناخاتە سەر بۆ هیچکارێك. سەبارەت بەبیروبڕوا و هەروەها سەلیقەی ئەو هیچ گوشارێك لەئارادا نیە. منیش زیاتر لەبەر ئەو ڕەفتارە جوان و پەسەند کراوەیە، ئەوم هێندە خۆش دەوێ و لەحەزرەتی ئێوەش دەخوازم لەمەودوا خۆتان لەژیانی هاوبەشی ئێمە هەڵمەقورتێنن و دڵنیا بن لیزا خۆی هەرچی بەپێویست بزانێ دەتوانێ بەخۆمی بڵێ.

- ئێوە وا بیر ئەکەنەوە. ئایا نازانن ئەو کچەی من تاچ ئەندازە کەمڕوو و کەم قسەیە؟ خۆشەویستی بەتەواوی زاری بەستووە! بەڕێز گیان، ئەوە بزانن ئەگەر من نەبوبام جەنابتان بەئاسوودەیی کچە بێچارەکەمتان بەستبۆوە! بەڵێ بەڵێ ئێوە پیاوێکی وەحشی و دڵڕەقن! تکا ئەکەم هەر لە ئەمڕۆوە ڕەفتاری خۆتان لەگەڵ ئەو بگۆڕن!
- خاتوونی بەڕێز نامەوێ چیتر وشەیەکیش لەزاری ئێوەوە ببیستم.
- ناتانەوێ؟ نەتانەوێ، چ شانازییەکی گەورە لەدەستدەدەم؟! ئەگەر بەبۆنەی لیزای کچمەوە نەبوایە حازر نەبووم وشەیەك لەگەڵتاندا بدوێم! بەڵام ئێستە سکم پێی ئەسووتێ. ئەو داوای لێکردم لەم بارەیەوە قسەتان لەگەڵ بکەم!...

- خاتوون، ئێوە درۆیش دەکەن؟ درۆیە. تکا ئەکەم بڵێن کە درۆتان کرد...

- درۆ؟ کەوابو خۆت ببینە ئەی بێویژدان.

خەسوو لەجێگەکەی دەرپەڕی و بەگورجی دەسگیرەی دەرگای ژوورەکەی گەڕاند. دەرگا کرایەوە و میشێل خێزانەکەی خۆی، لیزای لەچوارچێوەی دەرگاکەدا بینی. ئەو، لە چوار چێوەی دەرگاکەدا وەستابوو، لەحاڵێکدا لەوپەڕی ناڕەحەتیدا دەستەکانی خۆی ئەگوشین، هۆن هۆن دەگریا... ڕومەتی جوان و بەتامی پڕ ببوو لە فرمێسك.

میشێل گورج بەرەولای رۆیشت:

- هاوسەری خۆشەویستم، تۆ گوێت لەقسەکانی ئێمە بوو؟ کە وابو زوو وەڵامی بدەرەوە! با کچەکەی باش بناسێ!

لیزا بەدەم گریانەوە گوتی:

دایکم... دایکە گیانم ڕاست دەڵێ. من چیتر توانای ژیانی وام نییە. من زەجر ئەکێشم.

- م م م.. عەجایب. ئێستا وای لێهات؟ باشە ئەگەر وابوو بۆچی تۆ خۆت لەم بارەوە قسەت لەگەڵ نەکردووم؟

- من من. ئاخر تۆ حەزت نەدەکرد.

- بەڵام تۆخۆت هەمیشە ئەتگوت من لەبەتاڵی و ژیانی بێ ئامانج بێزارم و ڕقم لێیەتی! تۆخۆت ئەتگوت منت تەنیا بۆ ئەوە

خۆشدەوێ کە هۆگری خوێندنەوەم و وەك لاوە بێ مێشك و بەتاڵەکان نیم! تۆ چەندین جارت بەمن گوتووە لەچۆنیەتی بیروباوەڕ و باری ژیانی بنەماڵەی خۆت ناڕەحەتی و ڕەنج دەبەیت! ... منیش تەنیا بۆ ئەو شێوە بیرکردنەوەو ئەو بیرو بۆچوونە بەرزانەی تۆ بوو ئاشقت بووم و هاتمە خوازبێنیت! بەر لەزەماوەند تۆ هەمیشە لەژیانی دایکوباوکت رەخنەت دەگرت و ئەوانت بەبەتاڵە و بێ ئامانج دەزانی! ئێستاکە هۆی ئەم گۆڕانە لەناکاوەت چیە؟

- ئەو کاتە دەترسام تۆ نەمخوازی میشێلی خۆشەویستم! وەرە ئەمشەو بڕۆینە میوانی ماریاپترۆنا، لەوێ سەما دەکەین و بە خۆشی ڕائەبوێرین!

لێرەدا لیزا دەستی کردەوە بە گریان و خۆی هاویشتە ئامێزی میشێلەوە. خەسوو بەحاڵەتێکی سەرکەوتووانە ڕووی کردە زاواکەی و گوتی: ئێستا بینیتان؟ بڕواتان کرد؟ پاشان لەحاڵێکدا بزەیەکی پڕ لە ڕەمزوڕاز نیشتبۆوە سەر لێوی، لە ژوورەکە چووە دەرێ، میشێل بەدەم ناڵینەوە گوتی:

- ئەی نەزان!

لیزا بە سەرسوڕمانەوە پرسیی:

- کێ نەزانە؟!

میشێل  سەیرێکی ژنەکەی خۆی کرد و بەدەنگێکی لەرزۆك وڵامی داوە:

ئەوەی کە بەهەڵەدا دەچێت.

## برای بە غیرەت

کچی جوان و کەم تەمەن لە پاڵ پەنجەرەکەدا وەستابوو، لە حاڵێکدا بە قووڵی نوقمی بیرکردنەوە بوو، چاوی بڕیبووە شەقامە قوڕاوییەکە. لە پشت سەریەوە گەنجێك وەستابوو کە پاڵتۆیەکی تایبەتی لەبەردا بوو. کوڕە گەنجەکە لە گەڵ لوولدانی سمێڵە قەیتانیەکانی بەدەنگێکی لەرزۆك دەیگوت:

_ خوشکێ تا درەنگ نەبووە بە ئاگابەوە، وەرەوە سەر خۆت و بیروڕات بگۆڕە! وەرە ئەم پیاوەتیە بکە و ئەم پیاوە چەپەڵ و ورگ زلە لەخۆت بتارێنە! خوشکێ گیان تۆ نازانی ئەم پیاوە چەندە خوێڕی و بێ شەرەفە! پۆزەی درێژ و چەپەڵی تەنیا تفێکی تەڕی پێویستە و هیچیتر!... خوشکێ گیان وەرە ئەم منەتە بخەرە سەرمان!.. خوا لە نێوی بەرێ!

_ برا گیان ناتوانم، من بەڵێنم پێداوە.

_ خوشکێ گیان تکا دەکەم! بەزەییت بە بنەماڵەکەماندا بێتەوە! تۆ کچێکی نەجیبی، لەبنەماڵەیەکی بەڕێز و بەشەرەفی، تۆ خوێندەواری کەچی ئەو، کابرایەکی بەتاڵ و چەپەڵە و لەبنەماڵەیەکی بێ نرخیشە. لەمانە خراپتر کابرایەکی چەوت و بەد سروشتە. کچێ.. بێ ئەقڵ، هەرچۆنێك بێت دەبێ تێبگەی کە ئەو

بۆ هاوسەریی تۆ دروست نەکراوە و شیاوی تۆ نیە ! بۆچی نازانی چ کارەیە ؟ بەقاڵی سەر کۆڵان ! هەربەیانی تا ئێوارە ماسیی گەنیو دەفرۆشی، کابرایەکی لار و فێڵبازە. تۆ دوێنێ بەڵێنت پێدا کە مێردی پێبکەی کەچی هەر دوێنێ شەو لەکاتی خۆراك کڕین، چێشت لێنەرەکەی خەڵەتاندین و پێنج شایی گرانتری پێ فرۆشت ! ... نازانی هەموو فکر و زیکری ئەوەیە خوێنی فەقیر و هەژار بمژێ. خوشکێ گیان ئایا ئاواتە بەرزەکان و بیروبڕوا مرۆڤانەکەی تۆ هەر ئەمەبوو؟ بڵێ بزانم هەر ئەمە بوو؟ ڕاستم پێبڵێ ئایا تۆ حەزت لە میشاترۆخوسقۆفی بەڕێوەبەری دەفتەری ئیدارەی ئێمە نیە ؟ بۆچی نا ! ئەزانم حەزت لێیەتی و هەمیشە لەبیری ئەودای ! ... میشایش تۆی خۆشدەوێ.

خوشك، لەقسەی براکەی توڕە بوو. گۆنای سوور هەڵگەڕا، چەناگەی کەوتە لەرزین و دڵۆپەی فرمێسك لەچاوەکانی ڕژانە خوار. لەوە دەچوو تیری براکەی دابێتی لە خاڵی حەساسی دڵی. کاتێ براکەی زانیی نیشانەگرتنەکەی وەستایانە بووە و پێکاویەتی، تاملّی بەباش نەزانی و گورج لەسەری ڕۆیشت: بەم کردەوەیەت هەم خۆت لە ناو دەبەیت هەم میشای چارەڕەش و بێ ئەنواش. ئەو گەنجە، هێندەی خەم خواردووە، پەنای بردووەتە بەر مەی خواردنەوە ! ... وەی خوشکێ گیان... خوشکێ گیان... ئەوەچی دەکەی؟ پارە و سامانی ئەم دەست فرۆشەی سەر کۆڵان چاوی

بەستویت؟ فریوی بازنە و گوارەکانی ئەخۆی؟ شووکردن لە ڕووی عەشق و هەستەوە ئەنێیتە لا کە سەرچاوەی هەموو هەستە پاك و مرۆڤانەکانە و لەملاوە لە ڕوی حیسابی چەپەڵی مادییەوە ئەبیتە خێزانی کابرایەکی نەخوێندەواری بۆگەنی خوێڕی؟ ئەو هێشتا تەنانەت نازانێ ئیمزاش بکات! خوشکێ گیان تا درەنگ نەبووە وەرە ئەم پیاوەتیەمان لەگەڵ بکە و لەکەری شەیتان دابەزە!...

دەنگی براکە گۆڕا... چەند جار کۆخی و فرمێسکەکانی پاك کردنەوە و ئیتر چەناگەی کەوتە لەرزین.

_ برا گیان چارەم نیە بەڵێنم پێداوە و ڕێی گەڕانەوەم نەماوە... هەروەها لە هەژاری و چارەڕەشیش ماندوو بووم... چیتر توانای ئەم ژیانەم نەماوە.

_ خوشکێ گیان باشە!... ئێستا کە وای لێهات هەرچی بزانم ئەیلێم، نەمدەویست ڕێزی خۆم لای تۆ لەدەست بدەم. بەڵام چی ئەبێ بابێ! باشترە حەیای خۆم بەرم بۆ ئەوەی خوشکی خۆشەویستم لەچارەڕەشی ڕزگار بکەم. بەڵێ خوشکێ من ئەم فیداکاریە بۆ ڕزگاری و بەختەوەریی تۆ دەکەم. خوشکێ گیان باش گوێبگرە. چەندین ڕازی نهێنیی هاوسەری داهاتووت لەلای منن کە ئەگەر تۆش بیانزانی بە زوترین کات دەستی لێ هەڵدەگریت، نازانی چ نهێنیەکی گەورەن! تۆ نازانی کە من شەوێکیان ئەوم

لەجێگەیەکی ناحەز و چەپەڵ و خراپدا بینیوە! نازانی؟ ناتوانی بیزانی؟ بیلێم؟...

_ بەڵێ ... بەڵێ، پێم بڵێ ئەوت لەکوێ بینیوە؟

برا دەمی کردەوە ئەو نهێنییە مەترسیدارە بدرکێنێ بەڵام ڕووداوەکانی دواتر پێشیان پێگرت. هەر لەم کاتەدا دەرکی ژوورەکە کرایەوە و مێرمنداڵێك بەجلوبەرگی شڕ و چڵکن و پێڵاوی قوڕاوییەوە پاکەتێکی گەورەی بەدەستەوە لەچوارچێوەی دەرکەکە وەستا. مێرمنداڵەکە نیشانەی خاچێکی بەسنگیەوە کێشا و ڕووی کردە براکە و گوتی:

_ دیمیتری ترنتایۆڤیچ سڵاوی لێکردن و ئەمری فەرمو من پیرۆزبایی جێژنی ڕۆژی یەك شەممەتان لێبکەم و فەرمویشی کە ئەم پاکەتە پێشکەشی خودی بەڕێزتان بکەم...

براکە نێو چەوانی گرژ کرد، پاکەتەکەی بەدەستی مێرمنداڵەکەوە گرت و سەیرێکی ناوەوەی کرد. بزەیەکی گاڵتەجاڕانەی هاتێ و پاشان گوتی:

_ دەبێ ئەم پاکەتە چیی تێدا بێت؟ دڵنیام شتێکی بێ نرخ و بێ مانایە! لە کەلەی قەند ئەچێ. حەی حەی کەلەقەندی کارخانەی دەرەجە سێیە. ئەمزانی. ئەمەیان چیە؟ ئا... چایە... وەی چ بۆنێکی ناخۆشی هەیە! چەند قوتوی خۆراکی ساردینیشە. ناپیاوی نەفام بڵێ وازلین بۆ چ دەردێکی من باشە؟ پاکەتێ قاوەشی

ناردووه. خوێڕی نازانێ من قاوه ناخۆم؟ قاوه بۆ تەندروستی خراپە! مێشکی مرۆڤ تێکدەدا! باشە کوڕەکە گیان تۆ ئیتر بڕۆ بە لای کاری خۆتەوە! سڵاوی منیش بە میرت بگەیەنە!...

مێرمنداڵەکە کڕنۆشی برد و چووە دەر. خوشکەکە گورج ڕای کردە لای براکەی و هەردو دەستی گرتە دەستەوە. قسەکانی پێشتری براکەی کاری زۆری کردبووە سەری. هەرئەوەندە وشەیەکیتری ئاوای لەدەمی براکەی بیستبا بۆ هەتاهەتایە دەستی لەکابرای وردەفرۆش و هاوسەری داهاتووی هەڵدەگرت!... خۆشك دەستەکانی براکەی رادەتەکاند و بێ سەبرانە دەیگوت:

_ بڵێ، بڵێ، بۆ ماتڵی؟ تۆ ئەوت لە کوێ دیوە؟! دە ڕاستییەکەم پێبڵێ.

_ ئەی هەی.. ئێوەی ئافرەت چەندە لە سەر شت ئەڕۆن! من گاڵتەم کرد. ئەوم لەهیچکوێ نەدیوە. باشە خوشکێ گیان خودا پشت و پەنات بێت. خۆت چاکتر دەزانی.. هەر چۆنێکت پێ خۆشە وابکە!...

براکەی لەحاڵێکدا کەللەقەندەکەی گرتبووە دەستەوەو نەوازشی دەکرد، هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

_خوشکێ گیان.. هیوام وایە بەختەوەر بیت.

# گەمـــــــــــــــژە

چەند ڕۆژێك لەمەربەر دایەنی منداڵەکانی خۆمم بانگم کرد بۆ ژووری کارەکەم بۆ هەندێ باسوخواستی تایبەت. پێویست بو لەگەڵ یولیاڤاسیلۆنادا حەسێب و کتێب بکەم. کە دایەنەکە هاتە ناو ژوورەکەم، گوتم:

_ یولیاڤاسیلۆنا، تکایە فەرمو با حسێبێکی خۆمان بکەین، دڵنیام تۆ پارەت پێویستە بەڵام لە ڕووت نایێ داوا بکەیت... جا بڕیار وابوو من مانگی سی رۆبڵ بە تۆ بدەم.

_ داوای لێبوردن دەکەم، بڕیارمان چل رۆبڵ بو...

_ نا، سی رۆبڵ بو، من لەناو دەفتەرەکەمدا نوسیومە.

هیچکاتێکیش زۆرتر لەسی رۆبڵم نەداوەتە دایەنی منداڵەکانم، ئێستاش دوو مانگە تۆ لێرە ئیشدەکەیت.

_ ببورن دوو مانگ و پێنج ڕۆژە.

_ ڕاست دوو مانگ... لە ڕووی نوسراوی ناو دەفتەرەکەم دوو مانگی تەواوە. کەوابو تۆ شەست رۆبڵت لای منە. ئێستە لەم ماوەی دوو مانگەدا نۆ ڕۆژی یەکشەموان کەمدەکەینەوە چونکە خۆت دەزانی کوڕەکەی من کولیا، ڕۆژانی یەك شەممە بەلاتەوە

نەبووە و تۆ لەو ڕۆژانەدا ئازاد بوویت. لەم ماوەی دوومانگەدا بێجگە لە یەك شەموان سێ ڕۆژی دیکەی پشوومان هەبووە.
یولیاڤاسیلۆنا هێندە تووڕە و زویر ببو کە ڕەنگی سوورهەڵگەڕا و چەندجار لێوی بزواند بەڵام وشەیەکیشی بە زاردا نەهات...
_ بەڵێ نۆ یەکشەممە و سێ رۆژیش پشوودان... بەم چەشنە دوانزە رۆبڵ کەمدەکەینەوە، چوار ڕۆژیش کولیای کوڕم نەخۆش بوو و پیویستیی بەدایەن نەبوو. سێ ڕۆژیش ددانی خۆت دێشا و ژنەکەم ئیزنی حەسانەوە و پشووی پێدایت... دوانزە و حەوت دەکاتە نۆزدە. واتە نۆزدە رۆبڵ لە شەست رۆبڵ کەمدەکەمەوە... دەبێتە... دەبێتە... چل و یەك رۆبڵ... وایە؟
چاوی لای چەپی یولیاڤاسیلۆنا سور ببو و دلۆپە فرمێسکێکی تێزابو و چەناگەی دەلەرزی... چەندجار بە ڕقەوە کۆخی و بە دەستماڵەکەی، فرمێسکەکانی سڕین و لووتی پاك کردەوە... بەڵام وشەیەکیشی بە زاردا نەهات...
_ شەوی جەژنی سەری ساڵی نوێ تۆ فنجانێکت بە ژێرەکەیەوە شکاند... دوو رۆبڵیش بۆ ئەوە کەمدەکەینەوە، گەرچی نرخی ئەو فنجانە زۆترە چونکە یادگاری بنەماڵەیی بوو بەڵام... بەجەهەننەم، فیدای سەرت، هەر ئەو دوو رۆبڵە دادەنێم... لەم دنیایەدا ئەوەندە لەو چەشنە زەرەرەمان دیوە کە ئیتر لێمان بووەتە عادەت... ئا... بەڕاست بەهۆی کەمتەرخەمی و باش چاودێرینەکردنی تۆوە،

کوڕەکەم چووە سەردارێك و کراسەکەی دڕاند... باشە.. دە ڕۆبڵێش بۆ ئەمە کەمدەکەینەوە... دیسان هەر بەهۆی کەمتەرخەمیی تۆوە ئەو کڵفەتەی تازە هێنابوومان جووتێ پێڵاوی کچەکەمی دزی... هەرچۆنێك بێت لەم بابەتەوە ئەرکی ناوماڵ بە ئەستۆی تۆیە... تۆ دەبێ سەرنج بدەی و نەهێڵی ئەم چەشنە کارانە ڕوبدەن، بۆ ئەم کارانەیە هەقدەست وەردەگریت!... پێنج ڕۆبڵێش لێرە کەمدەکەین... لە ڕۆژی دەی مانگی ڕابردوو تۆ دە ڕۆبڵت لەمن وەرگرت...

یولیاڤاسیلۆنا لەسەر خۆ گوتی:

_ نا من هیچ پارەیەکم لە ئێوە وەرنەگرتوە!...

_ تۆ لەبیرت نیە... من نووسیومە...

_ باشە کە ئێوە ئێستە وا ئەفەرموون من قسەیەکم نیە...

_ لە چلویەك ڕۆبڵ... بیستوحەوت ڕۆبڵ کەمدەکەین، دەبێتە چواردە ڕۆبڵ...

لێرەدا هەردوو چاوی یولیاڤاسیلۆنا سوور ببون و فرمێسکیان تێزابوو، بەسەر لووتی درێژ و ناسکی ئەو کچە گەنجەوە چەند دڵۆپە ئارەقەیەکیش دەبینرا... کچی هەژار تووشی حاڵەتێکی سەرسوڕهێنەر هاتبوو، لەحاڵێکدا فرمێسك گۆنای جوان و سوور هەڵگەڕاوی تەڕکردبوو بەدەنگی لەرزۆك گوتی:

_من تەنیا جارێك پارەم وەرگرتووە. ئەویش تەنیا سێ ڕۆبڵ بوو لە خاتوونم وەرگرت... ئیتر هیچ پولێکم لە ئێوە وەر نەگرتووە.

_ ڕاست ئەڵێی؟ چۆن من ئەوەم لەیاد نەبووە تۆماری بکەم؟... زۆر سوپاست دەکەم... کە وابو سێ ڕۆبڵ لەچواردە ڕۆبڵ کەمدەکەین... کچی ئازیز فەرموو ئەوەش پارەکەت!... بیژمێرە... سێ ڕۆبڵ... سێ ڕۆبڵ... چوار ڕۆبڵ... یەك ڕۆبل، دەبێتە یازدە ڕۆبڵ. فەرموو وەریگرە...

بەڵێ، من یازدە ڕۆبڵم پێدا لەبەرانبەری دوو مانگ کار کردن... ئەویش پارەکەی وەرگرت و بەدەستی لەرزۆك خستیە گیرفانی و پاشان بەدەنگێکی ئارام گوتی:

_ مێرسی!...

من لەجێی خۆم هەستام و بەپەلە لەژورەکەمدا دەستم کردە هاتوچۆ. توڕەییەکی ترسێنەر هەموو لەشی داگرتم. کچی گەنج بەسەرسوڕماوی سەیری دەکردم و نەیدەزانی چ بکا. هەرچۆنێك بوو لەبەرانبەریدا وەستام و گوتم:

_ ئەم مێرسی گوتنەی تۆ بۆچی بوو؟ زوو پێم بڵێ بزانم بۆچی سوپاسی منت کرد؟

_ بۆ پارەکە... بۆ ئەو پوولەی کە پێتاندام.

_ ئاخر ئەی بەندەی خوا چۆن تێناگەی کە من هەڵمخەڵەتاندووی؟ باشتر بڵێم، من بەشی تۆم تالاَن کردووە! دیسان ڕوونتر ئەڵێم، من پارەی تۆم دزیوە! کە واتە ئەو سوپاس کردنە بۆچییە؟

_ ئەی.. گەورەم، بەس نیە ئێوە پاش حەق و حسێبەکە پوڵێکیشتان هێشتەوە بۆم... لەجێگەگەلی دیکە نەك هەر پوڵێکمان بۆ حەقدەس نادەنێ بەڵکو کاتی هەق و حسێب کردن قەرزارباریشمان دەکەن...

_ لەجێگەگەلی دیکە پارەتان پێ نادەن؟ زۆریش جێی سەرسووڕمان نیە! من لەگەڵ تۆدا گاڵتەیەکی بچوکم کرد... ویستم لەژیانتدا ئامۆژگاریەکی تاڵت بکەم... من هەموو ئەو هەشتا ڕۆبڵەی کە حەقدەستی ڕاستەقینەی خۆتە ئەدەمەوە! پێشتریش ئەو پارەیەم ئامادە کردووە و خستوومەتە ناو زەرفێکەوە... سەیری بکە، پاکەتەکە بەسەر مێزەکەوەیە... بەڵام ئایا ئەکرێ مرۆڤ تا ئەو ڕادەیەش کەمڕوو و ستەمکێش بێت؟ بۆچی کاتێ من بەناحەق لە حەقدەستی تۆم کەمدەکردەوە هیچ قسەیەکت نەدەکرد؟ بۆ بێدەنگی؟ ئایا دەکرێ لەم دنیایەدا مرۆڤ زیندوو بێت و لەمافی خۆی پارێزگاری نەکات؟ ئایا دەکرێت مرۆڤ ئەوەندە گەمژە بێت؟ بزەیەکی تاڵ کەوتە سەرلێوی کچە گەنجەکە و من لەو بزەیەدا دەمخوێندەوە کە دەیگوت:

((بەڵێ.. دەکرێ)).

من لەو ئەزموونە تاڵەی کە بەو کچەم دابو و بۆ ماوەیەك ئازارمدابو داوای لێبوردنم لێکرد و هەموو هەشتا رۆبڵە حەقدەستەکەی کە پێشتر ئامادەم کردبوو دایە دەستی. کچی جوان لەوەی کە بۆ یەکەمینجار لەژیانیدا حەقدەستی خۆی بەتەواوەتی وەردەگرت زۆر سەری سوورما... سەری خستە خوارەوە و لەحاڵێکدا بەتەواوەتی خۆیی ون کردبوو لە ژوورەکەم چووەدەرێ!

منیش لە دواوە سەیرێکم کرد و لەبەر خۆمەوە بیرم کردەوە:

" چەندە ئاسانە لەم دنیایەدا ملهوڕی و ستەمکاری! ".

# سەگ.. مرۆڤ.. دانپیانان

مانگەشەوێکی سارد بوو.. ئالێکسی ئیمانۆڤیچ ڕۆمانسۆف قالۆنچەیەکی بە سەر باڵی خۆیەوە دەرپەڕاندو بە بێدەنگی دەرکەی کردەوەو ڕۆیشتە ناو حەوشەیماڵەوە. حەوشەکە تەواو پیس و تاریك بوو. کاتێك لە لێواری چاڵێکی گەورەو بۆگەن تێدەپەڕی، وەك سێرکباز دەستەکانی بەملاولادا بەرز دەکردنەوە و بە جووڵاندنەوەیان هەوڵی دەدا خۆی ڕابگرێت و بەرنەبێتەوە. هەر لەم حاڵەشدا خەریکی فەلسەفە بوو و لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

_ بەڕاستی مرۆڤ چیە؟ بەڵێ مرۆڤ تەنیا خۆڵەمێشێکی بێ بایەخە و هیچیتر!... مرۆڤ مشتێ گۆشت و پێست و ئێسقانە!... بۆ وێنە پارێزگاری لای ئێمە ((پاول نیکۆلایوڤیچ))... بەڵێ، ئەویش لەتۆزێ خۆڵەمێش زیاتر هیچ نیە... بڕست و هەیبەتی ئاشکرایشی هەر شتێکی خەیاڵاوییە... دوکەڵە...تەنیا جارێك فووی لێکە... ئیتر ئاسەوارێکی لێ نامێنێ. لەم کاتەدا دەنگێك بەر گوێی جەنابی فەیلەسووف کەوت:

_ عەو عەو عەو!

ڕۆمانسۆف سەیرێکی دەورو پشتی خۆی کرد و لەولایەوە هەیکەلی زلی سەگێکی بینی... سەگەکە لە ڕەگەزی شینلوو بو کە هێندەی گورگێکی گەورە دەبوو... لە تەنیشت ژووری فەڕاشەکەدا

بەسترابوو بەزنجیرێکەوە و خۆی لەگەڵ زنجیرەکە خەریك کردبوو. ڕۆمانسۆف دیسان سەیرێکی کرد... تۆزێ ڕاماو لەنێو چەوانیدا ئاسەواری سەرسوڕمان بەدیار کەوت. پاشان شانی هەڵتەکاند و سەرێکی لەقاند و بزەیەکی تاڵی ژاراوی سەر لێوەکانی گرت، سەگەکە هەر دەوەڕی:

_ وووووو! عەو عەو عەو!

ڕۆمانسۆف بەنیشانەی سەرسوڕمان دەستەکانی جووڵاندەوە گوتی:

_ تێناگەم!.. تەنانەت تۆش؟ تۆش ئەتوانی بەگژی مرۆڤدا بچیت؟ ئەمە بۆ یەکەمجارە لە ژیانمدا ببینم و ببیبیستم... لەعنەتی خوام لێبێ! بۆچی تۆ نازانی مرۆڤ ئەشرەفی مەخلوقاتە و گوڵی نێو گوڵدانی خیلقەتە؟... ئاخر تۆ سەرنجێك بدە... نابینی؟... زۆر باشە... من دێمە نزیکترەوە... وەرە... جوان سەیرمکە! بۆچی من مرۆڤ نیم؟!... ڕای تۆ چیە؟ ئایا من مرۆڤم یا نا؟ بڵێ بزانم!...

_ڕڕڕڕڕ! عەو عەو عەو! عەو عەو!

ڕۆمانسۆف دەستێکی بۆ لای سەگەکە درێژ کرد و گوتی:

_ دەستت بدەرە دەستی من!... گورجبە دەستتم بدەرێ!... گەورەیی نافەرموون؟... حەزتان لێ نیە؟ باشە پێویست ناکا!... ئێمە وای دادەنێین. جارێ ئیزن فەرموون چەندجار لە قەپۆستان بدەم... ئازارت پێگەیشت؟ قەیدی نیە... لێم زیز مەبە... من لە ڕووی مەیلەوە...

_ عەو عەو... ڕڕڕڕ... عەو عەو عەو!

_ ڕاستە! گازیش ئەگری! زۆر باشە... قەیدی نیە!... ئەمەش وا دادەنێین!... دیارە ئەو بیروڕایەی کە مرۆڤ بە ئەشرەفی مەخلوقات و گوڵی ناو گوڵدانی خیلقەت و سوڵتانی مەزنی هەموو گیانلەبەرەکان دەزانێت، بۆتۆ هیچ نرخ و بایەخێکی نییە، کە واتە ئەتوانین دڵنیابین کە جەنابتان ئەتوانن گاز لەجەنابی پارێزگاریش بگرن!... بەڵێ؟... هەموو کەس لەبەرانبەر پارێزگاردا چۆك دادەدات و سەری ڕێز و کڕنۆشی بۆ دادەنەوێنێ. بەڵام وا دیارە هەموو ئەمانە و پارێزگاریش بەلای ئێوەوە لەگەڵ ئێسقانێکدا جیاوازییان نیە. ئایا مەبەستی ئێوە باش تێگەیشتووم؟ زۆر باشە... وا دەزانم خەیاڵێکی پڕ مەترسی کەوتۆتە مێشکی تۆوە... وڵامم بدەوە، وانیە؟

_ ڕڕڕڕ! عەو عەو عەو! عەو عەو!

_ ئای، هێواش! ... گاز نەگری... ئەرێ چیمدەگوت؟... ئەها... لەبارەی خۆڵەمێشەوە... بەڵێ بەڵێ مرۆڤ لەخۆڵەمێشێك زیاتر نیە... کە فووی لێکەی ئیتر ئاسەوارێکی لێ بەجێ نامێنێ، پف ف ف ف ف! ئەرێ بەڕاست بۆچی زیندووین؟ بەخوێنی پڕ لە نەخۆشیی دایك و باوك دێینە دنیا، ئەخۆین... ئەخۆینەوە... ئەخەوین... ئەخوێنین... زانستە جۆربەجۆرەکان فێر دەبین و لەئاکامیشدا دەمرین. هەموو ئەمانە بۆچی؟ خۆڵەمێش، شتێکی

هیچ و پووچ و بێ نرخ... نا، لەڕاستیدا مرۆڤ گیانلەبەرێکی بەنرخە. ئۆهۆی، جوان گوێبگرە لەگەڵ تۆمە... تۆ سەگیت و لەهیچ تێناگەیت... بەڵام ئەگەر بتتوانیبا بیری ئێمە بخوێنیتەوە و...، لەپسیکۆلۆژیی مرۆڤ سەرت دەر دەچێ؟

ڕۆمانسۆف چەند جار سەری ڕاوەشاند پاشان تفێکی تەڕی کردە حەوشەکە و درێژەی دایێ:

_ بەڵێ ئەی بۆگەن... تۆ وا دەزانی من، ڕۆمانسۆف سکرتێری تایبەتی بەڕێوەبەری گشتی، خاوەنی پلەوپایە، سوڵتانی سروشت و ئەشرەفی مەخلوقاتم؟... نا تۆ هەڵەیت. من بوونەوەرێکی مشەخۆر، بەرتیلخۆر، دووزمان و بەد سروشت زیاتر نیم! بەڵێ من حەیوانێکی بێشەرەفم!...

ڕۆمانسۆف چەند مشتی لەسنگی خۆی کوتا و بەدەم گریانەوە گوتی:

بەڵێ، بێشەرەف... جاسوس و لار و چەوت. تۆ وا دەزانی ((کۆرینوشکین))یان بەبۆنەی منەوە لە فەرمانگە دەر نەکرد؟ ها؟ لەتۆ دەپرسم کێ بوو دوسەد ڕۆبڵی دزی و بە ناهەق خستییە ملی سورکۆچۆف؟ وا دەزانی من نەبووم؟ ئایا جێگەی خۆی نییە بڵێم: چەوت و لار... بێشەرەف... خائین! لەوە دەچێ خۆ ناساندنم تەواو نەبووبێ. ئیزن بدە پاشماوەکەشی بڵێم! دەمتەڕ و زمان

لوس، ئازاردەری خەڵك!... بەڕێز سەگ گوێت لێیە؟ ئەم هەموو نازناوانە هی منن!.

ڕۆمانسوف بە قۆڵی کەواکەی فرمێسکەکانی پاك کردەوە و درێژەی بەقسەکانی دا:

_ ئێستا گاز بگرە... تەنانەت هەنجن هەنجنم بکە و بیشمخۆ... لەوەتی لەدایکبوومە تا ئێستە هیچکەسێك نەبووە قسەیەکی ڕاست و دروستم لەگەڵ بکات. ئامۆژگاریم بکات... هەمووان بەلای خۆیان و لەناو خۆیاندا بە کەسێکی چەپەڵ و بێشەرەفم دەزانن کەچی لەڕووی خۆمدا پێدەکەنن، پیامدا هەڵدەڵێن... بە تاسەوەم، یەکێك هەڵکەوێ و بەتاوانی ئەو هەموو خراپەیەی لەگەڵ ئەو خەڵکەم کردووە قەپۆسم بشکێنێ... یا هیچنا چەند جنێوی تەڕم بداتێ... کەچی کەسێکی ئاوا بوونی نییە. نا، هەڵناکەوێ... سەگی ئازیز وەرە تۆ گازم لێبگرە... نۆشی گیانت بکە... وەرە ئەم کابرا بێ مانا و ئەم گیانلەبەرە چەوت و چەپەڵە ئەنجن ئەنجن بکە... وەرە گازم لێبگرە... نۆشی گیانت بکە... وەرە ئەم خائینە بێشەرەفە بخۆ!...

ڕۆمانسۆف چڵاکەیەکی کرد و بەسەر سەگەکەدا کەوت.

_ ئافەرین... ئاوا... باریکەڵڵا... هەر ئاوا... ڕومەتم لەتلەت بکە... هیچ بەزەییت پێمدا نەیێتەوە! هەرچەندە ئازاریشی زۆرە بەڵام تکات لێدەکەم هەر کارێکت پێخۆشە بێ بەزەییانە لەگەڵمدا

بیکە... نەکەی زکت پێم بسووتێ و بکەویتە بیری لێبوردن و بەخشین... وەرە دەستەکانم بخۆ... ئەها.. خوێن هات، پیاوی بێشەرەف بگرە ئا ئەوە سزای تۆیە... زۆرباشە، سوپاس.. سوپاس. پاڵتاوەکەش بدڕێنە. ئەویشم بەپارەی بەرتیل کڕیوە... دۆستێکی نزیکم بە گرتن دا و بەپارەی ئەو کارە، ئەم پاڵتۆیەم کڕی... شەپکەکەشت لەبیر نەچێ... ئیتر با بەس بێت... بەستە، ئیتر کاتی چونەوەیە بەرەو ماڵ. سەگی ئازیز خوات لەگەڵ. شەو باش. لەوەی کە زەحمەتم دای زۆر داوای لێبوردنت لێدەکەم...

_ ررررر! عەو عەو! عەو!

ڕۆمانسۆف لەسەر زەوییەکە هەستا و چەندجار دەستە خوێناوییەکانی بەسەر سەگەکەدا هێنان و قاچی بردە بەردەمی تا بۆ دوایینجار گازێکی توندی لێ بگرێ، پاشان خۆی بەپاڵتۆ شڕشڕ کراوەکەیەوە پێچا و شەلەشەل و بە لەتر دان بەرەو دەرکی ماڵەکەی کەوتەڕێ. نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی کەلەخەو هەستا شتێکی سەیری بینی.

هەموو دەست و قاچ و سەر و ڕوی باند پێچی کرابون و ژنەکەی لەپاڵ قەرەوێڵەکەدا لەگەڵ دکتور وەستابوو و هەردوکیان بەترس و سەرسوڕمانەوە سەیری ئەویان دەکرد.

* * *



**چیخۆف و هاوسەرەکەی، ئۆلگا کنیپەر/١٩٩١**



**گۆڕەکەی چیخۆف**


وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی
رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر
دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی
MUKIRYANI ESTABLISHMENT
FOR RESEARCH & PUBLICATION
www.mukiryani.com
٢٠١١
چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری